# گوڵچن

ژمارە (٣) زستانی ٢٠٢٣
گۆڤارێکی وەرزیی فەرهەنگی گشتییە



د.مارف عومەر گوڵ
تەمەنێک لە خزمەت
ئەدەب و زانستدا

## "گوڵچن" د. ڕەفیق سابیر و کەژاڵ ئەحمەد کۆدەکاتەوە





- شانۆی مۆدێرن و تەکنەلۆژیا
- کێ نەخۆشە؟
- برینا شەوتینێ

## ئارام سدیق: نوسەر چەند هەوڵی خۆنووسینەوە بدات ئەوانی دیکە دەنووسێتەوە

# گوڵچن

ژمارە (٣) زستانی ٢٠٢٣
گۆڤارێکی وەرزیی فەرهەنگی گشتییە

خاوەنی ئیمتیاز
هەڵوێست نەریمان

سەرنووسەر
هەڵمەت هۆشیار

بەڕێوەبەری نووسین
کاروان عوسمان شوانی

نووسەرانی ڕاوێژکار:
سەروەر سەعدوڵا
ڤان شێرزاد
هیوا جەلال
شاڵاو خالد

تۆڕی کۆمەڵایەتی
گوڵچن gullçin
07701929985
Gmail/ g.gullcin@gmail.com
هەرێمی کوردستان/ سلێمانی / چەمچەماڵ

دیزاین: جەلیل حسێن
چاپ: چاپخانەی بینایی

هەواڵنامەی کتێب

# بابەتەکان

## سەروتار

- گوڵچن و جینۆساید / هەڵمەت هۆشیار.......................5

## وتار

- هەر هەنگاوێک بەرەو شیعر هەنگاوێکە بەرمو جوانی و ئازادی / ڕەفیق سابیر ..........6
- تەمەن شەپۆلە ڕاماندەماڵێ / شێرزاد حەسەن رەزا..........................14
- گۆڕان و فراوانبوونی ئەرکەکانی زمانی کوردیی /د. مستەفا ڕەزا مستەفا..................19
- چاوا زمان دهێتەگوهۆڕین؟ / مەدینا مەحمەد ..................................24
- بۆچی (داهێنان، یاخیبوون وژن)؟/نەوال ئەلسەعداوی-و/ڕۆژا حەمە ساڵح.............27
- بلیمەتێک لە زەمەنێکی هەڵەدا / کاروان عوسمان شوانی ..........................34

## چاوپێکەوتن

- مامۆستا هێمن: مان و نەمانی من موهیم نییە/سەروەر-هەڵویست....................37
- ئارام سدیق: بەشێک لەنووسەران ناتوانن بەبێ نووسین بژین/ هەڵمەت هۆشیار.......40

## وێژە

- وەک دڵۆپێکی سەرکێش / کەژاڵ ئەحمەد.........................45
- برینا شەوتینێ / سەربەست سەعید................................48
- بەینی من و تۆ / مامە پیرە......................................51
- "چەند وەرزێک.../ئەحلام موستەغانمی/و: د. هەڤین کەمال.....52
- کێ نەخۆشە؟ / گۆران سەباح ...................................54
- کریستیانۆ / کوردۆ شابان .......................................56

## هزرو فەلسەفە

- بەهای هونەر لای چەند بیرمەندێک / رەنگین سەڵاحەدین ......58
- حەقیقەت / لە عەرەبییەوە: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ............62

## هونەر

- شانۆی مۆدێرن و تەکنۆلۆژیا / د. فازل جاف .........................65
- خۆپاراستن / گۆران محەمەد فقێ ..............................69
- ئۆپەرێتی: گۆرانیی پیتەکان / عەلی حەمەڕەشید بەرزنجەیی ..........72
- مەقام (دەستگاە) / شێروان کەرکوکی...........................78
- سەدەیەک لە سینەما / سوزن سۆنتاگ / و: دالیا رەئوف فەتاح ..........81

## هەمەرەنگ

- ئالیتا ئاندرا ، وێنەکێشێکی جیهانیی / رەزا شوان ...................86

سەروتار

# گوڵچن و جینۆساید



هەڵمەت هۆشیار - سەرنووسەر

هەستکردن بە بەرپرسیاریتی، بەرامبەر دۆسییە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان، وەکو: (زمان و کلتوور، مێژوو و خاکەکەی، خەبات و قوربانیدانەکەی ... هتد) کۆڵەکەی گرنگی لە دایکبوون و بەردەوام بوونی گۆڤاری (گوڵچن) ە، لەو ڕوانگەیەوە، لە سێ ژمارەی پێشووی گۆڤارەکەدا بابەتیانە و دوور لە هەر ناسین و ناوێک، هەوڵماندواە بابەتەکان لە بێژنگ بدەین و تەتەڵەیان بکەین، جوانترین و بەبایەخترینیان بڵاوبکەینەوە.

ئەنفال و جینۆساید دۆسیەیەکی گرنگە و پەیوەستە بە تاک بە تاکی نەتەوەکەمانەوە، لای ئێمەش پێگەیەکی باڵای هەیە، ستافی گۆڤاری (گوڵچن) بڕیاریداوە ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، ژمارەیەکی تایبەت بێت، لە ڕۆژی ١٤/٤ بڵاودەکرێتەوە، تەواوی بابەتەکانی تەرخان دەکرێت بۆ جینۆسایدی گەلی کورد بە گشتیی و پرۆسەی ئەنفال بە تایبەتیی.

داواکارین لە خاوەن قەڵەم و ڕۆشنبیران، نووسەران و توێژەرانی بواری جینۆساید و ئەنفال بە بابەت و توێژینەوەکانیان کۆمەکی گوڵچن و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بکەن، تا ١٥/٣ بابەتەکان بنێرن بۆ گۆڤارەکە.

دەمانەوێت هەمووومان پێکەوە ئەگەر خزمەتێکی بچوکیش بێت لە ڕێگەی (گوڵچن)ەوە بەو دۆسیەیە بکەین.

## ستایشی شیعر

# هەر هەنگاوێک بەرەو شیعر هەنگاوێکە بەرەو جوانی و ئازادی



ڕەفیق سابیر

شیعر هونەرێکی زمانی و داهێنانە لە زماندا. تواناى زمان، سروشتی فرەڕەنگی و فرەماناییی زمان، لە شیعردا دەردەکەون. زمانی شیعر، ئامرازی پێوەندیکردن نییە، شاعیر ڕوونکردنەوە، لێکدانەوە و زانیاریی نادات، لەجیاتیان ئازادانە و بە شێوازی جیاواز زمان بەکار دەهێنێت، تواناى داهێنەرانەی زمان زۆرتر دەکات. زمان لە ئامرازی پێوەندیکردنەوە دەگۆڕێت بە هونەرێکی ئەدەبی، بەم کارە گەشە بە زمان دەدات و بەرەو ئاستێکی بڵندتری دەبات. تێڕوانیی هەر شاعیرێک لەبارەی شیعر، ڕەنگە لە ئاستی ئێستێتیکیی شیعرەکانیدا، لە زمان، ستایل و دنیابینی شیعرییدا، ڕوونتر ببیندرێت.

لە شیعردا سنووری زمان فراوان دەبێت، کەچی لە واتا و لە دەربڕیندا چڕ و پوخت دەکرێتەوە.

شیعر لە چەند لاوە هونەرێکی دوولایەنەیە:

شیعر لە دەنگ و وێنە پێکدێت، وەک بابەت لەبارەی شتگەلێکە هەم بیندراو، یان هەستپێکراو، هەم ئەزموونکراوە. کاتێک شاعیر لە بارەی شتێک دەنووسێت، لە دەرەوەی ئەو شتە سەرنجیدەدات و تێیڕادەمێنێت، لە هەمان کاتدا لەگەڵی دەژی و هەستی پێدەکات. شیعر هەم لایەنی دەروونیی مرۆڤ و هەم دیاردە جیاوازەکانی دەوروبەر و ژیان وێنا دەکات.

هەروا شیعر کارێکی بەئاگایانە (هۆشدارانە) و بێئاگایانە (ناهۆشدارانە)یە. شاعیر بێئاگایی (لاوعی)

خۆی بە جۆرێکی هۆشدارانە، لە فۆرمێکی هونەریی شیعریدا، دەردەبڕێت. فانتازیا سەرمایەی گرینگی شاعیرە، بەڵام هزر و دەوروبەریش سەرچاوەی بەپێزی شیعرن. شیعر وەک هەر هونەرێک، ڕێسا، لۆجیک و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە پشت بە زانیاری و ڕۆشنبیریی دەبەستێت، کەچی لایەنێکی گرینگی شیعر ئەو توخمانەن کە ناتوانین لە ڕێگەی خوێندن و زانیارییەوە فێریان ببین، چونکە لە ڕامان، خەیاڵ، هەست و ئیلهامەوە دێن.

زمان هەر وشە-دەنگ نییە، بەڵکو سیستمێکی ئاخاوتن و ئامرازی بیرکردنەوە و گەیاندن و مەیدانی داهێنانی شیعری، ئەدەبی و هزرییە. وشە- پەیڤ وەک ڕەنگ یان بەرد، ئاسن، دار و ماتریاڵی تری ناو سروشت، پاسیڤ و بێ لایەنن، بەڵام وشە لە شیعردا، مانەندی ڕەنگ و ماتریاڵی سروشت لە هونەری نیگارکێشی و پەیکەرتاشیدا، بە بۆچوون و هەست و هزری مرۆڤ جۆش دەدرێن، مانای نوێ و ژیانی نوێ و ناوی نوێیان بە بەردا دەکرێت و دەگۆڕدرێن بە شیعر- هونەر. بۆیە داهێنان و تایبەتمەندیی هەر شاعیرێک، لە بنەڕەتدا، لە زمانەکەیدا، لە شێوازی بەکارهێنانی داهێنەرانە و تایبەتییانەی زمانەکەیدا دەبیندرێت(١).

زمانی شیعر جیاواز، پوختە و بژارکراوە، زمانێکی ناڕاستەوخۆ، پڕ مێتافۆر و وێنەی تری شیعرییە. لە شیعردا وشە مانا قامووسیی خۆی تێدەپەڕێنێت و دەتوانێت چەند مانای نوێ و جیاواز بەخۆی بگرێت. لە چەند شیعری مندا وشەیەک چەندان جار، بە واتای جودا و بۆ مەبەستی جۆراوجۆر، دووبارە بوونەتەوە، وشەکە وەک سیمبول، یان ئاماژە بۆ بابەت و هزری جیاواز بەکارهێندراوە، ماناکەی بە پێوەندیی لەگەڵ بابەت، شوێن و ڕووداوەکەدا، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە ڕەخنەگری جیدی و شارەزا دەتوانێت دەرکی پێبکات. نووسەری سوێدی شاشتین هۆگبووم یوهانسۆن، لە وتارێکدا لەبارەی کۆمەڵەهۆنراوەی وەرزی سەهۆڵبەندان، کە شاعیر و نووسەر گۆران مەریوانی کردوویەتی بە سوێدی، نووسیویەتی:

(ژمارەیەک وشەی سەرەکی لە شیعرەکاندا هەن، کە دەگۆڕێن و لە دۆخی تازەدا بەکار دەهێندرێنەوە و مانای تازەیان پێ دەدرێت. "هەور" لەوجۆرە وشانەیە. ڕەنگە مەبەست لە وشەکە ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی بێت، کە لە شیعرەکەیدا -پەڵەهەورێک لەناو پانتۆڵدا، بە بیرە بوێر و شۆڕشگێڕانەکانییەوە، لە جێیەکی زۆر بڵندە. توربیۆرن سیففێ و گۆران مەریوانی، هەردووکیان، باسی پێوەندیی نێوان مایاکۆڤسکی و ڕەفیق سابیر دەکەن. "شەپۆل و برووسکە" دوو وشەی ترن کە لە دووبارەکردنەوەیاندا مانای نوێیان پێ دەدرێن. بەڵام لە هەموو وشەکان باوتر، وشەی "نهێنی"یە، کە لە کۆمەڵەشیعرەکەدا بە کار دەهێنرێتەوە. وشەکە لە عەدەمەوە دێ، لەناو چەند چاوێکدا دەتروسکێتەوە، بە شێوەیەکی سیحری دەتگرێ و زۆر جار بە ڕووناکییەوە دەبەسترێتەوە. "نهێنی" ئاماژەیە بەوەی کە شتێکی نادیار هەیە و مرۆڤ بەرەو پێشەوە دەبات. شتێک کە دەبێت ئاگامان لێی بێت و بیپارێزین."٢"

لە نووسینی شیعردا زۆر پەنا بۆ مێتافۆر و وێنەی شیعری دەبەم، چونکە بە بنچینەی زمانی شیعریی دەزانم، کە مانای نوێ، وتن و دەربڕینی نوێ لە زماندا دادەهێنێت. زمان لە فۆرمێکی نوێدا دەردەخات، سنووری دەربڕینی بەرینتر، ئاسۆکەی ڕەنگینتر و هزر و فانتازیای مرۆڤ ئازاد و فراوانتر دەکەن. هایدیگەر و نیتشە هەردووکیان لە تێکستە فەلسەفییەکانیاندا، پەنایان بۆ مێتافۆر و زمانی شیعر بردووە، (لە هەندێ شوێندا مێتافۆر بەسەر نووسینەکانی نیتشەدا زاڵە، کە لە هۆنراوە جیاناکرێتەوە. ئەم نزیکبوونەوەی فەلسەفە لە هۆنراوەوە لەو بۆچوونەوە سەریهەڵداوە، کە نیتشە و هایدیگەر بانگەشەی بۆ دەکەن، زمانی فەلسەفە و هۆنراوە بە یەک جۆر دەربڕین دادەنێن. هایدیگەر، وەک نیتشە، فەلسەفە و هونەر لە هونەریشدا، بە تایبەتی هۆنراوە بە هێزێکی ڕزگاریکەر دادەنێت)"٣"

شیعر و فەلسەفە لە چەند لایەنی ترەوە پێوەندییان پێکەوە هەیە، هەردووکیان پڕن لە هزر و فانتازیا، کە بەرەو بیرکردنەوە، ڕامان و پرسینمان دەبەن.

هەردووکیان لە ڕێگەی زمانێکی چڕ و تایبەتەوە، بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێن، بایەخ بە لایەنی وجودی، هزری، ڕۆحیی مرۆڤ دەدەن، سوود لە میتافۆر و سیمبول وەردەگرن.

شیعر و فەلسەفە، سروشتێکی کەونیيان هەیە. فەلسەفە بایەخ بە پرینسیپەکان دەدات، شیعریش، وەک ئەریستۆ تالیس دەڵێت، لە تایبەتەوە بەرەو گشتی دەچێت. شیعر و فەلسەفە، هەردووکیان دەتوانن سەرنجمان بەلای شتە سادە و ئاساییەکاندا ڕابکێشین و هانمان بدەن، بە بایەخەوە بۆیان بڕوانین و لێیان ورد بینەوە.

شیعر و فەلسەفە بەدوای هەقیقەتدا دەگەڕێن. لەم کارەشدا فەلسەفە پشت بە عەقڵ و لۆجیک دەبەستێت، بەڵام لە هەست، کە بنچینەیەکی بەهێزی شیعرە، بەدوور نییە، شیعریش لۆجیکی خۆی، ڕێسا، تەکنیک و پرینسیپی خۆی هەیە، کە لە ژانرە ئەدەبییەکانی تر جیای دەکەنەوە. بۆیە هەست و لۆجیک دوو خاڵی تری هاوبەشن لەنێوان شیعر و فەلسەفەدا.

بێگومان شیعر و فەلسەفە دوو بابەتی جیاوازن. بەڵام شیعر لە کۆنەوە، لە سەردەمی بابلییەکان و گریکەکانەوە، بوارێکی گرینگی هزری فەلسەفی بووە، مرۆڤ هزر و ڕامانی خۆی لەبارەی بوون، ژیان، سروشت و مردن، خەونی نەمری و ئاواتی زیندووبوون (خلود)ی لە فۆرمی شیعردا داڕشتووە. هزریش یەکێکە لەو بابەتانەی فەلسەفە و شیعر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، مەسەلە هزرییەکان لە شیعردا بە شێوازی شاعیرانە و لە فەلسەفەشدا بە میتۆدی فەلسەفییانە باس دەکرێن. هزر و هەستی فەلسەفی و فانتازیای شیعریی، لە فەزای شیعردا دەتوانن دوورتر بڕۆن. شیعر، بە هۆی ڕیتم و وەزنەوە، کاریگەرترە و ئاسانتر لەبیر دەمێنێت. چەندان تێکستی فەلسەفی و شیعریی نیتشە ئاوێتەبوونی هزری فەلسەفی و شیعرن، کە بە زمانێکی تایبەتی پڕ لەمیتافۆر نووسراون، تیایاندا فەلسەفە و شیعر پێکەوە کۆک، گونجاو و تەواوکاری یەکترن و جیا ناکرێنەوە.

**زۆر بە دەگمەن شاعیری ڕاستەقینەی کورد بەرەی دوژمنی گرتووە، یان چۆتە بەرەی ستەم دیکتاتۆریا. بە پێچەوانەوە زیندان و ئاوارەیی و هەژاریی، بەشێک بوون لە چارەنووسی ئەوان**

بەشێکی گرینگی ئەزموونی سۆفیگەری لە ڕێگەی شیعر و زمانی شیعرییەوە خۆی دەرخستووە، هزر و دنیابینیی سۆفیگەریی بەرەو پێش بردووە. سۆفییەکان، لە ڕەوشی گەڕان بەدوای هەقیقەتی ڕەها و یەکێتیی بوون، بە جیهان و مرۆڤیشەوە، پەنایان بۆ شیعر و زمانی شیعریی بردووە، وەک زمانێکی نموونەیی، کە پشت بە سیمبول، میتافۆر، ئیحا، ڕیتم و ئاماژە دەبەستێت. ئەوینی بێسنوور، کە لای سۆفییەکان لە عیشقی شەراب و گوڵەوە تا خوداوەند دەگرێتەوە، ڕەنگە هەر بە زمانی شیعر، زمانی پڕ لە میتافۆر، سیمبوڵ و هێما بتواندرێت باس بکرێت. تێکستەکانی حەلاج، ئیبن عەرەبی، مەولانا جەلالەدین، یان شیعرن، یاخود بە زمانێکی ڕیتمدار و پڕ وێنەی شیعریی نووسراون. شیعرەکانی مەلای جزیری، مەولانا خالید، مەولەوی و مەحوی نموونەی داهێنەرانەی تری ئاوێتەبوونی هزری سۆفیگەری و زمان و هونەری شیعرین لە ئەدەبی کوردیدا.

کەواتا وەک چۆن شیعری فەلسەفییانە هەیە، فەلسەفەی شیعرییانەش هەیە.

من لەڕێی شیعرەوە هۆگری فەلسەفە بووم. پایزی ١٩٨٢ کاتێک بۆ تەواوکردنی خوێندن چوومە بوڵگارستان، بڕیارم دا بە شێوەیەکی مەنهەجی و زانستی فەلسەفە بخوێنم. دوکتورنامەکەشم لەبارەی ڕۆڵی کولتوور لە پێکهێنانی هۆشیاریی نەتەوەی

کورد نووسی.

*

هەر هەنگاوێک بەرەو شیعر هەنگاوێکە بەرەو ئازادیی، هەنگاوێکە بەرەو جوانیی. شیعر هزرمان ئازاد و هەستی ئازادیمان گەشە پێ دەدات، خولیای ئازادبوونمان بەتین دەکات، هانمان دەدات داکۆکیی لە ڕاستی، داد و ئازادیی بکەین. ڕێکەوت نییە کە بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریا، ستەم و بێدادیی، سەرەتا لە شیعردا دەردەکەون. لە دەمی داگیرکاریدا شیعر، لەناو ژانرە ئەدەبییەکاندا، دەبێتە پێشەنگی ئەدەبی بەرگریی. سەرەتاکانی بیری ڕۆشنگەریی و ئازادیی، خەونی نوێخوازی و یاخیبوون لە هزری بەردین و نەریتی دەقگرتووی ئەدەبی و ئاینی و بەرەنگاربوونەوەی ستەمی دەزگا ئاینییەکان، سەرەتا لە شیعردا چەکەرەی کردووە، شاعیران لەو دیاردانە یاخی بوون، ڕەنگە حاجی قادری کۆیی و شاعیرانی هاوشێوەی ئەو، بەڵگەی ئەم بۆچوونە بن. سەرەنجام شیعر، لە ئەدەبی کوردیشدا، کرا بە ئامرازێکی خەباتی هزریی، ڕووناکبیریی و ئازادیخوازیی. دیارە ئەمە بە قازانجی شیعر نەبووە، بەڵام بۆ کاتی خۆی، کە میدیا و دەزگای بڵاوکردنەوە نەبوون، گرینگ و کاریگەر بووە، واتا سوودی بۆ ئینسان، ئازادی و ژیان هەبووە، لەوەش زیاتر حورمەت و پێگەی کۆمەڵایەتیی قایمتری داوە بە شاعیر، کە خەڵک لە ڕۆژە سەختەکاندا چاوەڕوانییان لەوان هەبووە، تا ئەمڕۆش ئەم جۆرە چاوەڕوانییە کەم تا زۆر، لە شاعیر و نووسەری کورد دەکرێت. بۆیە زۆر بە دەگمەن شاعیری ڕاستەقینەی کورد بەرەی دوژمنی گرتووە، یان چۆتە بەرەی ستەم دیکتاتۆریا. بە پێچەوانەوە

**وەک چۆن شیعری فەلسەفییانە هەیە، فەلسەفەی شیعریانەش هەیە**

زیندان و ئاوارەیی و هەژاریی، بەشێک بوون لە چارەنووسی ئەوان. مێژووی شیعری کوردی و هەڵوێست و چارەنووسی زۆر شاعیری کورد، ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەسەلمێنن.

زۆر جار لە بەرانبەر ستەم و بێدادی و هەندێک ڕووداودا، کە پەیوەندیی بە ژیانی هەمووان، یان زۆرینەی خەڵکەوە هەبووە، لە خۆم پرسیوە دەبێت، وەک مرۆڤ و شاعیر، چی بڵێم؟ یان چۆن ڕەفتار بکەم؟ من لە ژیانمدا هەر هەڵوێستێکی بەرهەڵستکارانەم هەبووبێت، بە پێشمەرگایەتیشەوە، هەر کارێکم بە قازانجی گشتیی کردبێت، هەر باس و بابەتێکی ڕەخنەگرانەم نووسیبێت، لە بەر ئەوە بووە، چونکە نەمتوانیوە نەیکەم و نەینووسم، بۆیە نە خۆمی پێ هەڵدەنێم، نە منەت بەسەر کەسدا دەکەم. ئەوانەی لە نزیکەوە من دەناسن، دەزانن من حەزم لە خۆهەڵکێشان نییە. بەڵام لێرەدا دەمەوێت بڵێم شیعر و نووسین تێڕوانینی منیان لەبارەی ژیان، کۆمەڵ و وڵات ڕوونتر کردووە، زۆر جار وەک قیبلەنمایەکی ئەخلاقی و ویژدانییش، کۆمەکم دەکەن، بۆ ئەوەی بەرپرسانە بۆ ڕووداو و دیاردەکان بڕوانم و هەڵوێستی خۆمیان لەبارەوە دیارییکەم.

شیعر وەک هونەر و ئیستێتیکا، لە ژیانی نەتەوە و لە بواری کولتووری و زمانییشەوە، بایەخدارە و دەکرێت بە ئاوێنەیەکی ڕۆحیی نەتەوە دابندرێت. گیانی نەتەوە، خەون و ڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان، مردن، ئەوین، بوون، سرووشت و جوانی، لە شیعردا (شیعری فۆلکلۆری و نووسراو) دەردەکەون. زمانی نەتەوە، لەڕێگای شیعرەوە، گۆڕانی بەسەردا دێت، گەشەدەکات، پێشدەکەوێت، بە هەزاران وشەی نوێ، دەربڕین و مێتافۆری تازە و وێنەی تری شیعری، کە یەکەمجار لە شیعردا دەردەکەون، دەوڵەمەند دەکرێت، زمان توانای داهێنەرانەی خۆی دەنوێنێ و جۆش بە هزر و خەیاڵ دەدات. ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی دەیسەلمێنێت کە بوژانەوەی شارستانیەتی، زمانی، کولتووری و سەرەتای هەست و خۆناسینی نەتەوەیی لە هەندێک

وڵاتدا، لەوانە لە کوردستان، لە شیعردا دەرکەوتوون. زمانی کوردیی، لە سێ هەرێمی کوردستاندا، باکوور، ڕۆژهەڵات و باشووریی کوردستان، لە زمانی ئاخاوتنەوە گۆڕدراوە بە زمانی نووسین. لە سەردەمی میرنشینی بۆتان، ئەردەڵان و باباندا، زمانی کوردیی لەڕێگای شیعرەوە، وەک زمانی نووسین و ئەدەبیات، بە شێوەزاری کرمانجی، دواتر گۆران (هەورامی) و دواتریش کوردیی ناوەڕاست، دەرکەوتن و گەشەیان کرد. ئەم دیاردەیە، گۆڕینی زمانی پەیڤین بۆ زمانی نووسین، بە هۆی شیعرەوە، لە لای چەند نەتەوەی تریش دەرکەوتووە."٤"

شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمانەی کوردستان، لە مەلای جزیری و خانییەوە بۆ مەولەوی و بێسارانی و خانای قوبادی، تا نالی و کوردی و سالم و حاجی قادر و مەحوی و شاعیرانی تر، بە نموونەی بەرزی شیعری کلاسیکیی کوردی و ڕۆژهەڵات دادەندرێن. لە ڕێگەی ئەو شیعرانەوە هونەری شیعر، مەجاز و ڕەوانبێژی و وێنەی شیعری و جۆرەکانی کێش و قافیە..تاد، لە ئەدەب و زمانی کوردیدا، چەسپێندران. لەو شیعرانەدا بە ژیانی هزری، ڕۆحی، کولتووریی، کۆمەڵایەتیی و ئەتنۆگرافیی کۆمەڵی ئەو سەردەمانەی کوردستان ئاشنا دەبین و سەرەتاکانی دەرکەوتنی هەست و خۆناسینی نەتەوەیی دەبینین.

شیعر، لە هەمان کاتدا، بۆ من کارێکی ئێستێتیکی، ڕووناکبیریی و سەرچاوەیەکی ئارامیی ڕەوانی و خۆشی و ئاسوودەییە.

هەر هەنگاوێک بەرەو شیعر هەنگاوێکە بەرەو جوانی. شیعر بە جوانیمان ئاشنا دەکات، ڕۆح و هەست، هزر و خەیاڵمان گەشە پێ دەدات. ڕۆحێکی هۆگری شیعر و هونەر دەتوانێت ئازاد، جوان، ژیاندۆست، مرۆڤدۆست و ئەوینپەروەر بێت، خۆی لە ئیرەیی، کینە و توندوتیژی بەدوور بگرێت، ئارام و ئاسوودە و ڕەنگە بەختەوەریش بێت. شیعر سەرچاوەیەکی جوانییە، جوانی دیارییەکی دەگمەنی سروشت و ژیانە، جوانی دەسەڵاتە، ئارامی و ئاسوودەییە.

**لە هەر کوێیەک ژیان هەبێ**
**جوانیی لێیە**
**بە هەر جێیەک بگەین**
**نەگەین**
**لەوێ جوانی چاوەڕێیە**
**هەر تەمەنێک و جوانیی خۆی،**
**جوانی هاوڕاز و هاوڕێیە.**

**جوانی جمکی بەختیارییە**
**ڕوون وەک ئەوین**
**سادە وێنەی ڕووناکییە.**
**جوانی وەک ژیان دیارییە.**

**دەروێشانە وەک دێوانە**
**بەرەو پیری جوانی دەڕۆم**
**منداڵانە، عاشقانە**
**لەبەر گزنگدا بەڕووتی ڕادەکشێم و**
**دڵم دەشۆم.**

**

باسکردنی شیعر، بە بێ ئاماژەدان بە ڕەخنەی ئەدەبی، دەشێت باسێکی ناتەواو بێت، چونکە ئەم دوو ژانرە ئەدەبییە پێوەندییەکی نێوخۆییان لەگەڵ یەکتر هەیە. ڕەخنەی ئەدەبی دەتوانێت ئاستی هونەریی شیعر دەربخات، لە گەشەپێدان و گۆڕینی شیعر، پێشخستنی هەست و هۆشیاریی جوانناسی خەڵک، کاریگەر بێت.

مێژووی شیعری کوردیی لە پێنج سەد ساڵ نزیکدەبێتەوە، بەڵام تا ئێستا ڕەخنەی ئەدەبی لە سەرەتادایە. سەدان ساڵ شیعری کوردی، بەجیا لە ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەب، گەشەی کردووە، نەریت، ڕێسا و پرینسیپی ئێستێتیکیی خۆی چەسپاندووە. چونکە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، تەنیا شیعر بە زمانی کوردی نووسراوە. بابەتی تری هزری، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتووری، بە زمانانی عەرەبی، فارسی، تورکیی عوسمانی بوون. بۆیە ڕەخنەی ئەدەبی لە کوردستان ساوایە، هێشتا، وەک ژانرە

ئەدەبییەکانی تر، شێواز، تایبەتمەندی و نەریتی خۆی نەچەسپاندووە. بە دەگمەن لە نووسینی ڕەخنەییدا، تیۆری و میتۆدی مۆدێرنی ڕەخنەی ئەدەبی پێڕەو دەکرێن.

ڕەخنەی ئەدەبی زانست و هونەرە، زانستە لە بەر ئەوەی پشت بە تیۆری و میتۆدی تایبەت دەبەستێت، هونەرە چونکە گیانێکی نوێ بەبەر تێکستدا دەکات، یان وەک هەندێک دەڵێن تێکستەکە بەرهەم دەهێنێتەوە. لە هەمان کاتدا ڕەخنەی ئەدەبی بەرپرسیارییە، چونکە ئێتیک و ڕەوشتی تایبەت بە خۆی هەیە. ڕەخنەگری ئەدەبی، بە جۆرێکی ئۆبجێکتیڤانە و بەرپرسانە، لە تێکستی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و لایەنی ئێستێتیکی و بایەخی تێکستەکە دەردەخات، ئاستی هۆشیاریی ئەدەبیی خوێنەر دەباتە سەرێ. بەشێک لەم جۆرە ڕەخنانە سروشتێکی ئەکادیمیان هەیە، لە زانکۆ و ناوەندی لێکۆڵینەوە دەنووسرێن و بڵاودەکرێنەوە. تیۆرییە ئەدەبییەکان، لە دنیادا، لە زانکۆکانەوە سەرهەڵدەدەن، میتۆد و پرینسیپیان دیاریدەکرێن. زانکۆکانی کوردستان لەبواری ڕەخنەی ئەدەبی و ناساندنی تیۆری و میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی، زۆر هەژار و کەمتەرخەمن، بۆیە بە تەواوی لە ژیانی ئەدەبیی، هونەریی و هزریی دابڕاون. ڕاستییەکەی تەنانەت لە بواری زانستیی، پزیشکیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، سایکۆلۆجیی و بواری تریشدا شوێنپەنجەیان دیار نییە. ئەو باس و توێژینەوانەی لە زانکۆکانی کوردستان، لە هەر بوارێکی ئەدەبیات و تێکڕای زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنووسرێن، زیاتر بۆ وەرگرتنی تایتڵی ئەکادیمییە، نەک بۆ بەشداریکردن و گەشەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، زانستی و بزاڤی ئەدەبیی و ڕووناکبیریی. شێوازێکی تری ڕەخنەی ئەدەبی ئەو جۆرە نووسینانەن، کە نووسەرێک، بە پشتبەستن بە خوێندنەوە و ئەزموونی ئەدەبیی خۆی و هەندێک زانیاری گشتی، وتارێک لەبارەی بەرهەمێکی ئەدەبی دەنووسێت. لەم ڕێگەیەوە خوێنەر هاندەدرێت بەرهەمە ئەدەبییەکە بناسێت. ئەم جۆرە نووسینانە، کە زیاتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، کاری باشن، بەو مەرجەی بە جۆرێکی ئۆبجێکتیڤانە نووسرابن و مەبەستی تاکەسییان لەپشتەوە نەبێت.

کاتێک میتۆد و ڕەوشتی ڕەخنەی ئەدەبی و هەستی بەرپرسیاری پێڕەو ناکرێن، ڕەخنەی ئەدەبی دەشێوێندرێت، بۆ ستایشکردن، یان وەک چەکێک بۆ پەلاماردانی نووسەرانی تر بەکار دەهێندرێت. ئەمە کاری ڕەخنەگر و ڕووناکبیر نییە. دەوترێت، زۆر جار شاعیرە فاشیلەکان دەبن بە ڕەخنەگر. خۆسێ ساراماگۆ دەڵێ: کەس هێندەی شاعیری بچووک ڕۆحزل نییە!

گرفتی ڕەخنەی ئەدەبی لە کوردستان تەنیا پێوەندیی بە نەبوونی میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی و پێشێلکردنی پێوانەی هونەری و ئێستێتیکی نییە، بەڵکو پێوەندیشی بە ئێتیکی ڕەخنە و ئەخلاقی ڕووناکبیرانەشەوە هەیە. زۆر جار لەجیاتی بایەخدان بە بەرهەمی داهێنەرانە، پێوانەی تری وەک دۆستایەتی، سێکتەچێتی، شارچێتی و هەڵوێستی سیاسی، بەگرینگ دەگیرێن. ئەمەش بێبایەخکردنی ڕەخنەی ئەدەبییە. ڕەنگە لەمەش خراپتر ئەوە بێت کە "ڕەخنەی ئەدەبی" وەک ئامرازی تۆڵەستاندنەوە، بەکاردەهێندرێت. ئەم ناهەقییانە لەگەڵ چەندان شاعیر و نووسەر، لەوانە لەگەڵ بەندە کراوە.

من وەک شاعیرێک، لە سەردەمی بەعس و لە دوای ڕاپەڕینیش، بە هۆی هەڵوێست و دەنگهەڵبڕینم بەرانبەر ستەم و بێدادی و تیرۆر و شەڕی نێوخۆ، بەر پەلامار کەوتووم، هەوڵی کەنارخستنم دراوە. دوای ڕاپەڕین و هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆ، ئەم

**زانکۆکانی کوردستان لەبواری ڕەخنەی ئەدەبی و ناساندنی تیۆری و میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی، زۆر هەژار و کەمتەرخەمن، بۆیە بە تەواوی لە ژیانی ئەدەبیی، هونەریی و هزریی دابڕاون**

جۆره هەڵوێسته به جۆرێکی تر بەرامبەرم بەردەوام بوو، له چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەم به بەشێکی ئەو ناهەقییانه داوه، بۆیه نامەوێ دووبارەیان بکەمەوه."٥". بەڵام لێرەدا ئاماژه تەنیا به کارێکی سەیر دەدەم، که بەناوی ڕەخنەی ئەدەبییەوه

**خەم و خەون و ئاوات و گرفته ئینسانی و وجودییەکانی مرۆڤ، له هەر کوێ بن، ئەگەر پێک نەچن، له یەکتری نزیکن. کاتێک له فەزای ئەدەب و هونەردا، دەردەکەون، مرۆڤ دەتوانێت بیانناسێتەوه و خۆی لەناویاندا ببینێتەوه**

بەرانبەرم کراوه.

نووسەرێک له چاوپێکەوتنێکدا ستایشی منی کردووه و به (شاعیری گەوره) ناوی بردووم"٦". کەچی دواتر، که ساردییەک کەوته نێوانمان، له چەندان وتاردا، دەیان لاپەڕەی به ناوی ڕەخنەی ئەدەبییەوه، ڕەش کردەوه بۆ ئەوەی شیعرەکانم وەک نموونەی خراپی شیعری کوردی وێنا بکات و منیش به شاعیرێکی بێتوانا دابنێت، تەنانەت باسی ژیانی تایبەتم بکات!. هەر کەسێک، خوێنەر یان نووسەر، مافی خۆیەتی شیعری منی بەدڵ بێت، یان بەدڵ نەبێت، ئەمه لای من ئاساییه. بەڵام نووسەرێک لەبەر خۆی نابێت بەم جۆره پێکناکۆکه باسی نووسەری تر و بەرهەمەکانی بکات، چونکه خوێنەر نازانێت به کام قسەیان بڕوا بکات! ئەم جۆره نووسینانه، تەنیا ناهەقی نین، بەڵکو ئاستی ڕاستگۆیی نووسەرەکەشی دەخەنه ژێر پرسیارەوه.

*

هەر شاعیر، نووسەر و هونەرمەندێک دنیابینیی و تێڕوانینی تایبەتی خۆی لەبارەی ژیان، مرۆڤ، کۆمەڵ و داهێنان هەیه. ئەو تێڕوانینه تایبەتەی، تێکەڵ به ئەزموون و ژیانی دەبن، له ڕەوشی کارکردن و نووسینیدا ڕەنگ دەدەنەوه. له ئەزموونی خۆمەوه دەتوانم بڵێم کاتێک کەسێک خۆشی و ئاسوودەیی له ئەدەبیاتدا (یان له هونەر و ڕەنگه له کاری داهێنەرانەی تریشدا) دەبینێتەوه و نووسین دەکاته شێوازی ژیانی، دەتوانێت سەرکەوتوو بێت، بەو مەرجەی ئامانجێک له نووسیندا دیاری بکات، بایەخ به خۆپێگەیاندن و کوالیتیی نووسینەکەی بدات. چونکه نووسین بۆ ئەو کەسه دەبێته سەرچاوەی ئارامی، ئاسوودەیی و هەستکردن به بەختەوەری، خۆی و داهاتووی خۆی له نووسیندا دەبینێتەوه. ئەو دەنووسێت چونکه ناتوانێت نەنووسێت، دەنووسێت چونکه نووسین دەبێته پەنجەرەی ڕووناکی و هەوای پاکی بۆ دێنێت، یان وەک پردی پەیوەندیی نێوان نووسەر و ژیانی لێدێت. بۆیه ئەگەر بەرهەمەکانی بڵاویش نەکرێنەوه، له نووسین سارد نابێتەوه. چەندان نووسەری وڵاتانی جیاواز، له ئاسیا، ئەفریقا، چین و یەکێتیی سۆڤیەتی هەڵوەشاوه، تا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ساڵانێک ڕێگەیان نەدراوه بەرهەمەکانیان بڵاو بکەنەوه، یان زیندانی کراون، بەڵام ئەوان له نووسین بەردەوام بوون، چونکه بەشێک بووه له ژیانیان.

من له نووسیندا، به تایبەت له نووسینی شیعردا، خۆم دەبینمەوه، له خۆشمدا بۆ خەون و خەمی هاوبەشی مرۆڤ دەگەڕێم. من چەند زمانم خوێندوون، له نووسینی باس و توێژینەوەدا، بەڕادەی جیاواز، سوودم لێ وەرگرتوون، چەند بابەتی ئەدەبیم لەو زمانانەوه کردوون به کوردی. بەڵام هەوڵم نەداوه، له زمانی کوردی زیاتر، به هیچ زمانێکی تر شیعر بنووسم. له دیدارێکدا نووسەر و ڕۆژنامەنووسی سویدی تیا دیربلووم-ئەندێرسۆن، لێی پرسیم: بۆ به سویدی شیعر نانووسی؟

وتم:

(دەتوانم به سویدی بیر بکەمەوه، بەڵام ناتوانم به سویدی هەست بکەم، شیعر دەربڕینی هەست و دنیای ناخه.)"٧"

له بەر ئەوەی تەنیا به زمانی کوردی شیعر دەنووسم، خوێنەری سەرەکیی شیعرەکانم کورد

و کوردستانیان. بەڵام ئەوەی دەینووسم، بەشی زۆری، هەر پێوەندیی بە ئەوانەوە نییە، بەڵکو پێوەندیی بە خودی مرۆڤەوە هەیە سەر بە هەر وڵات، زمان و کولتوورێک بێت. خەم و خەون و ئاوات و گرفتە ئینسانی و وجودییەکانی مرۆڤ، لە هەر کوێ بن، ئەگەر پێک نەچن، لە یەکتری نزیکن. کاتێک لە فەزای ئەدەب و هونەردا، دەردەکەون، مرۆڤ دەتوانێت بیانناسێتەوە و خۆی لەناویاندا ببینێتەوە.

ڕاستییەکەی خەون و تراجیدیای گەلانی ستەملێکراو و بندەستیش، ئەگەر بەرواڵەت جیاوازییان هەبێت، لە ناوەرۆکدا لە یەکتر دەچن. بۆ نموونە ئەنفال و کۆرەوی بەهاری ١٩٩١ جینۆسایدی ئێزدییەکان، لەگەڵ کوشتاری ئەرمەنەکان و جینۆسایدی جولەکە، هۆلۆکۆست، لە سێ سەردەم و شوێنی جیاواز، لە لایەن گەلانی جیاوازەوە کراون. بەڵام لە ناوەرۆک و ئامانجدا یەکن، واتا جینۆسایدن، قوربانیانیش هاوژان و هاوچارەنووسن، بۆیە وەک تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی، سروشتێکی جیهانیان پێ دراوە. بەڵام شێوازی کوشتن و بەهانە و تەکنیکی لەناوبردنی قوربانیانی ئەو کارەساتانە جیاوازن، ڕەنگە ئەمەش پێوەندیی بە ئاستی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای کوشتن و فانتازیای جەلاد و جیاوازیی کولتووریی ئەو گەل و ئایدیۆلۆجیای ئەو لایەنانەوە هەبێت، کە ئەو جۆرە تاوانانەیان ئەنجام داون.

زۆربەی ئەو کارەساتانە جێگای بایەخی من بوون، لە ڕێگەی ئازاری خۆم و نەتەوەکەمەوە هەستم پێکردوون و لەگەڵیان ژیاوم. هاوژانی و هاوچارەنووسیی گەلەکەم و گەلانی تر، لە چەندان نووسین و قەسیدە و هۆنراوەدا، ڕاستەخۆ، یان ناڕاستەخۆ، ڕەنگیان داوەتەوە. بۆ نموونە لە وەرزەبەردینە، چەپکە هۆنراوەکانی بەشی یەکەمی کۆمەڵەهۆنراوەی ڕوونبوونەوە، قەسیدەی لاوکی هەڵەبجە و چەندان نووسیندا.

لە سەرەتای ئەزموونی شیعریمەوە، ویستوومە، ستایل و تایبەتمەندیی شیعریی خۆمم هەبێت، شیعرەکانم لە ئاستێکی گونجاوی هونەری و ئێستێتیکیدا بن. ئەو کاتانەی شیعر دەنووسم، لە دەوروبەرم و تەنانەت تا ڕادەیەک لە خوێندنەوەش دادەبڕێم، ئازادانە بە دنیای خۆم و بیرکردنەوە و فانتازیاکانمدا دەگەڕێم. لە ڕەوشی نووسیندا، چەندان جار بە ڕەشنووسی هۆنراوەکەدا دەچمەوە و دەستکاریی دەکەم. بەلامەوە گرنگ نییە چەند دەنووسم، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چۆن و چی دەنووسم. دوای بڵاوکردنەوەی هەر کۆمەڵە هۆنراوەیەک سەرنجی ڕەخنەگرانە لە شیعرەکانم دەدەم. دەمەوێت لە کاری دواترمدا شێواز و زمانێکی، هەر نەبێت بە نیسبەت خۆمەوە، نوێ و جیاواز لە جاران بەکار بهێنم.

بە ڕای من گۆڕینی تەکنیک و ستایلی شیعری، شێوازی نووسین و بەکارهێنانی زمانی شیعریی جیاواز، کاری گرینگن و بەشێکن لە پرۆسێسی داهێنان.

داهێنان هونەرە، خۆدووبارەکردنەوە خوویە.

سەرچاوە و پەراوێز

............

١-لە دیدارێکی ئەدەبیدا ئاماژە بەم مەسەلە دراوە. بڕوانە: ڕەفیق سابیر، ڕوانین لە بولێلدا، پەخشخانەی مانگ، ئێران ٢٠١٥ ل١٦-١٧

2-Kärstin Högbom Johansson Karavan nr. 1, 2000

٣-د.محەمەد کەمال، نیتشە و پاش تازەگەری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٩، ل ١٦١

٤- ڕەفیق سابیر، بەستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەدەم، ٢٠٠٨، چاپی ٢ ناوەندی غەزەلنووس ٢٠١٣ هەروا بڕوانە د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، بەغدا ١٩٧٠

٥- گۆڤاری (ئاینده) ژ. ٨٣ ئاداری ٢٠٠٩

٦-گۆڤاری وان، ژ.٩-١٠ ساڵی ١٩٩٤، سوید، ل ١٦٧).

٧- ڕۆژنامەی ئوپسالا نیا تیدنینگ ٣ی نۆڤەمبەری ١٩٩٩ Uppsala Nya Tidning

بۆ خوێندنەوەی چاوپێکەوتنەکە بڕوانە: ڕەفیق سابیر، ڕوانین بە ڕووناکیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل. ٣٠٢

ئەم نووسینە، لە برگەی چوارەمی بەشی سێیەمی کتێبی بە ڕێگای تەمەندا (ژیاننامە و ئەزموونی نووسین) وەرگیراوە. کتێبەکە لە بەهاری ٢٠٢٣ بڵاو دەکرێتەوە.

# تەمەن شەپۆلە ڕاماندەماڵێ



شێرزاد حەسەن ڕەزا

سیمایەکی پاک و ڕوخسارێکی بێدەنگی هەبوو، لەو کەسانە بوو لە یەکەم بینینەوە دەچووە دڵەوە، سەنگین و جوامێر بوو، بە بێدەنگی کاری خۆی دەکرد، بە یاسا و لە ئاستی نێودەوڵەتی دا خزمەتی کورد و دۆزە ڕەواکەی دەکرد، وەک مامۆستای وشە لە خزمەت زمان و ئەدەبیاتە باڵاکەی کورددابوو.

ئەو پیاوەی گوڵئاسا زۆر بە زوویی جێیهێشتین، لە بوارە ئەکادیمییەکەی و ئەدەب و سیاسەتدا خزمەتێکی زۆری بە دۆزی نەتەوەکەی کرد، ئەو چونکە مرۆڤێکی پاک بوو جەماوەرێکی ئێجگار زۆری کوردستانی گەورە سەرەتا بە نەخۆشکەوتنی زۆر دڵگران بوون، کە کۆچیدواییشی کرد هەموولا خەمبار بوون و پرسەیان لە دڵی خۆیاندا دانا، هێندە بەجوانی لەسەریان نووسی و بەرز نرخاندیان، تەنانەت کەسێکیش نەبوو گلەییەکی لێی هەبێت، ئەو کەسە پرۆفیسۆر دکتۆر مارف عومەر گوڵ بوو.

**گوڵ لە چەند دێڕێکدا**

– لە ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی هەشەزینی، ناوچەی سەنگاو، سەر بەقەزای چەمچەماڵ لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٢ کۆلێژی یاسای لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ لە فەرمانگەی ئاودێری سلێمانی دادەمەزرێت و لە نیوەی دووەمی هەشتاکانەوە دەچێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە ،



له ساڵی ١٩٨٨ دەچێتە دەرەوە و دواتر لە ساڵی ١٩٩٠ لە زانکۆی کییف لە وڵاتی ئۆکرانیا بڕوانامەی ماستەر بە دەست دەهێنێت و یەکەمین کەسە کە لە بواری جینۆسایدی گەلی کورددا نامەی ماستەرەکەی دەنووسێتەوە "بەناونیشانی ئامرازە یاساییەکانی بەربەندکردنی تاوانی جینۆساید لە یاسای گشتی نێودەوڵەتیدا"، دواتر لە هەمان زانکۆ و لە ساڵی ١٩٩٥ بڕوانامەی دکتۆراش بە دەست دەهێنێت و تێزی دکتۆراکەشی بە ناونیشانی "کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەی گەلی کورد لە یاسای نێودەوڵەتیدا" .

لە ساڵی ١٩٩٩ وەکو مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی دەستبەکار دەبێت، لە ساڵی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) د ەبێتە ڕاگری کۆلێژی یاسا لە زانکۆی کۆیە و دواتر لە ساڵی ٢٠١١ تا ٢٠١٥ دەبێتە ڕاگری کۆلێژی یاسای زانکۆ سلێمانی و پلەی زانستی پرۆفیسۆر بووە.

– ساڵی ١٩٨٢ لەسەر هەڵوێستی سیاسی ماوەیەک لە زیندانەکانی (ئەمنی عامەی بەغداد) زیندانیی بووە و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە و هۆنراوەکانی دیوانی (خۆری زیندان) زادەی نێو زیندانن.

– خێزاندار بووە و باوکی دوو منداڵە (کوڕێک و کچێک)

– زمانەکان (کورد، عەرەبی، ڕوسی، فارسی، ئینگلیزی) زانیووە.

– سەرنووسەرو خاوەنی بڵاوکراوەی نێرگز بووە لە کەرکوک

– لە شاخ گۆڤاری قەندیلی دەرکردووە و سەرپەرشتیی کردووە.

_ لە پاڵ وتار و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاندا چەندین کتێبی ئەکادیمیشی لە بوارەکانی یاسا و جینۆساید بە چاپ گەیاندووە.

لەوانە:

١.جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا .

٢.کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد .

٣.پێوەندیی مەسەلەی کورد بە یاسای نێودەوڵەتانەوە.

٤.بارودۆخی کورد لە چەند بابەتێکی یاسای نێودەوڵەتاندا .

گوڵ بە یەک ئەندازە لە نووسەران و ئەدیبانەوە دوور بوو،ڕێز و خۆشەویستیی هەموویانی لابوو، هەموانیش بە مامۆستا و ڕێنیشاندەرێکی گەورە دەیانبینی، ئەو ئەگەرچی لە ناخی خۆیدا تەنیا بوو بەڵام پیاوێکی کۆمەڵایەتیی و کوردەوارییانە بوو، بیر و هزری تایبەت بەخۆی هەبوو، بە شیعرییەکانیدا بچینەوە چەند هەناسەیەکی قەتیسماو هەستپێدەکەین کە ڕەنگە بۆ خۆی لە زاتی زۆر لە ڕۆشنفکر و خەباتگێڕە بێخەوشەکاندا ببینرێت، دکتۆر مارف دەنگێکی خەمگین و پڕ حوزن لە نێو وشەکاندا دەبیسترێت ،لە دەنگی سووتانی ڕەزێکی وشک و خاکێکی چۆڵ و کەساس دەچێت،هەروەک ئەوەی گوندێکی دوای ئەنفال ،شیوەنی تەنیایی خۆی بۆ ئەو چۆڵەکانە بگێڕێت ،تا دوێنێ نامە نهێنیەکانی ئاتیلا و فاتیلایان دەگواستەوە.

– خاوەنی پێنج دیوانی شیعرییە بە ناوەکانی:

١– هێلانەی نوغرۆ

٢– خۆری زیندان

٣– شاییەکی نهێنی

٤– نیشتمانم دارستانی دەم ڕووبار بوو

٥ – شکۆی باڵگرتوو

دواین بەرهەمی چاپکراویشی کۆکردنەوەی تەواوی

دیوانە شیعرییەکانی بوو لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی ( پێنج دیوان).
گوڵ لەسەرەتای حەفتاکانەوە تێکەڵ بە دونیای نووسین و رۆژنامەگەریی بووە، سەتان وتار و بابەتی جۆراوجۆری لە گۆڤار و رۆژنامە کوردی و عەرەبیەکاندا بڵاوکردووەتەوە.
لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ دا تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێت و دوای ململانییەکی زۆرلەگەڵ نەخۆشی و ڤایرۆسەکە، لە بەرەبەیانی ١٥ – ١ – ٢٠٢٢ کۆچی دواییکرد ، لە گوندی هەشەزینی زێدی خۆی لە تەنیشت باسەڕەوە بەخاکسپێردرا، گۆڕەکەی کراوەتە مۆنۆمێنت و ناوی ماڵی روناکی لێنراوە.

**ماڵی روناکی**

**نیوەشەوە ئیتر، لە تاریکیدا نوقم دەبم و**
**لە چراخانی وشەگەلێکدا سەردەنێمەوە**
**بۆ دیدارێکم ،**
**وەرنە سەردانی ماڵی روناکیی**

### ناو وەک ئاوێنەیەک بۆ زەمەنی رووداوەکان

زادەی بیری گەشی ئەم زانایە خۆرسکانە لە سروشتی کوردستان و خانەوادەیەکی پرمەعریفە و ئیدراکیکی خاوێنەوە سەرچاوەی گرتبوو.
تیژ و هزر و بۆچوونەکانی بۆ خوێندەوار و سیاسی و ئایندەی کوردستان،بنەمایەکن بۆ بنیادنانی پەروەردەی تاکی کورد بەئاراستەی دەوڵەتی کوردی.
گەر لێکدانەوەی ناو بکەین لای دکتۆر مارف بە دیوێکی تردا دەتوانین مێژووی پڕ نەهامەتی و ماڵوێرانی و کارەساتباری کوردستان بخوێنینەوە، سەرەتا بە دیوانی شیعری هێلانەی نغرۆ دەست پێدەکات، بۆچی هێلانە و بۆچی نغرۆ؟ رەنگە ئێمە ئەوە بە هزرماندا بێت ،کە لەروی مۆرفیمەوە هێلانە بۆ باڵندە و گیاندارانی سروشتی بەکاربێت،شاعیریش دەوێت ئەوە بڵێت کە خەڵکی کوردستان خۆڕسکانە لەسەر ئەم خاکەدا لە لایەن خوداوە ئەفرێنراون و زادەی سروشتی ئەم خاکەن ،کە بەشی دووەمی ناوەکە دەخوێنینەوە کە وشەی نغرۆ: شوێنێک رۆچووبێت بەناخی زەویدا، نغرۆبوونی ئەم وڵاتەی بە چاوی خۆی بینیووە لە کارەساتەکانی زوڵم و زۆرداری دوای شەستەکانی سەدەی رابردووی دیتەوە بەرچاو،کە گوند و سروشتی و دارستان و ماڵی ئەم باڵندە ئەزەلیە تێکوپێک دراوە، واتە لە شەستەکان کە شاعیر بە بەرچاوی خۆیەوە ئەو ماڵ کاولکردنەی بینیووە لەلایەن حەرەس قەومی و تاڵانچیەکانەوە،ئا لێرەوە سەرەتای پرۆسەی ئەنفالە و ئەنفال دەست پێدەکات،نەک ساڵی ١٩٨٨ ،گەر ورتر رۆبچینە نێو شیعرەکانیەوە باس لە نائومێدیی و خەم و کاولستانی ئەو سەردەمە دەکات، ئاوارەی لە شەستەکانی سەدەی و رابردوو و رەویش لە حەفتاو چوارەوە دەست پێ دەکات نەک ساڵی ١٩٩١.
هەر لە ناوی دیوانە شیعریەکانەوە دەتوانین ریکۆردی دۆخێکی تری ناهەمواری و خەباتێکی تری ئازایەنەی ئەو سەردەمە وێنا بکەین، ئەویش دیوانی شیعری(خۆری زیندان)ە.ئەم دیوانە لە ناوەکەیەوە قۆناغێکی تری خەباتی رزگاری نیشتیمانیمان پێ دەناسێنێت،ئەو سەردەمە سەردەمی زیندان و گرتن و لە سێدارەدان بووە ،قەسابخانەی موسڵ و ئەمنی عامە وئەمنی شمال و ئەبوغریب دواتریش ئەمنی سلێمانی (ئەمنە سوورەکە)و ئیستخباراتی عەسکەری دێنێتەوە ناو مێژووی کەم ژیان و کەڵ ژیانەکەی خاڵە شیهاب و گرووپی سجن.ریکۆردێکی تر مێژوویە بۆ سەردەم و ساتی ناونانی دیوانێکی شیعری.گەر گەڕیدەیەک یان لێکۆڵەرێکی بێگانە بێت و تەنها لە ناونانی دیوانەکەوە،دەیان پرسیاری بۆ دروست دەبێت لە شێوازی خەبات و ژیانی تاکی کورد لەو سەردەمەدا.
ئایا خۆر لێرەدا هیوای هەڵهاتنی رۆژێکی نوێیە یان هێمایە بۆ ئاڵای کوردستان؟ ئایا خۆر لێرەدا ئاماژە و پیدانی هێزو ئومێدی ئازادییە بۆ زیندانیان، یان دڵدانەوە و خۆراگری گەلێکە لەکاتێکدا رۆڵەکانی لە ژێرچەقۆ و چەپۆکی زاڵمدان؟ ئەم پرسیارانەن دەکرێت ناوەندە ئەکادیمی و زانکۆییەکان بەدوای وەڵامەکانیدا بگەڕێن.
لە دیوانی سێیەمیدا دکتور گوڵ،بەردەوام دەبێت لە دروستکردنی پرسیارە شاراوەکانی پشت ناونان ،لە

دیوانی (شاییەکی نهێنی)،کۆمەڵێک پرسیار دێنێتە ئارا، شایی یان هەڵپەڕکێ یاخود زەماوەند،پرۆسەیەکی شادیبەخشی ئاشکرایە و بە کۆمەڵە ،لە بنەڕەتدا شایی لە وشەی شادییەوە هاتووە،بۆچی دەبێت ئەم شاییە نهێنی بێت؟ لەترسی کێ ؟ کێ مەترسیە بۆ تێکدانی ئەم شادییە؟ڕێکەوتی ئەم شاییە چیە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگای کوردی و بارودۆخی سیاسی ئەوکاتە؟ لە ژیانی پێشمەرگایەتی دەیان قارەمان و سەرکردەی شۆڕشە جیهانی و کوردییەکاندا دەیان چیرۆکی نهێنی شایی و بووک گوستنەوەی سەیر و پڕ ترس رووی داوە،رەنگە چیرۆکی شایی و بووک گوستنەوەی کچانی (نیشتیمان)ی خێزانی مامەریشە یەکێک بێت لەو دەیان چیرۆکەی کە ئیلهام و روگەی قەڵەمێکی وەک دکتۆر گوڵی هێنابێتە بەر تکانی فرمێسکی بۆ ئەو رۆژگارەی کە شایی بە نهێنی ئەنجام دەدرا،پرسیارە سادە و ئامانجدارەکە ئەوەیە کە شایی لێرەدا هەواڵێکی خۆشە و پێش وەخت شاعیر دیدگای خۆی دەخاتەگەڕ کە لە داهاتوویەکی نزیکدا،کۆبوونەوەی شادی و خۆشیمان دەبێت،بەهۆی سەرکەوتنێکی گەورەتر.

لە کوێ؟لەو نیشتمانە جوان و ڕازاوەی کە خاکی گەوهەرە و ئاوی کەوسەرە،لەو نیشتمانەی باڵندە و درەخت و سروشت و رووبار و کانی و خاکی پڕ سیحر و جوانیە وەک ئەوەی حەسرەتێک بۆ ژیانی گوند و سادەی و سانایای خەڵک بە ئاگار و وەرزێر و جوتیارەوە،بە تەکێ و خانەقا و حوجرەی فەقێ و موریدانەوە،نموونەی باڵای خەیاڵی شاعیر لە گوندی هەشەزینی کە ماڵباتی لەدایک بوون و شوێنی ئارامگای دوا ئارامی و سرەوتنی ئەمەش بە روونی لە دیوانی (نیشتمانم دارستانی دەم ڕووبار بوو)دیار دەخرێت.

خەمێک بۆ رابردوو ئەوەیە بۆچی شاعیر ،فەرمانی بێ هێزی رابردووی دوور بەکاردەهێنێت کە(بوو) ە،ئایا دووبارە دەوێت پیمان بڵێت کە دەستی وێرانکاری شەڕ، ئەو نیشتیمانەی کە دارستانی دەم رووبارە،خاپوورکراوە،؟ئایا دەمانگێڕێتەوە بۆ یەکەم ناوی کە هێلانەی نغرۆیە ؟ئایا دارستان و گوندەکان تێکوپێکدراون و خاپوورکراون ؟ئایا دارستان و رەز و باخەکان سووتێنراون؟ئەمانە و دەیان پرسیاری تر،پێویستی بە لێکۆڵینەوە و ساغ کردنەوە هەیە لای دکتۆر مارف.چونکە لە دواهەمین دیواندا بەرونی چۆک بۆ ئەو هەموو زوڵم و شکانە دانادات،ناوێکی تر لە دیوانەکەی دەنێت ئەویش(شکۆی باڵگرتوو) واتە شکۆ و بەرزی و نەبەزینی مرۆڤ سەرەڕایی ،نغرۆبوونی هێلانە و زیندان و نهێنی و سووتانی نیشتیمان.



گەر بە یەک دێڕ وێنای ناونان بکەین لای دکتۆر مارف،دەتوانین مێژووی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەی میللەتێک ببینین و بخوێنینەوە. لە کۆتایی سەدەی بیست دا.

**شێوازێکی تری خەبات .. ناسنامەی یاسایی**

کاتێک بە بابەتە یاساییەکاندا دەچینەوە ،دکتۆر پێمان دەڵێت بە یاسا و دروست کردنی ڕای گشتی ،دەتوانین ئەم کاروانە بگەیەنینە مەنزڵ ، ئەو خەونەی کە لە دێرزەمانەوە خوێنی بۆ دەبەخشین..

بە یاسا داری ئازادی بەر دەگرێت و دەوڵەت دروست دەبێت.

لە نێو زانکۆیەکی بلۆکی ڕۆژهەڵات دا و لەدوای کارەساتی ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجە و گۆپتەپە و سێوسێنان دەست دەبات بۆ دروستکردنی سەنگەرێکی یاسایی و فکری جیهانی و لە ساڵی ١٩٩٠ دا،توێژینەوەیەکی دانپێدانراوی یاسایی دەنووسێت لە ژێر ناونیشانی (جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا).

کاتێک بیر لە ناونیشان و زەمەنی ئەم توێژینەوەیە دەکەیتەوە، گەورەیی بیر و وردی د.مارفت بۆ دەردەکەوێت لە شێوازی خەباتدا. .لەو سەردەمەدا ئەم مرۆڤە دەست دەبات بۆ شێوازێکی تری بەرەنگاری و سەندنی ماف.

کە ئەو سەردەمە نەک ناوی کورد و کوردستان بەڵکو دەیەوێت زانکۆ و ئەکادیمیستە زانستیەکانی جیهان ئاشنا بکات بە پرۆسەی زوڵم و جینۆسایدی گەلێکی چەوساوەی وەکو کورد.

ڕازیکردن و پێشکەشکردنی نامەیەکی ماجستێر ،لە زانکۆیەکی بیانی ،قورسایی و هێزی خۆی هەبووە تا ناوەندە سیاسی و قونسوڵ و ڕازگری نێودەوڵەتی لەو بابەتانە ئاگاداربن و کاری ناڕاستەخۆی لەسەر بکرێت.

گەر کاتی تەواوبوونی نامەکە بەراورد بکەین لەگەڵ بڕیاری ٦٨٨ ی نەتەوە یەکگرتووەکان ( بڕیارنامەی ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ڕێکەوتی ٥ی نیسانی ١٩٩١دا پەسندکرا، بەڵگەیەکی نێونەتەوەییە لەمەڕ عێراق. ئەم بڕیارنامەیە لە دوای کۆبوونەوەی ژمارەی ٢،٩٨٢، بە دە ١٠ دەنگی لەگەڵ، ٣ی دژ و ٢ی بێلایەن پەسندکرا) سەبارەت بە کوردستان و دروستبوونی ناوچەی دژە فڕین درا،هەنگاوی یەکەمی دروست بوونی حکومڕانی کوردی و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردی لێکەوتەوە.

لەدوای ئەم بڕیارەوە زانکۆی کییڤ بوار بە مارف گوڵ دەدات،بۆ خوێندنی دکتۆرا و نامەیەکی تری کاریگەر بنووسێت لەژێر ناونیشانی (کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەی گەلی کورد لە یاسای نێودەوڵەتیدا) کە زانکۆی کییڤ/ئۆکراینا لە ساڵی ١٩٩٥ وەک بروانامەی دکتۆرا،پەسەند کرا. گەر شەڕی ناوخۆ و دەستی دەرکی و لەتکردنی هێزە کاریگەرەکانی کوردستان،بەسەردا نەهاتایە و کورد بۆ مێژوو ئەو هەلە مێژوویە لە دەست نەدایە، بەپێی لێکدانەوەکان پێگەی کورد ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو هەڵکشان و ئازادی و سەربەخۆی هەنگاوی دەنا.

چونکە لەم نامەیەدا دکتۆر مارف ئەوەی سەلماندووە،کە کورد کەسایەتییەکی یاسایی و مێژوویە لە نێو کایەی نێو نەتەوەیی دا،بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێن دروستکردنی ناسنامەیەکی یاسایی بۆ نەتەوەیەک کاریکی هێند گرنگە کە پێشتر بیری لێ نەکراوەتەوە،ئەو بۆچوون و دەنگۆ دوژمنکارانەی لە دوای پەیمانی لۆزانەوە دژی گەلی کورد دروستکرابوو لە لایەن حکومەت و دەسەڵاتدارانی عێراق و ئێران و تورکیاوە،هەموو هەڵدەتەکان ،گەلی کوردی لە تورکی شاخاوی و دێوەزمەی چیاو هەندێک نەتەوەی گەڕۆک و دەوارنشینی نێوان سنوورەکانەوە گۆڕی بۆ خاوەن ناسنامەی شارستانی و یاسایی. دەتوانین ئەوە بڵێن کە تا ئێستاش گرێ کوێرەی سیاسەتی کوردیە و ڕیفراندۆم و هەوڵە جیاوازەکانی تریش هەر هەنگاوەکانی ئەو سەلماندنەیە ،کە دکتۆر مارف لە نەوەتەکاندا ویستوویەتی بەبێ خوێنرشتن بەدەستی بهێنێت،ئەمە ئامانجێکی دیاری بزوتنەوەی کوردایەتی و ڕەوەندی کوردی بووە بە درێژایی مێژوو.

# گۆڕان و فراوانبوونی ئەرکەکانی زمانی کوردیی



د.مستەفا ڕەزا مستەفا ـ زانکۆی چەرموو

هەواڵنامەی کتێب

زمان، کە بە یەکێک لە ئەبزار و وەسیلە سەرەکییەکانی پەیوەندییگرتن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دانراوە، کۆڕایی شارەزایان و زمانەوانانی لەسەرە، بەوەی کە یەکێکە لەو هۆکارە بنەڕەتییانەی کە مرۆڤەکان لە ڕێگەیەوە دەتوانن پەیوەندیی لەگەڵ یەکدیدا گرێبدەن و زانیاریی و هەواڵی پێدەرببڕن و پرسی لە بارەی ڕووداو و بابەت و شت و کەس و حاڵەتە جیاوازەکانەوە پێبکەن، ئەمە جگەلەوەی کە بە وەسیلەی چێکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، هاوکات وەک ئامرازێکیش بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارە فەرمیی و نافەرمییەکان و دەربڕینی هەست و سۆز و لایەنی دەروونیی مرۆڤ و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ لە کاردایە.

کەواتە زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی و دانەبڕاو لە کۆمەڵ و ئاخێوەرانی، ئەرکی جیاواز و هەمەچەشنەی لە ئەستۆدایە و مرۆ لە ڕێگەی زمانەکەیەوە بە شێوەیەکی عادەتیی و ئاسایی کۆی پێویستیی و لایەنە جیاوازەکانی ژیانی پێ پەسن و ڕاییدەکات.

زمان، کە بۆ زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین دابەشکراوە، ئەوە ڕوونە، کە زمانی ئاخاوتن پێش زمانی نووسینە، واتە نووسین، قۆناغێکی دواتر و نوێی تۆمارکردنی زمانە، بۆیە مرۆڤەکان سەرەتا فێری زمانی ئاخاوتن دەبن و بە شێوەیەکی




ئاسایی و عادەتیی کاروبار و پێویستییەکانی خۆیانی پێ ڕاییدەکەن، بۆیە دەبینین لە قۆناغی پێش نووسیندا مرۆڤ زمانی زیاتر بۆ دەربڕینی هەواڵ و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەربڕینی هەست و سۆز و لایەنی دەرونیی و پڕکردنەوەی کەلێن و کەموکوڕیی لە زانیارییەکانیدا بەکارهێناوە، کە لەم قۆناغەدا زمان ئەرکەکانی سادە و ئاشکران و بەو شێوەیە ئاڵۆز نین، چونکە ژیانی مرۆڤەکان خۆیان سادە بوونە و زمانیش بە حوکمی ئەوەی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەڵامگۆی قۆناغ و سەردەمەکەی خۆیەتی، بۆیە ئەرکێکی قورسی لە ئەستۆدا نەبووە، بەڵام پاش داهێنانی نووسین و هەوڵدان بۆ تۆمارکردنی مێژوو و ژیان و ژیاریی نەتەوەکان، بە مەبەستی پاراستنی دونیابینیی و بیرکردنەوە و تێڕوانینی مرۆڤەکان و گواستنەوەی بۆ نەوە و کۆمەڵگەیەکی تر، زمانیش لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییەدا ئەرکەکانی فراوانبووە و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، واتە زمان وەک تەنێکی زیندوو لەگەڵ گۆڕانەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ و گۆڕانی پێداویستییەکانی ژیاندا، ئەمیش (زمان) گۆڕا و ئەرکی نوێی بۆ هاتەپێش، هەربۆیە لەسەر بنەما و ڕۆشنایی ئەم کورتە پێشەکییە دەمانەوێت لە بارەی (زمان - زمانی کوردیی) و گۆڕان و فراوانبوونی ئەرکەکانی زمانی کوردییەوە بدوێین.

ئاشکرایە، مرۆڤی کوردزمان، وەک هەر مرۆڤێکی تر، ئاسایی لە پێش قۆناغی نووسیندا، بە شێوەیەکی گشتی زمانی وەک ئامرازی سەرەکیی پەیوەندییکردن و هەواڵ و زانیاریی دەربڕین و پرسکردن و بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی ژیانی و دەربڕینی هەست و سۆز و حەز و ویست و ئارەزووەکانی و چێکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێناوە، بەڵام لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی کوردیی بۆ پێنووسین، هەنگاو بە هەنگاو زمانەکەش ئەرکەکەی فراوانبووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئەرکی قورستر بووە. بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی مەبەستی ئەم وتارەمان

هەوڵدەدەین بە شێوەی خاڵ گرنگترین ئەو بوار و کایە و هۆکارانە بخەینەڕوو، کە فاکتەری گۆڕان و فراوانبوونی ئەرکەکانی زمانی کوردیین، قۆناغ بە قۆناغ:

١- هەنگاوی یەکەمی گۆڕان و فراوانبوونی ئەرکەکانی زمانی کوردیی، بە گواستنەوەی زمانی ئاخاوتن بۆ زمانی نووسین – زمانی ئەدەبیی، لە ڕێگەی شاعیرانەوە لە کوردییدا دەستپێدەکات، ئەویش بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی میرنشینە کوردییەکانی (ئەردەڵان، بۆتان، بابان) ەوە، کە هەر سێ دیالێکتی زمانی کوردیی، (کوردیی – گۆران، کوردیی – باکوور، کوردیی – ناوەندیی)، زمانی کوردیی لە زمانی ئاخاوتنەوە دەبێتە زمانی ئەدەبیی و شاعیرانی کورد هۆنراوەکانیان بەو زارانەی زمانێکی کوردیی تێکەڵ بە وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی دەنووسن و هەنگاوی یەکەمی فراوانبوون و گۆڕانی ئەرکی زمانی کوردیی هەڵدەگیرێت.

٢- قۆناغی دووەمی فراوانبوون و گۆڕانی ئەرکەکانی زمانی کوردیی، لە زمانی ئەدەبییەوە، بە تایبەت لە زمانی شیعرییەوە، دەپەڕێتەوە بۆ زمانی (پەخشان)، ئەویش بە دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی (کوردستان)، لە ڕێکەوتی (٢٢/نیسانی/١٨٩٨) لە (میسر – قاهیرە)دا، لەلایەن بەدرخانییەکانەوە، کە ئەمە هەنگاوێکی گرنگ و سەرەتای گۆڕان و هاتنەئارای ئەرکێکی گەورە بوو بۆ زمانی کوردیی، چونکە ئیتر لێرە بەدواوە، بە شێوەیەکی پچڕپچڕ، یان بەردەوام بەپێی هەڵبەز و دابەزی باری ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سەربازیی نەتەوەی کورد، لە (تورکیا، ئێران و ئێراق و سوریا و ئەرمینا) و ناوەندیی ئەو وڵات و شارانەی، کە چالاکی سیاسیی کوردیان لێیە، ڕۆژنامە و گۆڤاری جیاواز لە کات و شوێنی جیاواز بە ناوەڕۆک و شێوە و مەبەستی جیاوازەوە دەرکراون.

هاوکات لەم قۆناغەی دووەمدا، زمان لە سەرەتای سەدەی (٢٠) و تا ئەمڕۆش بەپێی گۆڕانی بارودۆخی ڕامیاریی (کێشەی کورد)، لە وڵاتانی (تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا)، بۆ ئێمەی کورد یەکێک لە چەکە بەهێزەکانی دەستی کورد و شۆڕشەکانی بووە و بۆ دوژمنانیش یەکێک لە هۆکارەکانی جوداخوزایی و هەڕەشەکردن بووە بۆ (ئاسایشی نەتەوەیی) ئەو وڵاتانە و بەو هۆیەوە بەردەوام لە هەوڵی دژایەتی و پەراوێزخستنی و بچووککردنەوە و سڕینەوەیدا بوونە، واتە هەر لەم قۆناغەدا و لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەوە، زمان لە پاڵ ئەرکە زمانەوانییەکەیدا، ئەرکێکی گرنگی بۆ ئێمەی کورد، کەوتووەتە سەرشان، کە ئەویش ئەرکی پاراستن و مانەوەی ناسنامەی کوردیی و ئەرکی شوناس بووە، کە لەم ڕووەوە زمانی کوردیی سەنگەرێکی بەهێز و فاکتەرێکی سەرەکیی مانەوە و هەرمانی کورد بووە، وەک ڕەگەزێکی جیاواز لە ناوچەکەدا.

٣- قۆناغی قوتابخانە و پێخوێندن بە زمانی کوردیی، هەنگاوێکی گرنگ و بنەڕەتیی بوو، بۆ گۆڕان و فراوانبوونی ئەرکەکانی زمانی کوردیی و گەشەسەندنی زمانەکە، کە ئەم قۆناغەش، لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی عێراق لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا و پێوەلکاندنی بەشێکی خاکی نیشتمان بە سنوری ئەو حکومەتە نوێیەوە دەستپێدەکات، لەو سەردەمەدا و بەپێی یاسای زمانە ناوچەییەکانی ساڵانی (٣٠)ییەکان و ڕێگەدان بە بەکارهێنانی زمانی کوردیی لە خوێندنی بنەڕەتیی و بوار و دامودەزگا کارگێڕییەکان لە پارێزگاکانی: (کەرکوک، سلێمانی،



هەولێر)، بوارەکەی زیاتر فراوانبوو، واتە لە زمانی ئاخاوتنەوە هەنگاوی بەرەو زمانی پەروەردە و کارگێڕیی هەڵنا.

کەواتە لە پاش قۆناغی هاتنەئارای ڕۆژنامەگەریی و بەکارهێنانی زمانی کوردیی وەک زمانی ڕۆژنامە و دەکارکردنی لەم بوارە گرنگ و فراوان و زیندووەدا و بەدواداهاتنی قۆناغی پێخوێندن و قوتابخانە و بواری کارگێڕیی، زمانی کوردیی چووە قۆناغێکی نوێوە و بۆ پڕکردنەوەی داخوازیی و پێویستییەکانی ئەم دوو بوارە (ڕاگەیاندن و پەروەردە) بە گشتی و کەمتریش کارگێڕیی، لە وشە و زاراوەی نوێ، ئەرکێکی فرە گرنگ و جێبایەخی خستە ئەستۆی زمانی کوردیی و زمانەکەمان هەنگاوی فراژووبوون و گەشەسەندنی نا و پێویستیی زیاتر ڕاژەکردن و بایەخپێدانی خستە مل و ئەستۆی خەمخۆران و شارەزایانی ئەم بوارانە.

٤- بە گۆڕانی بارودۆخی ڕامیاریی کورد، لە ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان و لێکەوتەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانیی و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و بەردەوامبوونی ئەو کۆمارە بۆ ماوەی (١١) مانگ لە ١٩٤٦دا و پێشتریش ڕاگەیاندنی (جمهوریەتی کوردستان) لە باشور لە ساڵانی ١٩١٨ بۆ ١٩٢٤، لەلایەن (شێخ مەحمودی حەفید)ەوە، زمانی کوردیی توانی لەو ماوەیەدا خزمەتێکی زۆر بکرێت، ئەمە جگەلەوەی، کە ساڵی ١٩٧٠ و ڕێکەوتنی (١١) ی ئادار و دروستبوونی کۆڕی زانیاریی کورد و کردنەوەی بەشی کوردیی لە زانکۆی بەغداد و دواتر دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی، ئەمانە هەموو هۆکارێکی گرنگی گەشەسەندن و فراوانبوونی ئەرک و بواری زمانی کوردیی بوون و لەو قۆناغەدا خەمخۆرانی زمان، توانییان چاکی مەردایەتی لێبدەن بە لادا و قۆڵی ماندونەبوونی لێهەڵبکەن و بژار و ڕاژەیەکی زۆری زمانی کوردیی بکەن، واتە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخە ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و فەرهەنگییەکەی کورددا، بواری بەکارهێنانی زمانی کوردیش گۆڕا و پێویستی بە خەمخۆریی و ڕاژەکردن و کاری زیاتر، بۆ پێشکەوتنی و خۆگونجاندن لەگەڵ کەش و پێشهاتە نوێیەکاندا هەبوو.

٥- ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و هاتنەئارای بارودۆخێکی تایبەت بۆ کورد، لەم پارچەیەدا و دروستکردنی پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگا فەرمییەکانی تر، هاوشان لەگەڵیدا دروستکردنی دەزگای ڕاگەیاندنی نوێ و جۆراوجۆر و دامەزراندنی خانەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە و چاپ و وەشان و دروستبوونی جۆرێک لە بازاڕی ئازاد و کرانەوەی هەرێم بە ڕووی دونیای دەرەوەدا، ئەمانە هەموو فاکتەری بەهێز بوون، بۆ گۆڕانی بوار و ئەرکەکامی زمانی کوردیی و پێویستبوونی هەموو ئەم بوارە نوێیانە بە وشە و زاراوەی پێویست بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە وشەیی و زمانییەکان و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان لە ڕێگەی داڕشتن و داتاشین و دروستکردن و وەرگرتن و قەرزکردنی وشەوە، بە مەبەستی دابینکردنی پێویستییە زۆر و گرنگەکانی وشەی بوارە جیاوازەکان بۆ ئاخێوەری کوردزمان.

٦- لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ و داگیرکردنی عێراق و هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ عێراق، بە تایبەت لەدوای دانانی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ و بە فەرمیی ناساندنی زمانی عەرەبی و کوردیی، وەک دوو زمانی فەرمیی لە عێراقدا بەپێی ماددەی (٤)ی دەستوری هەمیشەیی و دانان بە بەکارهێنانی زمانی کوردیی هاوشانی زمانی عەرەبیی لە سەرجەم بوارە فەرمییەکاندا، بواری بەکاربردنی زمانی کوردیی زیاتر فراوانبوو، زمانی کوردیی ئیتر لێرە بەدواوە، تەنها لە چوارچێوەی باشوری کوردستان و هەرێمدا نەمایەوە، بەڵکو بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراق، زمانی کوردیی وەک دووەم زمانی فەرمیی عێراقی فیدراڵ، هاوشانی زمانی عەرەبیی، مافی دەکارکردنی لە کۆی بوارە فەرمییەکانی عێراق و مامەڵە فەرمییەکاندا پێدرا، کە ئەمەش ئەگەر دەسەڵاتی ڕامیاریی کورد، نیشتمانیانە و نەتەوەییانە سوودیان لەم ماددەیە

وەربگرتایە، ئەوە زمانی کوردیی دەیتوانی لە ڕێگەی ئەم دەرچە یاساییەوە گەشەکردنێکی باش بەخۆیەوە ببینێ و پەل بۆ زۆر بواری جیاواز بهاوێژێت و سەرەتای هەنگاونان بێت بۆ بە نێونەتەوەیی کردن و ئاشناکردنی زمانەکەمان لە بوار و کایە جیاوازەکانی دەرەوەی سنورەکانی باشوری کوردستاندا.

٧- لەمڕۆدا پێشکەوتنی زانست و فراوانبوون و جۆراوجۆربوونی بوارەکانی تەکنەلۆژیای زانیاریی وایانکردووە، کە ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان ڕۆژانە پێویستیان بە وشە و زاراوەی نوێ هەبێت، بۆ هەڵکردن و خۆگونجاندن و وەڵامگۆییان بۆ پێداویستیی و گۆڕانە خێراکانی تەکنەلۆژیا، هەر بۆیە لەم ڕووەوە زمانی کوردیی، زمانێکی ڕاژەنەکراوی پشتگوێخراو و پەراوێزییە و دەبێت هەمووان: (مرۆڤی ئاسایی، پسپۆڕان، پارت و ڕێکخراوەکان، حکومەت و دامودەزگا فەرمییەکان)، بە ئەرکی لەپێشینەی خۆیانی بزانن و خۆیان لە زمانەکەیان بکەن بە خاوەن و شەو و ڕۆژ بخەنەسەریەک، تا بتوانرێت ئاستی زمانی کوردیش بگەیەنرێتە ئەو پلەیەی کە توانای وەڵامدەرەوەیی پێداویستییەکانی ئاخێوەرانی هەبێت، واتە ئەم قۆناغەی ئێستامان قۆناغێکی هەمەڕەنگ و فرە بوار و فرە ڕەهەندە، چ لەڕووی کۆمەڵایەتیی و چ لەڕووی زانستیی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی و ...هتد)دوە، بۆیە لەم قۆناغەدا پێشکەوتن و گۆڕانە زانستیی و کۆمەڵایەتیی و داهێنانەکان تەریبی گەشەکردنەکانی زمان نین و پێشکەوتنە تەکنەلۆژیی و زانستییەکان بە خێراییەکی زۆر و بەردەوام لە بەرەوپێشچووندان، کە ئەمەش وایکردووە، نەک زمانی کوردیی، بەڵکو زۆربەی زمانەکان، نەتوانێت وەڵامگۆیی بۆ ئەم هەموو گۆڕانە خێرایە هەبێت، بۆیە ئەگەر ئەمە بۆ زمانی گەل و وڵاتە پێشکەوتووەکان ڕاست بێت، کە خاوەنی توانایەکی بەرزی مرۆیی و زانستیی و ئابوریین، ئەوا بۆ ئێمەی کورد، کە تا ڕادەیەک دەسەڵات و گەل، بێباکن بەرانبەر پرسە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان، ئەوە ئاڵنگاریی و مەترسییەکان چەندان هێندە دەبن، بۆیە بۆئەوەی زمانەکەمان توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ گۆڕانەکانی قۆناغ و سەردەمدا هەبێت و بتوانێت وەڵامگۆی پێداویستییە وشەیی و زمانییەکانی ئاخێوەرانی بێت، پێویستە چ لەسەر ئاستیی فەرمیی (دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەت و پارت و ڕێکخراوەکان) و چ لەسەر ئاستی نافەرمیی تاک و ئاخێوەر، گرنگی بە زمانی کوردیی بدەن و بیپارێزن و جێگەی شایانی پێبدەن و هەوڵبدەن، ئاستی زمانەکە تا شوێنێک بەرزبکەنەوە، کە بتوانێت دەرۆستی ئەو هەموو گۆڕانە خێرایەی زانست و تەکنەلۆژیای زانیاریی و پێشکەوتنە هەمەچەشنەکان بێت، چونکە ئەگەر وانەبێت ئەوا زمانەکەمان دەبێتە زمانێکی لە کاروان بەجێماو، بێگومان زمانی لە کاروان بەجێماویش شایانی ئاخێوەر و نەتەوەی لە کاروان بە جێماوە و قسەکەری زمانەکەش چاوەڕێی زمانە لە کاروان بەجێماوەکەی خۆی ناکات و هەوڵی گۆڕینی زمانی دەدات، لە کۆتاییشدا بە زمانێکی تر پێدوایستییەکانی خۆی فەراهەم و دابیندەکات، ئەوکات زمانەکەمان مەوداکانی بەکاربردنی بەرتەسکدەبنەوە و ڕێگەی گەشەسەندنی بەرتەنگ و هەوراز دەبێت و وردە وردە دەبێتە زمانێک، کە تەنها بۆ ڕاییکردنی کاروباری ئاسایی ڕۆژانە بەکاردێت و دەبێتە زمانی قسەکردن، واتە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش نووسین، کە چۆن لە سەرەتای ئەم نووسینەدا تیشکۆمان خستەسەر ئەوەی کە زمانی کوردیی وەک کۆی زمانەکانی تر پێش قۆناغی پێنووسین، زمانی ئاخاوتن و زمانی بەڕێکردنی کاروبارە عادەتییەکانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی بووە و لە سەرەتادا ئەرکێکی کەم و سادەی بەپێی پێویستیی ئەو قۆناغەی ئاخێوەرانی لە ئەستۆدا بووە، بەڵام لە دواتردا و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی ژیانی مرۆڤی کوردزمان، لە ڕووەکانی: (ڕامیاریی، کۆمەڵایەتیی، ئایینی، ڕۆشنبیریی و کەلتوریی، ئابوریی، زانستیی، ...هتد) ئەرکەکانی زمانیش هاوشان و تەریبی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕاوە و فراوانبووە.

# چاوا زمان دهێتەگوهۆڕین؟



مەدینا مەحمەد

زمان باشترین ڕیک و بهێزترین ڕێکا پەیوەندی کرن و تێگەهشتنییە، هندەک ڕێکێن دن ژی هەنە، وەک: وێنە و ئاماژە لێ زمان ژ هەمییان باشتر و ڕێکوپێکترە. زمان ژی مینا هەر تشتەکێ دی بەردەوام د گوهۆڕینێدایە. زمانڤانێ ئەلمانی ڤێلهێلم هامبۆلت دەربارەی گوهۆڕینێن زمانی دبێژیت: چ دەم چرک) نینن کو زمان تێدا ڕاوەستیای بیت، زمان وەک هزرا مرۆڤییە کو بەردەوام د جۆش و خرۆشێدایە، زمان ب سرۆشتێ خوە پرۆسەیەکا گەشەکرنێیە نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، ٢٠١٦: ١٥٦. زمان ژی مینا هەر تشتەکێ دی دگوهۆڕیت و گەشە دکەت، هەلبەت ئەڤان گوهۆڕینان ژی ئەگەرێن خوە هەنە.

ب شێوەک گشتی شیاندایە دوو هۆکاران دیار بکەین بۆ گوهۆڕینا زمانان:

١- هۆکارێن ناڤخۆی.زمانی

٢- هۆکارێن دەرەکی نەزمانی

هۆکارێن زمانی:

ئەو هۆکارن کو ب زمانی دهێنە نیاسین، بریتینە ژ:

١- سڤککرن و مەزاختنا کێما وزێ

زمان بەردەوام د گوهۆڕینێدایە، ژ لایەکێڤە د ناڤبەرا پێدڤییاتییا مرۆڤیڤە و ژ لایەکێ دیڤە پێکۆلا مرۆڤی بۆ کێم کرنا چالاکییا هۆشی و جەستەی

بۆ کیمترین ریژە. ((گوهۆڕینەکا فۆنیمی کو ژبەر سڤکرنی دروستدبیت، رەنگە ژبەر هۆکاری مینا، حەزژێکرنا شێوازەکی تایبەتی ئاخڤتنی یان بۆ بالکێشانا دەوروبەری بۆ خوە یان ژبەر بۆچوونێن ئاخفتنکەری ب خوە، ژلایێ هندەک کەسانڤە بهێتە بکارئانین و هێدی هێدی بەلاڤ ببیت)). (عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا- شێرزاد سەبری عەلی, ٢٠١١: ٢٧٨). ب شێوەیەکی گشتی دپرۆسا سڤککرنێ دشێین بڤی شیوەی دیاربکەین:

١- گونجان

مەرەم ژێ، کو دەنگەک بهێتە گوهۆڕین، داکو ب ساناهی بهێتە درکاندن، وەک:

ئەرد ـ عەرد

٢- ژناڤچوونا دەنگی:

مەرەم ژێ ئەوە، دەنگەک، یان چەند دەنگ ژناڤبچن بۆ مەرەما ب ساناهی درکاندنێ، بێی کو کاریگەری ل واتایا پەیڤێ ببیت،نموونە:

کارکردن ـ کارکرن

٣- پەیدابوونا دەنگی

مەرەم ژێ ئەوە، دەنگەک یان برگەیەک ل سەر پەیڤێ دهێتە زێدەکرن، ب تایبەت ل دەمێ دوو بزوێن پێکڤە دهێن دێ نەبزوێنەک کەڤیتە د ناڤبەرا ئەواندا. وەک:

زانکۆ + ان = زانکۆیان

٤- جهـ گوهۆڕینا دەنگی

فۆنیمەک د ناڤ دەنگێن پەیڤێدا جهێ خوە دگوهۆڕیت. وەک:

بەفر ــ بەرف

٥- لێکدانا دەنگی

واتە دوو دەنگ ژناڤدچن و دەنگەک دی جهێ وان دگریت. وەک:

پەیوەندی ــ پێوەندی

٢- دەربرینا واتایێن نوو

ژبەرکو جڤاکی مرۆڤایەتی بەردەوام د گوهۆڕینێدایە، لەوا پێدڤی ب دەربرین و واتایێن نوی د ناڤ زمانیدا هەیە، کو پەیڤێن نوی بۆ تشت و رووداں و بۆچوونێن نوی دروستبکەن. (عەبدولسەلام




نەجمەدین عەبدوللا- شێرزاد سەبری عەلی, ٢٠١١: ٢٨١)

٣- وەرگرتنا پەیڤێ ب چەندین رێکان، ژ وان:

أ- وەرگرتنا وەکی خوە. وەک: کۆمپیوتەر, ئۆفیس

ب- وەرگێرانا پەیڤ ب پەیڤ. وەک: قلم ـ پێنووس ، معلم ـ مامۆستا

ج- تێکەلکرنا پەیڤا بیانی و زمانێ پێشوازیکەر: واتە پەیڤ ژ دوو پشکان پێکدهێت, پشکەک ژێ ب زمانێ دایکییە و پشکا دی ب زمانێ بیانییە. وەک: پلاندانان.

٢- هۆکارێن دەرەکی

ئەڤ هۆکارە ب هۆکارێن ژینگەهی دهێنە نیاسین،ئانکو ئەو ژینگەها زمان تێدا هەتا چ رادە دبیتە ئەگەرێن گوهۆڕینان ل سەر زمانی. گرنگترین ژ وان هۆکاران بریتنە ژ:

١- ئایین:

ژبەرکو ئایینی پەیوەندییەک بهێز لگەل زمانی هەیە, گەلەک کارتێکرنێ ل سەر دکەت و دبیتە ئەگەر هندەک چەمک و پەیڤێن نوی بهێن ناڤ زمانی. پشتی بەلاڤبوونا ئایینی ئیسلامی و موسلمان بوونا خەلکی کوردستانی گەلەک پەیڤێن ئایینی ئیسلامی هاتن د ناڤ زمانێ کوردیدا , هندەک ژ ڤان پەیڤان هاتنە وەرگێران بۆ سەر زمانێ کوردی و هندەک ژێ راستەوخۆ هاتن د ناڤ زمانێ کوردیدا. (عەبدولستار نیعمە ئالیخان, ٢٠١٨: ١٨).

پەیڤێن راستەوخۆ هاتین ناڤ زمانیدا

الذكاة - زکات

حج - حەج

جهنم- جەهنەم
پەیڤێن هاتین وەرگێران
صوم - ڕۆژی
وضوء - دەسنڤێژ
صلاة - نڤێژ

د بیرەوەرییێن جڤاکیدا ژی گەلەک پەیڤێن گرێدای خودێ و ئیسلامێ دهێنە بکارهینان. وەک: (ب خێر هاتن، خودێ ژ تە ڕازی بیت، خودێ لگەل هەوە بیت، خودێ وە پێکڤە پیروکال بکەت, خودێ ئیمانا تە قایم بکەت... هتد.

٢- تەکنەلۆجییا:

تەکنەلۆجییا ئێک ژ وان هۆکارێن دەرەکییە یێن دبن ئەگەر هندەک گوهۆڕین د ناڤ زمانیدا پەیدا بین و هندەک پەیڤێن نوی بهین ناڤ زمانیدا. ژ وان ئامیران ژی لاپتۆپ و مۆبایل, ئەڤ ئامیرە بووینە ئەگەر گەلەک ناڤ و هێما بهێن ناڤ زمانیدا. وەک: ڤایبەر, ئنستگرام وپۆست. ئازاد عەزیز سلێمان, ٢٠١٤: ٢٨.

٣- جوگرافییا:

هەر زمانەکێ سنوورێ جوگرافییا خوە یا تایبەت هەیە. هندەک جاران ژبەر تێکەلی و هاتنوچوونا د ناڤبەرا وان سنووراندا, ب تایبەتی ژی یێن جیرانێن ئێک کو دێ هندەک پەیڤ و زاراڤێن وان تێکەلی ئێک بن.

نموونە:

خەستە) د بنەرەتدا پەیڤەک فارسییە هاتی د ناڤ زمانی مەدا.(

* دۆلمە) د بنەرەتدا پەیڤەک تورکییە هاتی د ناڤ زمانی مەدا.(

٤- خوێندەواری و نەخوێندەواری:

گومان تێدا نینە کو شێوازێ ئاخفتنا کەسەک خواندەڤان و نەخواندەڤان دێ جیواز بیت ژ هەڤ, ب تایبەتی ژی ژ لایێ دڕکاندنا پەیڤ و ڕستەیانڤە. ئەڤ دیاردە پتر د ناڤ وان جڤاکاندا دیار دبن یێن ڕێژەک مەزن ژ کەسێن خواندەڤان و نەخواندەڤان پێکڤە تێدا دژین. نموونە:

| نەخواندەڤان | خواندەڤان |
| --- | --- |
| کتێب | پەرتووک |
| کولییە | زانکۆ |
| عەید | جەژن |
| سیارە | ترومبێل |
| مەرکەز | بنگەهـ |

٥- تابۆ

مەبەست ژێ ئەو پەیڤ و دەستەواژەنە یێن گۆتنا وان شەرم بیت یان قەدەغە کری بیت د ناڤ جڤاکیدا, هندەک جاران ژی وەک ڕێزگرتن ئەڤ پەیڤە ناهێت گۆتن. ئەڤ چەندە ژی ژ جڤاکەکی بۆ ئێکێ دی جیاوازە. ئەڤ دیاردە پتر د جڤاکێن گرتیدا دهێنە دیتن. ئاخڤتنکەر ل شوینا وان پەیڤان هندەک پەیڤێن دی دبێژیت. (عەبدولستار نیعمە ئالیخان, ٢٠١٨: ١٤). نموونە:

* دەمێ ئاخڤتنکەر پەیڤا (کەر) بکاربهینیت, دەستپێکێ دێ بێژیت: حاشا, حاشای حازران یان دێ بێژیت: گوهـدرێژ.

* ل شوینا پەیڤا )سەرەتان( پەیڤا [ئێشا پیس یان پەنجەشێر دهێتە بکارهینان.

د ئەنجامدا دیار دبیت, هیدی هیدی گوهۆڕین ڕوییددەت و هەمی زماندا دیاردا گوهۆڕینێ پەیدا دبیت, ئانکو گوهۆڕین نە دیاردەک تایبەتە ب زمانەکێ دیار کریڤە. ژێدەرێن مفا ژێ هاتین وەرگرتن:

پەرتووک:
١- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا – شێرزاد سەبری عەلی, زمانڤانیا تیۆری, چاپخانا حەجی هاشم, هەولێر, ٢٠١١.
٢- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو, زمانەوانی کارەکی, بەرگی یەکەم, چاپانەی هیڤی, هەولێر, ٢٠١١.
نامەیێن ئەکادیمی:
٣- ئازاد عەزیز سلێمان, ململانێی زمان, ماستەرنامە, کۆلیژا ئادابێ, زانکۆیا سەلاحەدین, ٢٠١٤.
٤- عەبدولستار نیعمە ئالیخان, کاریگەریا نفشی لسەر شێوازێ دەربڕینا داخوازیان, ماستەرنامە, کۆلیژا زانستێن مرۆڤایەتی, زانکۆیا زاخۆ, ٢٠١٨.

# بۆچی (داهێنان، یاخیبوون و ژن)؟



هەواڵنامەی کتێب

نەوال ئەلسەعداوی - و/ ڕۆژا حەمەساڵح

ئەم سێ وشەیە؛ داهێنان، یاخیبوون و ژن، لای زۆرێک لە پیاوانی جیهان، نەک بە تەنها پیاوانی عەرەب، بگرە لای هەندێک لە ژنانیش دەبێتە هۆی توڕەبوون یان لانی کەم دڵەڕاوکێی، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی سیستەمی کۆیلایەتییەوە، ئەم سێ وشەیە پەیوەست کراوە بە ئەهریمەنەوە، کە هۆکاری سەرپێچی و یاخیبوون و هاندانی ژنانە بۆ گوناهکردن، یان وەرگرتنی مەعریفە.

پەیوەندییەک لە نێوان داهێنان و زانین (گوناهکردن) دا هەیە، یاخود هۆشیاریی بوون بەو نادادپەروەریی و ئەو جیاکارییەی لە نێوان مرۆڤەکاندا دەگوزەرێت. نەزانین فەزیڵەت بوو (ئێستاش هەروایە)، لێرەوە پەیوەندیی نێوان یاخیبوون و داهێنان و هۆشیاریی دێتە ئاراوە. یەکەم داهێنەر و یەکەم یاخیبوو لە مێژوودا ژن بوو، چونکە لە یاخیبوون و بەدەستهێنانی زانیندا، پێش پیاوەکەی کەوت، ئەگەر داهێنان و یاخیبوونی ژن نەبووایە، مرۆڤ و مرۆڤایەتی بوونی نەدەبوو.

ئەگەر لە سەرەتاوە داهێنان و یاخیبوونی ژنان نەبووایە، ئێمە نەدەبووین و نەدەهاتینە بوون، کەواتە بۆچی ئەم سێ وشەیە، ئەم هەموو ناڕەزایەتی و توڕەیی و دڵەڕاوکێیەی لێدەکەوێتەوە، کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە و لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوە سیاسییە ئایینییە "فەندەمێنتاڵەکان"، ئیتر



چ ئیسلامی بێت، یان مەسیحی، یان جوولەکە، یان هیندۆسی، یان بودایی ..هتد، تا دێت زیاتر دەبێت.
شتێکی سروشتییە، کە ئەو سیستەمە سیاسییەی لەسەر بنەمای هێز وەستاوە، نەک دادپەروەریی، پشت بە هێزێکی غەیبی ببەستێت، و "ئایین" وەک چەکێک لە دژی ژن و پیاوی کۆیلە بەکاربهێنێت، هەروەها کارێکی سروشتیشە، کە پیاوان و ژنانی چەوساوە، "ئایین" وەک چەکێک لە دژی حوکمڕانانی دەوڵەت، یان خێزان بەکاربهێنن، ئیتر بەپێی تێگەیشتنی هەر یەکێکیان بۆ مانای ئایین.
ئەمە ئەو ململانێیە، کە تاکو ئەمڕۆ تێیدا دەژین، ململانێیەک هێندەی کۆیلایەتیی کۆنە، ململانێیەکی مۆدێرنیشە، کە لەگەڵ گەشەسەندنی سیستەمی سیاسی و ئابوری و کلتوری و میدیا، گەشەدەکات.

**١/ وێرانکردنی عەقڵ:**

سەردەمی مۆدێرن و سەردەمی پاش مۆدێرن بە پێشکەوتنی کەرەستەکانی ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی پەیوەندی جیادەکرێتەوە، کە بە سەردەمی زانیاریی ناودەبرێت، لەم سەردەمەدا چەکی ڕاگەیاندن زۆر مەترسیدارترە لە چەکی سەربازیی. چونکە وێرانکردنی عەقڵ، یان هۆشیاریی ساختە زۆر مەترسیدارترە لە وێرانکردنی باڵەخانە و دام و دەزگاکان. وێرانکردنی عەقڵ وا لە مرۆڤ دەکات (ژن بێت، یان پیاو) لە هاوڕێی خۆی بدات لە بری ئەوەی لە دوژمن بدات، میللەت لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە چەواشەدەکرێت بەوەی کە دژی بەرژەوەندییەکانی خۆی بووەستێتەوە.
وێرانکردنی عەقڵ وا لە ژن دەکات کە باوەڕ بە بیری کۆیلایەتی بهێنێت، دەکرێت بە ئامرازێک بە دەست پیاوێکەوە یاخود هاوسەرەکەی، لێیبدات و سوکایەتی پێبکات و لە کارکردندا لە ناو ماڵ و لە دەرەوەی ماڵیش وەک کۆیلە لێیبڕوانرێت، لەژێر ناوی ئایین و کولتور و ناسنامە و ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی .. هتد.
سروشتی مرۆڤ وایە ئیدی (ژن بێت، یان پیاو) یاخیببێت و دژی یاساکانی نادادپەروەریی ڕاپەڕێت، بەڵام وێرانکردنی عەقڵ وا لە زۆرێک لە ژنان دەکات، کە قبوڵی ئەو ستەمانە بکەن کە لێیان دەکرێت، وەک ئەوەی یاسایەکی خودایی، یان سروشتی بێت، کە لەگەڵ سروشتی ژنانەدا ڕێکبکەوێت، هەر بۆیە بە پێی ئەو یاسایە ژن نابێت شۆڕش بکات، یاخود یاخی ببێت، هەندێ جاریش دەبێت گوێڕایەڵی دۆخی ژیانی بێت و ستەم و لێدانیش قبوڵبکات، و تەنانەت ئەگەرلەو پێناوەشدا مردبێت نابێت بەرگریی لە خۆی بکات.
چەند ڕۆژێک، یان هەفتەیەک لەمەوبەر لێرە لە قاهیرە، دوو کچ لە بیستەکانی تەمەنیاندا خۆیان کوشت، ئەو دوو کچە گیانی خۆیان کردە قوربانی ئەو بیرۆکانەی، کە بەتەواوی عەقڵییەتیانی وێرانکردبوو، گوایە دەموچاوی ژن عەورەتە و دەبێت بە نیقاب داپۆشرێت، هەروەها گوێڕایەڵیی ژن بۆ پیاو ئەرکێکی ئایینییە، تەنانەت گەر ئەوە پاڵنەرێکیش بێت بۆ ئەوەی خۆی بکوژێت.
کاتێک ژن دەبێتە دژی خۆی، ئێمە دەبێت چی بکەین؟ ئەمە یەکێکە لەو کارە سەختە گرنگانەی کە ڕووبەڕووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ژنان لە تەواوی جیهاندا دەبێتەوە، بە تایبەتی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، نەک لەبەر ئەوەی لە ناو ئایینی ئیسلامدا ژنان زیاتر دەچەوسێنەوە، یان ئایینێکە دیموکراسیی تێیدا کەمە، یاخود لە چاو

ئایینەکانی تردا زیاتر بێتوانایە لە گەشەکردن، وەک ئەوەی هەندێک لە بیرمەندانی ئەورووپی و ئەمریکی بانگەشەی دەکەن؛ بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە وڵاتە عەرەبییەکانمان بۆ چەندین سەدە کەوتنە ژێر هەژموونی کۆلۆنیالیزمی دەرەکی و ستەمکارە ناوخۆییەکانیانەوە، ئەمەش وای کرد کە ئەو پەرەسەندنە سروشتییە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتورییەی تێکبدات، کە لە وڵاتانی دیکەدا ڕوودەدات. ئەمڕۆ وڵاتە عەرەبییەکانمان بەدەست داگیرکارییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە عێراق و فەلەستین دەناڵێنن، هەروەها شەڕی دڕندەیی ئابووریی جیهانگیریی سەرمایەداری، کە بە ڕەهایی زۆرینەی ژنان و پیاوان و گەنجانی وڵاتەکانمانیان کردووە بە پەیکەرێکی بێرۆح، کە لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، هیچ هیوایەکیان بە ژیان نەماوە جگە لە کۆچکردن بەدوای کار و بژێوی ژیان، یان هەڵهاتن لە دەست سیستەمە دیکتاتۆرییەکان.

## ٢/ فراوانبوونی چەمکی داهێنان:

داهێنان هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و کەلتوریی و ئاینیی. بزووتنەوەکانی ژنان لە جیهان و لە وڵاتانی ئێمەدا، تا ڕادەیەک گەشەیانکردووە تاوەکو لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکاندا هاوسەنگبن، هەروەها بۆ تێپەڕاندنی ئەو سنوور و کۆتوبەندانەی کە لە ڕابردوودا هاوەڵیان بوون.

بزووتنەوەکانی ژنان چیتر بە تەنها لە ژناندا قەتیسنەبوون، بەڵکو پیاوانیشی لە خۆگرتووە، کە شەڕی هەمان سیستەمی چینایەتیی پیاوسالاری و بزووتنەوە سیاسییەکانی دیکەش دەکەن و بەرهەڵستی شەڕ و جیهانگیرین، ژنان لە هەموو بوارەکانی داهێنانی هزری و فەلسەفی و بە بواری ئایینیشەوە ڕۆڵی خۆیان هەبووە، لێکدانەوەی ئایینی بۆ ئایەتەکان چیتر بە تەنها لە ناو پیاواندا قەتیس نییە، بەڵکو ژنانیش هاتوونەتە ناو ئەم بوارە و داهێنانێکی نوێی هزریی لە لێکدانەوەی تەورات و ئینجیل و قورئان و کتێبە ئایینیەکانی دیکەدا هێناوەتە ئاراوە، پشت بە جەوهەری ئایین یان ڕۆحی دەق دەبەستن ، دەقەکان دەگێڕنەوە بۆ کات و شوێنی خۆی و شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی دابەزینی ئایەتەکان و بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندییە گۆڕاوەکان بەسەر دەقە جێگیرەکاندا دەکەن.

ژن بواری هزری تیۆریی تێپەڕاند بۆ بواری پراکتیک و کردار، ئەو توانی پێگەی خۆی لە ناو کڵێسادا داگیربکات، کە لە ڕابردوودا تەنیا بۆ پیاوان سنووردداربوو، خۆ ڕەنگە بەم زوانەش گوێبیستی ئەوە بین، کە ژنێک پێگەی پاپا لە ڤاتیکان داگیربکات.

هەروەها ژنی موسڵمانیش توانیویەتی ڕۆڵی ئیمام ببینێت، خۆ ڕەنگە بەم نزیکانە گوێبیستی ئەوەش بین کە ژنێک پۆستی شێخی ئەزهەر وەربگرێت، کە ئەمەش دەکرێت بە هەڵبژاردن بێت، نەک بە دامەزراندن.

هەروەها ژنان توانیویانە بڕۆنە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوە و خۆیان بۆ سەرۆکایەتی دەوڵەت کاندیدکردووە، ئەم هەوڵانەش وای کردووە کە مشتومڕ لەسەر تواناکانی ژنان درووستبکات کە پێشوتر بە تەنها بۆ پیاوان بە ڕەوا بینراوە، ئەمە لە ئێران و جەزائیر و میسر و وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامیش ڕوویداوە.

کارەکە لەوەدا نییە کە ژن بێت یان پیاو، ئەوەش بەس نییە کە دەبێت مرۆڤ ژن بێت، بۆ ئەوەی حاکمێکی دادپەروەربێت، نموونەی ژنان هەن کە وەک مارگرێت تاچەر یان کۆندۆلیزا رایس و نموونەی دیکەش کە بە جەستە ژنن، بەڵام عەقڵێت و بیرکردنەوەیان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ عەقڵی جۆرج بۆش و دۆناڵد رامسفێلد و ئەوانی تر.

لێرەدا گرنگیی داهێنان لەوەدایە، کە سەرکەوتووبێت لە لابردنی پەردە لەسەر عەقڵی ژنان و پیاوان، ئەوا عەقڵییەتانەی کە بە هزری چینایەتیی کۆنەپەرستیی پیاوسالاریی وێرانبووە، ئیدی چ لە بواری سیاسیی بێت، یان ئابوریی، یان فەرهەنگیی یان ئاینیی و بوارەکانی تریشدا.

داهێنان ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبێت کە بتوانێت

سیستەمی باو و کۆنەپارێز و نۆرم و پرنسیپە کۆنەکانی کۆمەڵگە تێکبشکێنێت، سیستەمێکی نوێی پێشکەوتوخواز بهێنێتە ئاراوە کە زیاتر دادپەروەرانە و ئازادیخوازانە و مرۆڤدۆستانە بێت.
بەڵام هەمیشە قۆناغێک لە نێوان هەردوو سیستمی کۆن و نوێدا بوونی هەیە، قۆناغێکی گواستنەوەی پێویست، پشێویی، یاخیبوون، یان ئاژاوە لەخۆدەگرێت، ئەمەش ماوەیەکی کورتخایەنە، بەڵام ترس و دڵەڕاوکێ و گومان لە ناخی زۆرینەی مرۆڤەکاندا دەخولقێنێت، جگە لە ژن و پیاوە داهێنەرەکان.

هێشتا وشەی یاخیبوون، یان ئاژاوەنانەوە وشەیەکی نێگەتیفانەیە، زۆرجار دەیبەستنەوە بە حاڵەتی شێتی، وەک چۆن داهێنان بەستراوەتەوە بە شێتییەوە، بە تایبەت لە دۆخی ژناندا؛ من لەو کاتەوەی دەستم بە پێنووسەوە گرتووە و دەنووسم لە دژی ئەو زوڵم و ستەمانەی کە لە ژنان دەکرێت، بە کەسێکی شێت تۆمەتبار دەکرێم. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە ناو پەرلەمانی میسردا یەکێک لە پیاوەکانی دەسەڵات تەنیا لە بەر خۆکاندید کردنم بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بە شێت وەسفیکردم، لە کاتێکدا وەسفی هیچ کام لە پیاوە کاندیدکراوەکانی تری بەم شێوەیە نەکرد.
هەنوکە بیردۆزی ئاژاوە بووە بە بەشێک لە زانستی گەردوونناسی نوێ، وە عەقڵی مرۆڤ درکی بەوە کردووە کە سیستەمی نارێک بەشێکە لە خودی سیستەم، وەک چۆن شەو بەشێکە لە ڕۆژ، مردن بەشێکە لە سوڕی ژیان، شێتیش بەشێکە لە عەقڵ و داهێنان.

**٣/ دیالەکتیک و پرسیاری نوێ:**

لەگەڵ هەر داهێنانێکی نوێدا ململانێیەک لە نێوان کۆن و نوێدا دروستدەبێت، لە نێوان کۆیلایەتی و ڕزگارییدا، لە نێوان نادادیی و دادپەروەریدا، لە نێوان لۆژیک و نالۆژیکیدا، نوێ سەردەکەوێت و عەقڵ زاڵ دەبێت بەسەر کارە نابەجێکاندا و پرسیاری نوێ و نامۆ دەردەکەون.

قۆناغەکانی ململانێ پێویستن، کارێکی ئەرێنین مادام ململانێکان دەبێتە هۆی دیالۆگ و مشتومڕ نەک هۆی کوشتن و خوێنڕشتن.
لەم دواییانەدا لە میسر مشتومڕ لە دەوری ئەو پرسیارەدا درووستبوو: ئایا دروستە ژن ببێتە سەرۆکی دەوڵەت؟ وەک هەمیشە پێشەواکانی ئاین دابەش بوون؛ شێخی ئەزهەر (دکتۆر: محەمەد سەید تەنتاویی) ڕایگەیاند: کە دروستە ئافرەت لە ئیسلامدا پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار وەربگرێت، لە کاتێکدا بەرێزی موفتی (دکتۆر. عەلی جومعە) ڕایگەیاند: کە ئیسلام بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە ژنان نادات بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک دەوڵەت، کاتێک لێیان پرسی: بۆچی؟ گووتی: بەهۆی سروشتی فیسیۆلۆژی ژنەوە، ئەوی لە کاتی سوڕی مانگانەدا پێوەی دەناڵێت!
ڕەنگە مامۆستای موفتی نەڕۆیشتبێتە گوندەکەی من، یان بۆهیچ گوندێکی دیکەی میسر، تا بزانێت سوڕی مانگانە لە خۆرهەڵاتن تا خۆرئاوابوون ڕێگری لە کارکردنی ژنانی جوتیار ناکات، بەڵکو ژنی جوتیار لە کاتی کارکردندا منداڵەکەی لەناو کێڵگەدا دەبێت، بە تەور ناوکەداوی منداڵەکە دەبڕێت، وێڵاشەکەی لە زەویەکەدا دەنێژێت، کۆرپەلەکەی دەخاتە ناو سەبەتەکەی سەر سەریەوە و لەسەر پێی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، تاوەکو ژەمی ئێوارە بۆ خێزانەکەی درووستبکات.
پرسیارێکی تر هاتە ئاراوە: ئایا درووستە ئافرەت بەرنوێژی (ئیمام) نوێژکەرەکان لە مزگەوتدا بکات؟ هەروەها لێرەشدا بۆچوونەکان دابەشبوون؛ زۆربەی پیاوەکان دژایەتیانکرد، هەروەها هەندێک لە ژنانیش، لەوانە دکتۆر سوعاد سالح، ڕاگری کۆلێژی خوێندنی ئیسلامی لە زانکۆی ئەزهەر، گووتی: مەرجەکانی بەرنوێژیکردن لە ئیسلامدا بریتین لە عەقڵ و باڵغبوون و پیاوێتی؛ بۆیە درووست نییە ئافرەت بەرنوێژی بکات. بۆچی؟ چونکە جەستەی ژن لە کاتی کڕنۆش و سوجدە بردن لەبەردەم پیاواندا ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە پیاوان بوروژێن و کاری خراپەبکەن.

ئەم لۆژیکە لە سەر بیرۆکەی باڵاپۆشکردنی ژنان بۆ دوورکەوتنەوەیان لە فیتنە و خراپەکاریش دەگونجێت، وەک ئەوەی ڕەوشتی پیاوان ئەوەندە ناسک بێت کاتێک چاویان دەکەوێتە سەر دەموچاوی ژنێک، یان جووڵەی جەستەی ژنێک لەکاتی کرنوش بردندا توشی هەڵە دەبن. کەواتە لێرەدا گرفتەکە لە ژنەکەدا نییە، بەڵکو ڕەوەشتی ناسکی پیاوانە، کە جنس و شەهوەت سەرقاڵی کردون تەنانەت لە کاتێکدا کە لە نوێژدان و لە بەردەم خودادا کرنوشدەبەن. هەر بۆیە وا باشترە چاکسازیی لە ڕەوشتی پیاواندا بکرێت، نەک ژنان دابرێن و لە پشتی پەردەوە بیانشارنەوە، یان ڕێگای کارکردنیان لێبگیرێت ئیدی لە هەر بوارێکدا بێت.

بەڵام سیستەمی کۆیلایەتی (چینی باوک سالاریی) لە سەرەتای درووستبوونیەوە تا ئەمرۆ خراپەکاری ئەخلاقی و جیاکاری جێندەری بەرهەم هێناوە؛ پیاو مافی خۆیەتی لە دەرەوەی هاوسەرگیری هەموو ئارەزووە سێکسییەکانی و ڕابواردنە زۆرەکانی جێبەجێبکات، بەبێ ئەوەی لە ڕوی یاسایی و ئایینی و نەریتییەوە بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت.

لێرەدا دەمەوێت باس لە ڕوداوێک بکەم کە لە ژیانی گەنجێکی میسریدا ڕویداوە، ئەو لە بواری هونەردا کاردەکات (ئەحمەد ئەلفیشاوی)، ئەو گەنجە ئامادە نەبوو کچەکەی بخاتە سەر ناوی خۆی، سەرەڕای دانپێدانانی بە پەیوەندی سێکسی نێوان خۆی و دایکی کچەکەی ئەندازیار (خاتوو هیند ئەلحناوی)، ئەو گەنجە سەرەڕای پێشێلکردنی بنەما بنەڕەتیەکانی ڕەوشت و چاکە، پەنای بۆ یاسا و شەریعەت و داب و نەریت برد.

هەزاران ژن لە وڵاتی ئێمەدا هەن، هەزاران منداڵیش کە بوون بە قوربانی خراپەکاریی ئەخلاقی پیاوان، ئەم جیابوونەوەی نێوان دەسەڵاتی پیاوسالاریی و بەرپرسیارێتییە، ئەم بۆشایە مەترسیدارە لە سیستەمی کۆیلایەتیدا کە تاوەکو ئەمرۆش زاڵە، بە تایبەت لە ناو خێزانی پیاوسالاردا؛ کە تەنیا ناوی باوک تێیدا خاوەن شەرەف و ڕێز و کەرامەتە، لە کاتێکدا ناوی دایک هیچ شەرەف و ڕێز و کەرامەتێکی نییە. زۆرێک لە وڵاتانی جیهان لەم کێشەیە دەربازبوون و منداڵ تێیدا مافی خۆیەتی ناوی دایکی هەڵبگرێت و هەمان ڕێز و شەرەفی لێبگیرێت وەک هەر منداڵێکی تر.

### (٤) یاسای خێزانی باوکسالاریی

لە وڵاتی ئێمەدا یاسای خێزانی باوکسالاریی هەر وەک یاسایەکی کۆیلایەتی دەمێنێتەوە، تاوانبار لە"پیاو" ئازاد دەکات چونکە بەهێزترینە، سزای قوربانییەکان لە "منداڵ و ژن" دەدات چونکە لاوازترینن.

بزووتنەوەکانی ژنان لە وڵاتی ئێمەدا لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە تا ئەمرۆکە شەڕی ئەم یاسایەیان کردووە، سەرەڕای ئەو هەموارکردنە کەمانەی کە لە دەیەکانی ڕابردوودا ڕوویانداوە، بەڵام کرۆکی یاساکە هێشتا هەر کۆیلایەتییە، لەگەڵ بنەماکانی ڕەوشت و دادپەروەریدا ناگونجێت، پیاوێکی پیر لە حەفتاکان یان هەشتاکانی تەمەنیدا دەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی دیکە بکات و بە پارە لە بازارەکانی هاوسەرگیریدا بیکڕێت (بەپێی ئەو کاریکاتێرەی کە لە ڕۆژنامەی ئەلئەهرامدا لە ٦ی ئایاری ٢٠٠٥ بڵاوکرایەوە، کە تێیدا وێنای دوو پیاوی پیر دەخاتە بەر دیدەمان، پارەی پلەبەرزبوونەوەی موچەیان لە ١٥٪ وەرگرتووە، یەکەم بیرۆکەیەک کە بە خەیاڵایاندا هاتووە ئەوەیە کە هاوسەرگیریی لە گەڵ ژنێکی دیکە بکەن).

لە گەشتێکمدا بۆ وڵاتی جەزائیر، بۆم دەرکەوت کە بزووتنەوەی ژنانی جەزائیر بەم دواییە سەرکەوتوو بووە لە هەموارکردنەوەی پانزە مادە لە یاسای خێزانی، سەرەڕای نارەزایەتی ڕەوتە ئیسلامییە فەندەمێنتاڵەکان، گرنگترینی ئەم هەموارکردنانە ئەوەیە کە مێرد مافی ڕەهای نەبێت بۆ جیابوونەوە و فرەژنی، چیتر ئەو مافەی نییە بچێتە دادگا و ئەم کارە بکات وەک چۆن هاوسەرەکەی ئەو مافەی نییە، هەروەها مێرد یان باوک چیتر سەرۆکی خێزان نییە، بەڵکو ئەندامانی خێزان بە پێی لێهاتوویی و ڕەوایی سەرۆک خێزانی خۆیان هەڵدەبژێرن

( ئیدی باوک بێت، یان دایک) نەک بەپێی ڕەگەز. ئەم دەستکاریکردنە زۆر گرنگە، چونکە بناغەکانی دیموکراسی سەرەتایی لە ناو خانەی کۆمەڵایەتیدا خێزانـــــە، دیموکـــراسی ڕاستەقینە ڕەفتارێکی مرۆڤە لە دایکبوونییەوە تاوەکو مردن ، تەنیا برِیارێک نییە کە لە لایەن پەرلەمان یان سەرۆک دەربچێت، دیموکراسی تەنیا چوون بۆ دەنگدان و هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان یان سەرۆک نییە، بەڵکو ئەوەیە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە بتوانێت بە پراکتیزەکردن لە هەڵبژاردنەکانیدا ئازادبێت.

بزووتنەوەی ژنان لە میسر نەیتوانی شتێکی هاوشێوەی ئەو کارانە بەدەستبهێنێت کە بزووتنەوەی ژنانی جەزائیر بەدەستیان هێناوە؛ ژنانی جەزائیر شەڕی دژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسایان کرد، لە خۆپیشاندانەکاندا دژی ڕەوتی ئایینی تیرۆریستی ڕژانە سەر شەقامەکان، ڕووبەڕووی مەرگ و سوتاندن و سەربرین بوونەوە، بەڵام ئازایانە و بوێرانە بەردەوام بوون لە خەبات و تێکۆشان و درێژەدان بە داهێنانەکان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوریدا؛ داهێنان بە بێ ئازایەتی نایەتە ئاراوە، ئەو بە خوێن و جەستەی خۆی باجی داهێنانی داوە؛ چونکە داهێنان باجی دەوێت، زۆر جار باجی گەورەشی دەوێت.

یاسای خێزانی باوکسالاری لە وڵاتانی عەرەبی ئێمەدا ئەو کوڵەکەیە یان ئەو بڕبڕەی پشتەیە کە سیستەمی چینی باوکسالاریی جەختی لە سەر دەکات و دەمێنێتەوە، کە بە یەکسانی خەفەت بە ژنان و هەژاران دەدات، وە لە دەسەڵاتە ستەمکارە




ناوخۆیەکان و هێزی کۆلۆنیالیزمی نێودەوڵەتیدا بەرجەستە بووە.

**(٥) ئازادکردنی تاوانبار**

لێرەدا ئەو بەرهەڵستییە بەهێزەی کە بەرامبەر هەر گۆرانکارییەک لەم یاسایەدا ڕوودەدات، بە تایبەت لەلایەن ڕەوتە سیاسییە ئایینیە فەندەمێنتاڵەکانەوە؛ زۆرجار ئایینەکان خزمەت بە سیاسەت دەکەن، سیاسەتیش لە سەردەمی کۆیلایەتییەوە هەمیشە ئاغای بەهێز لە سەر حەق دەبینێت ئەگەر هەڵەش بکات. وەک چۆن تاوانبار لە ناو خێزانە بچوکە باوکسالارەکاندا ئازاد دەکرێت، بە هەمان شێوە تاوانبار لە ناو شانۆی سیاسی نێودەوڵەتیدا ئازاد دەکرێت.

ئایا جۆرج بوش یان ئێریڵ شارۆن لەسەر تاوانەکانی جەنگ لە عێراق و فەلەستین و ئەفغانستان و چەندان وڵاتی دیکە دادگایی کران؟! جۆرج بوش (وەک فەرمانڕەواکانی دیکە) هێزی خۆی لە ڕەوتە فەندەمێنتاڵەکانی مەسیحی، جوولەکە، ئیسلامی و ڕەوتەکانی دیکەوە وەردەگرێت، بەرنامە سیاسییەکەی لەسەر بنەمای ئەوەیە کە ناوی دەنێت پاراستنی فێرکاریەکانی کڵێسا بە مەبەستی پاراستنی بەها و نەریتە خێزانییەکان.

لێرەوە لێکچوونی نێوان بەرنامەکانی جۆرج بۆش و ئوسامە بن لادن و دەسەڵاتی تاڵیبان و قاعیدە و هێزە ئایینیە سیاسیەکانی دیکە دەردەکەوێت کە لەگەڵ سەرهەڵدانی هێزەکانی سەرمایەداری و جیهانگیری نوێدا پێشکەوت. هەردووکیان (جۆرج بوش و بن لادن) دوو دیوی یەک دراون، سەرەڕای جیاوازی زمان و ئایین و نەتەوە.

**(٦) بەرەو هاوپشتیی جیهانی و شوناسی مرۆڤبوون**

ئەوەی هیوا و گەشبینیمان پێدەبەخشێت، سەرەڕای ئەو دابڕانەی کە تێیدا دەژین لە هەموو بوارەکاندا، بریتییە لەم هاوپشتییە جیهانییەی نێوان گەلان، ژن و پیاو، باکوور و باشوور، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، بەبێ گوێدانە جیاوازیەکان. هەروەها ئەم داهێنانە سیاسی و هزرییانەی ژن و پیاو لە سەرجەم پسپۆڕی و ئاراستەکاندا، ئەم بەرزڕاگرتنەی هاوپشتی و ئەو فاکتەرانەی کە گەلانی جیهان و ژن و پیاو و گەنجان کۆدەکاتەوە، بەبێ گوێدانە ڕەنگ و ڕەگەز و ئایین و چین و نەتەوە و ڕەگەزنامە.. هتد.

بزووتنەوەی جەماوەری جیهانی دژ بە جەنگ و جیهانگیری سودی لە بزووتنەوەکانی ژنان وەرگرتووە، وە لە هزری ژنان کە پێشینەیان هەبووە لە چارەسەرکردنی ئەو جیاکاریە بۆماوانەی کە لە کۆیلایەتییەوە ماونەتەوە، جیاکاری نێوان ژیانی گشتی و ژیانی تایبەتی ناو خێزانی هەڵوەشاندەوە، هەروەها لە نێوان داهێنەرە فەلسەفییەکانی بواری بیرکردنەوە و تیۆریدا و داهێنەرە جەستەیەکانی بواری سەما و ڕیتم و مۆسیقا و گۆرانی و پەیکەرسازی و نیگارکێشانیش.

پاشان هەڵوەشاندنەوەی جیاکاریی نێوان کاری هونەریی و ئەدەبیی، لە نێوان کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە نێوان خەباتی ناوخۆیی و خەباتی جیهانیدا، لە نێوان فۆرم و جەوهەرەکەی، لە نێوان سوبێکت و ئۆبێکتدا، لە نێوان ڕۆح و جەستەدا، لە نێوان خودی تاک و خودی بە کۆمەڵ، لە نێوان رابردوو و ئێستا و داهاتوودا، و لە نێوان ئێگۆ و ئەوی دیکەدا.

چیتر نووسینی داهێنەرانە، مۆسیقا، یان سەما بەس قسە نییە، بەڵکو کرداری لەگەڵدایە، بەڵکو دیواری نێوان گفتار و کردار، تیۆر و پراکتیکی هەڵوەشاندەوە. بزووتنەوەی سیاسی ژنان لە توانایدایە بە ڕووی بزوتنەوەکانی تردا بکرێتەوە، فرەلایەنی ببێتە بنەما نەک تاکلایەنی و گۆشەگیری لە سەر خود، ڕێکخراوەکە ئاسۆیی و فراوان بێت، نەک داخراوبێت.

ئەم هاوپشتییە جیهانییە نوێیە لەم هۆڵەدا بەرجەستەبووە، ئەم کۆنفرانسەی کە خەباتی نێوان سەماکارێکی سویدی وخەباتی فەیلەسوفێکی هیندی و مامۆستایەکی زانکۆی عەرەبی و شاعیرێکی ژن لە نەیجیریا و نووسەرێک و دکتۆرێک و توێژەرێک و مۆسیقاژەنێک و ڕۆژنامەنووسێک و نیگارکێشێک و پەیکەرتاشێک و ڕۆمانووسێک لە میسر و هۆڵەندا و ئوردن و بەلجیکا و سوریا و عێراق و فەلەستین و لوبنان و کاریبیان و پاکستان و ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و کینیا و باشوری ئەفریقا و ئەمریکای باکور و ئەمریکای لاتین و نەرویج و سۆماڵ و ئەڵمانیا و ئیماراتی عەرەبی و بەحرین و ئیسپانیا و وڵاتانی دیکەی جیهان کە نوێنەرایەتی لێدەکەن، کۆدەکاتەوە. بەشێوەیەک داهێنانی سیاسی لەدژی شەڕ و کۆلۆنیالیزم، لەگەڵ خەبات لەدژی زمانی باوکسالاریی چینایەتی و هۆشیاریی ساختە، یەکدەگرنەوە. لێرەدا؛ دووبەرەکی و جیاوازییە بۆماوەییەکانی نێوان ئایین و نەتەوە و ڕەگەز و ڕەنگەکان و جۆرەکان، نێوان ژنان و پیاوان، دەتوێنەوە و نامێنن.

داهێنانی ژنانە لەم هۆڵەدا؛ جیاکاری ناکات لە نێوان یاخیبوونی سیاسیی گشتی و یاخیبوونی کەسایەتی لە ناو ماڵدا، یاخود لەنێوان بەرەنگاریی لەدژی ستەمی ئابووری و ستەمی سێکسی. داهێنانی ژنانە؛ جەخت لەوە دەکاتەوە کە باشترین ئینتیما بریتییە لە ئینتیما بۆ مرۆڤایەتی و بەهاکانی ئازادی و دادپەروەری و خۆشەویستی و ئاشتی. تاکە شوناسە کە ژن و پیاوە داهێنەرەکانی سەرجەم وڵاتان کۆدەکاتەوە، کە ئێمە خەونی پێوەدەبینین و هەوڵ دەدەین لە داهاتوویەکی نزیک یان دووردا بەدەستی بهێنین.

---

بەشێک لە پەرتوکی ( لە سەر ژن و ئایین و ڕەوشت) نووسینی د.نەوال ئەلسەعداوی .

# بلیمەتێک لە زەمەنێکی هەڵەدا



کاروان عوسمان شوانی

دەگمەنە کەسێک بدۆزیتەوە، خوێنەر بێت و کتێبی "کلیلە و دیمنە"ی نەخوێندبێتەوە، کتێبەکە چیرۆکە و لە زمانی گیاندارانەوە حیکایەتەکان دەگێڕێتەوە، چیرۆکەکان پڕاوپڕن لە پەند و ئامۆژگاریی، کە مرۆڤ لە ژیانی تایبەتییدا سوودی باشیان لێ دەبینێت، ئەوەندە بەشێوەیەکی سادە و ڕەوان داڕێژراوە، منداڵانیش حەز بە خوێندنەوەی دەکەن و لێی تێدەگەن، بەشێکی زۆری ناوەڕۆکی ئەم کتێبە ڕەخنەگرتنە لە بواری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، "بەیدەبا"ی فەیلەسوفی هیندی بۆ پاشا "دەبشەلیم"ی نووسیوە، عەبدوڵای کوڕی موقەففەع لەسەر ڕاسپاردەی مەنسوری خەلیفەی عەباسی کتێبەکە لە زمانی فارسی- پەهلەوییەوە وەردەگێڕێت بۆ عەرەبی، سەرکردە و زانا و بیریارەکانی عەرەب لەو سەردەمەدا کەڵکی زۆریان لێوەرگرتووە، ئێستاش ئەو کەڵکەی هەرماوە بۆ ئێمە و بۆ ئەوانیش.

بەڵام ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە جێی باسە بەسەرکردنەوەی ژیانی ئەو وەرگێڕە گەورەدیەیە، ئەویش عەبدوڵای کوڕی موقەفەعە، لە ڕاستییدا ئەدیبێکی گەورەی عەرەبیشە.

ئیبن موقەففەع لە نێوان ساڵانی(١٠٦-١٤٢ کۆچی) بەرامبەر(٧٢٤-٧٥٩ زاینیی) ژیاوە، کە دەکاتە سی و شەش ساڵ تەمەن، لەگوندێکی وڵاتی فارسدا بە ناوی "جور" لە دایکبووە، کە ئێستا ناوچەی فەیروزئابادی




ئێران دەگرێتەوە، کە نزیک و هاوسنوورە لەگەڵ بەسرەی عێراقدا، موقەفەع پێش ئەوەی ببێت بە ئیسلام ناوی "ڕۆزبە" بووە.

موقەفەع(المقفع): بە مانای گۆج دێت، ئەم نازناوەش کاتێک بە سەریدا دابڕا لە سەردەستی خوێنڕێژەکەی عێراق "حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی"دا لێیدراوە و لە ئەنجامدا دەستی و پەنجەکانی تێکدەشکێنرێت و تووشی هەوکردن دەبێت و سەرئەنجام گۆج دەبێت .

ئیبنولموقەفەع بەڕەچەڵەک بیریارێکی گەورەی فارسی _ زەردەشتییە، دواتر دێتە نێو ئیسلامەوە و لە بەسرە نیشتەجێدەبێت، لە هەردوو سەردەمی ئومەوی و عەبباسییەکاندا ژیاوە، بە فارسی خوێندویەتی و پاشان فێری زمانی عەرەبیش بووە، بەشداریەکی کارای"میربەد_ المربد" ی کردووە، کە میربەد بازارێک بووە هاوشێوەی بازاڕی عوکازی سەردەمی پێش هاتنی ئیسلام، لەم بازارەدا لە پاڵ ئاڵوگۆڕی شتومەکدا گفتوگۆ و کۆڕی جیاجیا دەربارەی زمان و ئەدەبیات و ئیسلام و فیکر و شارستانیەت .... هتد کراوە .

ئیبنولموقەفەع لە تەمەنێکی کەمدا کە نزیک ١٥ ساڵ دەبوو، بلیمەتییەکەی دەرکەوت و بە ڕەوانبێژییەکەی دەناسرایەوە، لەبەرئەوەی زمانزان بووە و چەندین زمانی زانیووە، بۆیە ڕۆشنبیرییەکی گەورەی هەبووە، لە ژیان و ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و هیندی و یۆنانیدا شارەزایی هەبووە، هەر ئەمە وای کردووە کە ئەدیب و ڕەوانبێژێکی گەورەی لێدەربچێت، بە جۆرێک لە بواری نووسینی پەخشاندا خاوەنی قوتابخانەیەکی تایبەت بووە، سەردەمانێکی زۆر لە دوای خۆیشی گەلێک لە نووسەران پەیڕەوی ئەو جۆرە نووسینەیان دەکرد.

ئەم کەڵە ئەدیبە لەو سەردەمەدا زۆر ئینسانیانە بیریکردووەتەوە و کەسایەتییەکی ڕووەکخۆر بووە، دوورکەوتووەتەوە لە گۆشتخۆریی، بڕوای وابووە، کە مرۆڤ دەبێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە بنەڕەتییەکەی خۆراکی خۆی کە ڕووەکە.

لەگرنگترین دانراوەکانیشی بریتین لە: کتێبی(ئەدەبی بچوک، ئەدەبی گەورە، پەیامی هاوەڵان، هەروەها وەرگێڕانی شاکاری کلیلە و دیمنە) ی فەیلەسوفی هیندی بەیدەبا.

لە کۆی دانراوەکانی ئەم ئەدیبەدا ئەوە دەردەکەوێت کە تەنیا مەبەستی گەیاندنی فیکر نەبووە، بەڵکو لە نووسینەکانیدا زمانێکی پاراو و ڕەوانبێژییەکی تەواوی بەکارهێناوە(١) ، واتە گرنگی بە وشە و

هەواڵنامەی کتێب



دەستەواژەی نوێ داوە، کەلەپوری زمانی عەرەبیی زیندوو کردوەتەوە .

دوای ئەوەی لە وڵاتی فارسەوە دێتە عێراق، رێک دەڵێت بەتایبەت بۆ خزمەتی ئەدەبی عەرەبی هاتووە، بەڵام بە داخەوە عەرەبەکان پاداشتی هەموو ئەو خزمەتانەی کە کردبووی پێیان لە بەرچاویان نەگرت، بە خراپترین و نامرۆڤانەترین شێوە لە سێدارەی دەدەن و سوکایەتیی پێدەکەن .

نابێت ئەوەمان لا سەیر بێت کە زۆربەی پیاوەگەورەکان بە دەستی دەسەڵاتە زۆردارەکان لە نێوچوونە، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە دەسەڵاتە توانای بیستنی وشەی ڕاستی و واقعییان نەبووە، بۆیە ئیبن موقەفەعیش دەبێتە قوربانی بلیمەتییەکەی و ڕاستبێژییەکەی، چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیە دەربارەی کوشتنەکەی:

یەکێک لەوانە ئەوەیە بە هۆی نووسینی کتێبی 'ئەدەبی بچوک"ەوە کوژراوە، کە تۆمەتی زەندەقەیان داوەتە پاڵی، بە گشتی ئەو کتێبەی باس لە پاکبوونەوەی دڵ و دەرونی مرۆڤ دەکات هاندانی مرۆڤە بۆ کاری چاکە، گوایە لەم کتێبەدا زیادەڕەویی کردووە و سنورەکانی ئیسلامی بەزاندووە، بەو تۆمەتە لە دار دەدرێت .

یان دەوترێت: لە دینی ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە و چوەتەوە سەر دینی باب و باپیری کە ئاگرپەرست'زەردەشتی" بووە(٢) .

بەڵام بۆچونێکی تر هەیە، کە موقەفەع ڕەخنەی لە سیاسەتی دەوڵەتی عەبباسی گرتووە، سەرسام بووە بە بەڕێوەبردنی وڵاتانی فارس و هیند ، بۆیە داوای سیاسەتێکی بە هێزی دەکرد، تا دواجار هێزەکانی دەسەڵات لە نێویان برد .

بەڵام ڕاستترین گێڕانەوە ئەوەیە کە ئەو قوربانیی ناکۆکیی نێوان سەرۆک و فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی نوێی عەبباسی بوو، لە ناکۆکییەکی سیاسییدا لە نێوان خەلیفە مەنسوور و مامێکیدا ئەم دەبێتە قوربانی، مامەکەی مەنسوور دەچێتە بەسرە ، داوا لە موقەفەع دەکات نامەیەکی بۆ مەنسوور بۆ بنووسێت و داوای لێخۆشبوونی بۆ بکات، کە لە دوای ئەوەی ناکۆکی کەوتبووە نێوانیانەوە، ئەمیش بە دەست و خەتی خۆی نامەیەک بۆ مەنسوور دەنێریت و بە ڕەوانبێژییەکەی نامەکە تژیی دەکات لە وشەی جوان، بەڵام مەنسور پاکی بە وشەی جوان نەبوو، ڕێزی پیاوی گەورە نازانێت، بۆ ئەوەی خۆی بە تاڵ بکاتەوە والی بەسرە ئاگاداردەکاتەوە کە ئیبنولموقەفەع لە سێدارە بدات، چونکە پشتگیریی ناپاکی کردووە، دوای ئەوەی لە سێدارەش دەدرێت جەستەی کەرت کەرت دەکەن و بۆ ناو تەنورێکی تووڕ دەدەن(٣) .

لە دوای خۆشی گەلێک لە زانا و بیرمەندەکانی عەرەب قسە و باسیان لە بارەوە کردووە و لێکۆڵینەوەیان دەربارەی کەسایەتیی و نووسینەکانی ئەنجامداوە .

بۆ نموونە ئیبن سەلامی جومحی دەڵێت: لە عەرەبدا کەسێک زیرەکتر و بلیمەتتر هەڵنەکەوتووە وەک خەلیلی فەراهیدیی و لە غەیری عەرەبیشدا ئیبن موقەفەعە(٤) .

---

سەرچاوەکان:
١- رساله الماجستير (تنوع الأداء البلاغى فى ادب ابن المقفع) نوير بنت ناصر محمد عبدالله، ٢٠٠٦ .
٢- إبن المقفع اديب العقل ، ل٥ ، د.فكتور الفك . ١٩٨٦ لبنان .
٣-بڕوانە کتێبی: کەسێتیی تاکی عێراقی، ل ٢٤٠-٢٤٢ ، باقر یاسین ، وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل ، ئاراس٢٠١١ .
٤- إبن المقفع اديب العقل ، ل٧ .

چاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوەی
هێمن موکریانی:

# ئامۆژگارییم بۆ لاوەکان ئەوەیە، کە شیعری کورت بنووسن

ئامادەکردن و ڕێکخستن: سەروەر سەعدڵڵا
هەڵویست نەریمان

بەشی دووەم و کۆتایی



پێشکەشکار: مامۆستا گیان، ئەگەر موافقی بچینە سەر باسی شیعرەکانتان، کام شیعری خۆتان پێخۆشە؟ حەزدەکەین پارچەیەک بخوێننەوە.

مامۆستا هێمن: باوەڕ بفەرموو شاعیر نازانێت کام شیعری خۆی خۆشدەوێت، ئیتیفاقەن، شیعرێک کە لە وەڵی بەرنامەکە خوێندمەوە، لە هەموو شیعرەکانی خۆم، زیاترم خۆشدەوێت. ئەویش (ناڵەی جودایی) یە، چونکە زەرەیەک درۆم لەگەڵ ئیحساسی خۆم نەکردووە.

پێشکەشکار: مامۆستا گیان ئاخریت ناڵەی جوداییە، کە گەیشتووەتە دەستی ئێمە، خەڵکیش چاوەڕێیە، شیعری ترتان بڵاوبێتەوە، ئایا لە ئایندەدا دیوانی ترتان بڵاودەبێتەوە، یان نا؟

مامۆستا هێمن: ئێمە تا ئێستا قسەی جدیمان کردووە، با کەمێک شۆخیش بکەین، پێموایە مریشک کە پیربوو لە هێلکە دەچێتەوە، بۆیە پێموانییە دیوانی ترم هەبێت، بەڵام تا دەمرم نەسر(پەخشان) دەنووسم.




پێشکەشکار: پێمانباشە ئەو نەسرانەی کە بۆ بۆمبارانی (بانە، پیرانشار) نووسیتان، بە شێوەی کتێب بڵاوی بکەنەوە؟

مامۆستا هێمن: زۆرم کتێبی بچوک خۆشناوێت، وندەبێت. ڕەنگە شتێکی وەکو (تاریک وڕوونم) بۆ نەنووسرێت.

پێشکەشکار: مامۆستا شیعری فارسیتان هەیە؟

مامۆستا هێمن: نەخێر، بە منداڵیش نەمگوتووە، چونکە تەسەلوتم بەسەر فارسیدا نەبووە، باوەڕم وایە ئەو قسەی (حاجی قادر) تەواوە، کە باسی ئەو شاعیرانە دەکات، کە بە زمانی تر شیعر دەنووسن، کە دەفەرمووێت:

**وەکو مریشک کە ئەقڵی نەیهێنێت،**
**بێچوە چوکەی مروای هەڵبێنێت**
**ناکەهات و گەیشتە چۆگەلەیەک ناچێتە**
**شوێنی کە بمرێ جوجەڵەیەک**

پێشکەشکار: مامۆستا بە ڕای ئێوە مامۆستا هەژار لە شیعر، یان نەسر (پەخشان)دا بەقوەتە؟

مامۆستا هێمن: بە ئەقیدەی من، ئەگەرچی پرسیارەکە برێک گران بوو، بەڵام لە شیعر و نەسریشدا بەقوەتە، بەڵام ئەوی کە من پێیدەڵێم شیعر لە دیوانەکەیدا زۆر کەمە. ئیلا لە (بەرەو موکریان)ەکەی نەبێت، چون سۆزی شاعیرانە و ئاشقانەی تێدا ئەبینی.

پێشکەشکار: بۆیە ئەو پرسیارەم کرد، هەندێک پێیانوایە مامۆستا هەژار لە پەخشاندا بەهێزترە، حەزمکرد زهنی خەڵک لەو بارەیەوە ڕۆشنبێتەوە؟

مامۆستا هێمن: بێگومان هیچ کەسمان لە مامۆستا هەژار پێ کوردیزانتر نییە. قەڵەمێکی زۆر جوانی هەیە هەم لە شیعر، هەم لە پەخشان، هەمیش لە بابەتی تەرجومەدا. من تەرجومەی خەیامم لە ئەسڵەکەی پێ کەمتر نییە، چونکوم مەفهومی شیعرەکانی خەیامی هێناوەتەوە، لە یەک کاتدا دوو خزمەتی کردووە.

پێشکەشکار: ئینجا پێمانباشە، بە دەنگی گیراوی خۆت، چەند پارچەیەک شیعر بخوێنیتەوە؟

مامۆستا هێمن: شیعرێک کە خۆم خۆشمدەوێت، شیعرێکە بە نێوی (ئێوارەی پاییز)، کە بۆتانی

دەخوێنمەوە*.

پێشکەشکار: مامۆستا گیان دەمتان خۆش بێت. خۆت دەزانی بە بۆنەی ڕێزنان لە (حەفتەی معلیم) ەوە بەشداریتان لە شەوێکی شیعردا کردبوو، کە لە (هونەرستان سەنعەتی) دا ڕێکخرابوو، مامۆستا نەزەرتان لەسەر ئەو شەوە شیعرییە چۆنە؟ بە دڵتان بوو، یا نە؟

مامۆستا هێمن: بەڕاستی زۆروبە دڵم بوو. حسم بە ئازادییەکی زۆر دەکرد. حسم بەوەی دەکرد، کە دەتوانین لە ئێرانی خۆشەویستدا، پێموابوو، برایەکی کاشانی پێش ئینقلاب، نەیدەزانی شارێک لە جوغرافیای ئێراندا بە ناوی (سنە) هەیە، هاتبوو لە (سنە) شیعری دەخوێندەوە و دەیگوت ئیفتیخار دەکەم بەوەی برا کوردەکان ببینم. ئێمە لەگەڵیان دادەنیشین، وە بەڕاستی دڵیان خۆش بوو برا شاعیرە فارسەکان. ئەوجا بۆ خۆمان. منی دنیاگەڕ، کە ڕەنگ بێ نیوێکی دنیا گەڕابم، ئەوە دوو جارە سنە دەبینم (پێکەنین). ئەوە پێشرەفتێکی گەورەیە، وە ئێمە دەبێت قەدری بزانین. بەڵام لە بارەی شیعری شاعیرەکانیاندا بەڕاستی شیعری وایان هەبوو، کە لە ئەوجی شاعیری بوو، وەکو شیعری (ئاغای کاشانی) لە بارەی (محەمەد) بە ڕاستی من پێموابوو لە ئەوجی شیعردایە. بەڕاستی شیعری چاکتری تێدا بوو، بەڵام هەر ئەوە لەو بەرنامەیەدا دوو شیعری درێژی من خوێندرابوونەوە. وەستێک دەکەم بۆ شاعیرە لاوەکان، تا پێیاندەکرێت، شیعری کورت بنووسن، چونکە گوێگر، خوێنەر ماندوو نەکات. چی لەوە چاکترە ئێمە گوێنەدەینە قەواعیدی عەروزیی و نازانم قەواعیدی شیعر، لە هەر جێگایەک ئیحساسی خۆمان بڕاوە، قەڵەمەکە دانێین وهیچی کە نەڵێین. دیسان (نالی) نەمر موبتەکیری ئەو شتە، کە غەزلە جوانەکانی ئەغڵەبیان چوار، پێنج شیعرین. ئەوە وەستێکمە بۆ شاعیرە لاوەکان، کە شتی زیادی لە شیعریاندا نەبێت، ئیحساس بە شاعیری نییە، نابڕێتەوە، ئەمما ئەگەر پێیانکرا کورتی بکەنەوە.

پێشکەشکار: پێیانخۆش بوو، پرسیارەی ئەوە بکەین، کە ڕاهنمایتان بۆ شاعیرە لاوەکان چییە.



باش بوو خۆتان فەرمووتان. هیوادارم کە گوێیان لێبووبێت، ئێمەش کەم کەم لە کۆتایی بەرنامەکە نزیک دەبینەوە. هیوادارین کە جەنابتان هەر بمێنن بۆ خزمەتی میللەتی کورد، لە داهاتوودا کۆڕ و جەلسەیەکی ئەدەبی باشترمان لەمە ببێت.

مامۆستا هێمن: ئومێدەوارم.

پێشکەشکار: ئێوە لە دڵی میللەتدا دەژین.

مامۆستا هێمن: پێکەنین.

* هێمن شیعری ئێوارەی پایز دەخوێنێتەوە لەبەر دوورو درێژی شیعرەکەو ئاشنابوونی خوێنەر بەو شیعرە بەپێویستمان نەزانی دوبارە لێرە دایبنێینەوە.

## لە بارەی نووسینەوە:

# ئارام سدیق: بەشێک لە نووسەران ناتوانن بەبێ نووسین بژین

**دیمانە: هەڵمەت هۆشیار**



تێڕوانین و بۆچوونی نووسەران و قەڵەم بە دەستان لەبارەی زۆر بابەت و کایەی ژیان و سیاسەت و کۆمەڵایەتی بەلای زۆرینەی خوێنەوارانەوە گرنگ و پڕ بایەخە هەریەکەیان بە جۆرێک بە پێی خوێندنەوە و بیروبۆچوون و تێگەیشتنی خۆی لە بابەتەکە دەدوێت، بەڵام ئەمجارە لەم دیمانە نوسراوەدا گەرەکمە بۆچوونی ژمارەیەک نووسەر بخەمە ڕوو سەبارەت بە خودی نووسین و پرۆسەی نووسین ( ئەمە پرۆژەی کتێبێکە و لە داهاتوودا بڵاودەبێتەوە) لەم دیمانەیەدا ئارام سدیقی نووسەر وەڵامی پرسیارەکان بەمجۆرە دەداتەوە.

**١- نووسین لای تۆ چییە و مرۆڤ بۆ دەنووسێت؟**

- نووسین کەناڵێکە بۆ گوزارشتکردنی مرۆڤ لە خۆی. نووسین و هەموو هونەرەکانی دیکەش جۆرێک لە دەریچەن بۆ ئەوەی مرۆڤ لێیانەوە هەناسە بدات، یان گوزارشت لەو شتانە بکات، کە دەیەوێت. کاتێک هونەرمەندێک تابلۆیەک دەکێشێت بەشێک لە وجوودی خۆی تێدا دەتوێنێتەوە و لەگەڵ ڕەنگەکان دەچێتە سەر ڕووی تابلۆکەی. بە هەمان شێوەش کاتێک گۆرانیبێژێک گۆرانییەک دەچڕێت گوزارشت لە بوونی خۆی، یان مرۆڤی دیکە دەکات. واتە نووسەران و هونەرمەندان، ئەگەرچی لە پلەی یەکەمدا گوزارشت لە خودی خۆیان دەکەن. بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکانیش دەبنە نوێنەر و بڵندگۆی مرۆڤە بیمارەکانی دیکە. یان مرۆڤە دڵخۆشەکانی دیکەش، کە دەیانەوێت گوزارشت لە بوونی خۆیان بکەن.

نووسینیش چەشنی هونەرەکانی دیکە لەگەڵ ئەوەی گوزارشتە لە وجود و ڕۆحی نووسەر، لە هەمانکاتدا دەشێت لە هەندێککاتدا بازنەی گوزارشتکردنەکە فراوانتر ببێت بۆ خێزان و چین و توێژێکی دیاریکراو، یان گوزارشتکەری ڕۆحی نەتەوەیەک بێت. نووسین بەرهەمی پرسیار و بیرکردنەوەیە. مرۆڤ تا پرسیاری نەبێت، تا بیرنەکاتەوە ناتوانێت بنووسێت. ئەوە مرۆڤە بیرکەرەوەکانن دەتوانن بنووسن و بەدوای وەڵامی پرسیارەکانیاندا بگەڕێن. نووسین کردەیەکی مرۆڤکردە و بوونەوەرانی دیکە ئەو توانا و تایبەتمەندییەیان نییە لەبەرئەوەی توانای پرسیار و بیرکردنەوەی سیستماتیکیانەی چەشنی بیرکردنەوەی مرۆڤیان نییە. دەشێت لە ڕووبەرێکی دیاریکراو و تەسکدا بوونەوەرانی دیکەش بیر بکەنەوە، بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراودا، کە قابیلی گەشەکردنی نییە، بەڵام مرۆڤ خاوەنی بیرکردنەوەیەکی ناکۆتا و خەیاڵێکی بێسنووری گەشەکردووی بەردەوامە و ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەیەتی لە بوونەوەرانی دیکە.

**٢- نووسین هونەرێکی خواکردە یان خۆکردە، چۆن؟**

-نووسین ئەو هونەرەیە، کە پێکهاتەیەکە لە هەردوو چەشنەکە. واتە بەدیوێکدا من بڕوام بە وزەیەک هەیە، کە سروشتییە لە مرۆڤدا و ئەم وزەیەیە وای لێدەکات، کە بنووسێت، یان کاری هونەریی ئەنجامبدات. بەڵام بە دیوێکی دیکەدا ئەم وزە سروشتییە ئەگەر پەروەردەنەکرێت و هیچی ئەوتۆی لێ بەرهەمنایات. لێرەدا دەمەوێت نموونەیەکی سادە بهێنمەوە بۆ تێگەیشتنی ڕوونتر، ئەگەر کردەی نووسین چەشنی ڕووەکێکی سروشتی، یان دەنکە تووێک دابنێین و ئەمە لە سروشتدا هەیە و دەشێت گەشە بکات، تا جێگەیەک بە سەوزی بمێنێتەوە و ڕەنگە بەرهەمێکی کەمیش بدەن. بەڵام ئەگەر ئەم ڕووەکە، یان دەنکە تووە بە شێوەیەکی درووست پەروەردەبکرێت لە کانییەکی سازگار ئاو بدرێن ئەوکات هەم زیاتر گەشە دەکات و هەم بەردارتر و بە بەرهەمتر دەبێت و دەتوانین ئەو ڕووەکە لە ڕووەکێکی یەکبەرەوە بیکەینە چەندبەر و لەو تووەش بە موتوربەکردنی درەختەکەی بکەینە درەختێکی فرەبەری قەشەنگ. واتە نووسین چەند کردەیەکی خواکرد بێت. بەبێ دەستکاریکردنی خۆکردانە، کە مەبەست لێی خۆپەروەردەکردنی نووسەرە، پێناچێت بەردەوامی هەبێت، یان نووسەرەکەی لە ئەفراندن بەردەوامبێت.

**٣- سێکوچکەی پەیوەندی نێوان نووسین و نووسەر، لەگەڵ خوێنەردا، چ جۆرە پەیوەندییەکە و چۆن ڕاڤەی دەکەیت؟**

- پەیوەندی نووسین و نووسەر، تا ئەوکاتە

پەیوەندییەکی دانەبڕاو و پتەوە، کە نووسینەکە هێشتا بە خوێنەر نەگەیشتووە. لە دایکبوونی خوێنەر واتە ترازانی نووسین لە نووسەر. ئەمە بۆ ئەوە ناڵێم کە نووسەر لە بەرپرسیاریێتی نووسینەکەی بدزمەوە، بەڵکو مەبەستم لەوەیە، کە بڵێم هاوکێشەکە گۆڕانکاریی تێدەکەوێت. بە جۆرێک لە جۆرەکان خوێنەریش دەبێتە هاوبەشی نووسەر و دەسەڵاتی هەیە لەوەی مانا بە نووسین بدات، یان ئەو مانایە بدات، کە خۆی دەیەوێت، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە نووسین لەژێر دەسەڵاتی نووسەر هاتووتە دەرەوە و نووسەر هاوبەشێکی دیکەی بۆ پەیدا بووە، کە خوێنەرە.

ئەم سێ کوچکەیە هەرچەندە لە ململانێدا بن، بەڵام بازنەیەک پێکدێنن، کە یەکتری تەواودەکەن و لاوازی هەر یەکێک لەمانە کاریگەریی لەسەر دوانەکەی دیکە دەبێت. بەڵام نابێت ئەوەم لەبیربچێت پەیوەندیی ئەم سیانە پەیوەندییەکی ئاسایی نییە، بەڵکو یەکێکە لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکان و هەر بۆیە قسەکردن لەسەریشی گەلێک ئەستەمە.

**٤-زمانی نووسین دەبێت چۆن بێت؟ کە ئاشکرایە نووسینی ئەدەبی و هونەریمان هەیە، هاوکات نووسینی زانستی و تەکنەلۆژییمان هەیە، کە دوو دونیای لێک جیاوازن.**

-زمان کەرەستەیەکی سەرەکییە بۆ نووسەر. زمان ئامانجی نووسەر نییە، بەڵکو وەسیلەیەکە بۆ گەیاندن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو نووسەرێکی داهێنەر و ڕاستەقینە، گرنگە لە خەمی زماندا بێت. بەتایبەتیش لە خەمی ئەوەدا بێت زمانی تایبەت بەخۆی هەبێت. ئەگەر نووسەرێک نەتوانێت زمانێکی تایبەت بە خۆی دروستبکات. ئەوا نەیتوانیوە جیهانێکی تایبەت لە نووسیندا بۆ خۆی دروستبکات. نووسین بەبێ زمانێکی باڵا کەموکورت دەردەچێت، چونکە وەسیلەی نووسەر زمانە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی. نووسەر چەشنی دارتاشێکە، ئەگەر کەرەستەی باش و گونجاوی لەبەردەستدا نەبێت و شارەزایی ئەو کەرەستانە و هونەری بەکارهێنانیان نەبێت، نازانێت چی لەو کەرەستانە دروستبکات؟ ڕەنگە



بتوانێت بە هەندێک کەرەستەی سادە کورسییەک دروستبکات، بەڵام هەر زوو بشکێت، یان توانای دروستکردنی کورسییەکی گونجاوی نەبێت. بەڵام دارتاشی شارەزا کە کەرەستەی گونجاوی لەبەردەستە دەتوانێت چەندین جۆر کورسی تۆکمە دروستبکات. نووسەریش بەهەمان شێوە ئەگەر شارەزایی هەموو پەنهانەکانی زمان بێت بۆ بەکارهێنان، دەتوانێت لە قوڕی زمان چی بوێت پێی بسازێنێت.

ئەوەی زۆرجار خەمبارم دەکات بێ موبالاتی بەشێک لە نووسەرانە بەرامبەر بە زمان و پێیانوایە گرنگیدان بە زمان پێویست نییە، بەڵکو گەیاندنی بۆچوونەکان گرنگە، ئیدی بێئاگان لەوەی کە ئەگەر زمانێکت نەبێت بۆچوونەکانت لەڕێی چییەوە دەگەیەنیت. ئەگەر وتاربێژێک لەبەردەم هەزار کەسدا بێت و چەندە بەتوانا بێت، بەڵام بڵندگۆیەکی لەبەردەست نەبێت تا قسەکانی بە هەموان بگەیەنێت ئەوا دەنگی بە هەموان ناگات. گرنگیدان بە زمان چەشنی ئەو بڵندگۆیەیە بۆ وتاربێژەکە و بەبێ زمان نووسەر دەنگی بەهەموان ناگات.

بۆ هونەرمەندی شێوەکار چەندە فڵچە و بۆیە گرنگە

بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر کەرەستەیەک، ئیدی هەر کەرەستەیەک بێت نیگارێک بکێشێت. ئەوا بۆ نووسەریش زمان چەشنی ئەو قڵچە و بۆیانە گرنگە. زمان کەرەستەی گوزارشتکرنی دەستی نووسەرە بەبێ ئەم کەرەستەیە نووسەر لە ئاستی گەیاندنی پەیامەکانی بێتوانا دەبێت.

**٥-نووسین چ دۆخێک دەخولقێنێت، چێژە، یان ئازارە، یان هەڵچوونی دەروونی؟**

نووسین بیرکردنەوەیە، هەر کاتێک نووسین تەنها بۆ چێژ بوو ئەوکات تێکستێکی سۆزگەرا بەرهەمدێت، کە تێکستێکی ڕاگوزەر و کاتییە. هەرکات نووسین تەنها لە پێناو ئازاردا بوو دیسان ئەویش تێکستێکی هەمیشەیی نییە و دەشێت ئەویش ڕاگوزەر و کاتی بێت. خۆ ئەگەر نووسین هەڵچوونی دەروونی بێت. واتە کاردانەوەیە ئەویش ڕەنگە دوای ئەو هەڵچوونە دەروونییە نووسەر لێی پاشگەز بێتەوە. بۆیە ناکرێت نووسین لەسەر ئەو سێ بنەمایە ڕۆ بنرێت، بەڵام نووسین لە بیرکردنەوە و پرسیارکردن و گومانکردن و زۆر شتی دیکەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام هەندێک کات لە چێژ و ئازار و هەڵچوونی دەروونی خاڵی نییە ، یان دروستترە بڵێم ئەم سیانە ئامادەییان بە ڕێژەی جۆراوجۆر هەیە.

دۆخی نووسین لە ژیانی نووسەردا دۆخێکە زۆرجار تەفسیر نەکراوە. نووسەرە ڕاستەقینەکان بانگهێشتی نووسین ناکەن بۆ لای خۆیان، بەڵکو ئەوە نووسینە ئەوان بانگێشت دەکات بۆ لای خۆیان. ئەوەی ئەوان لە نووسەرانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە هەمیشە هێزێکی ناوەکی بەرەو نووسین دەیانبات، نەک هێزێکی دەرەکی. دەتوانم بڵێم کەمترین هێزی دەرەوەی کاریگەریی لەسەر نووسەرانی داهێنەر و ڕاستەقینە هەیە، بەڵکو زۆرجار ئەو هێزە دەرەکیانەشی کاریگەرییان لەسەر دروستدەکات، بە پرۆسەیەکی ناوەکیدا دەڕوات بۆ ئەوەی ببێتە پرۆژەی نووسین. هەر نووسەرێک بە هێزی دەرەکی بووە نووسەر ئەوە نووسەرێکی دیدگا تەسک و کورتبینیە و دۆخەکان ڕۆژانەیی هەڵدەسەنگێنێت نەک لە ناوکۆییەکی مێژوویی و ئایندەبینیدا.

**٦- ژیان بە بێ نووسین چۆن دەبێت، ئەگەر نەنووسین چی ڕوودەدات؟**

- ڕەبیع جار لە وتارێکدا سەبارەت بە "نووسین" دەڵێت: "نووسەری ڕاستەقینە بۆ خاتری شکۆ و نێوبانگ پەیداکردن نانووسێت. نووسەری ڕاستەقینە لەپێناو نووسیندا دەنوسێت. دەنووسێت لەبەر ئەوەی ناتوانێت نەنووسێت. تۆ ئەگەر دەتوانیت بژیت بەبێ ئەوەی پێویستت بەوە بێت بنووسیت، مەنووسە. خزمەتێک بەم دونیایە بکە، کتێبخانەکان پڕ پڕن لە کتێب. کەس پێویستی بە ڕۆمان و قەسیدە و لێکۆڵینەوەی زیاتر و دووبارە نییە. ئەم قسانە نائومێدکەریشن و نائومێدکەریش نین".

کاتێک دەسپێکی ئەم وتارە دەبینێت، ئەو پرسیارە لە خۆت دەکەیت ئایا کە من دەنووسم لە پێویستییەوەیە دەنووسم یان نا؟ من ئەوکاتە ئەم بەشەی کتێبەکەم خوێندەوە خەیاڵم لای هەزاران نووسەر و شاعیرە بوو، کە بەبێ ئەوەی هیچ وشەیەکی نوێ بخەنە نێو فەرهەنگی زمانی نەتەوەکەیانەوە لە نووسین بەردەوامن و ڕۆژێک لە ڕۆژان پرسیاری بۆ دەنووسین؟ یان زەرورەتی نووسینیان لە خۆیان نەکردووە؟ هەر بۆیە بێ پەروا بەردەوامن لە بەرهەمەهێنانی نووسین.

لە ڕاستیدا بەشێک لە نووسەران ناتوانن بەبێ نووسین بژین. من بەر چەند نووسەرێک کەوتووم کە نووسین بووەتە جۆرێک لە ئەزموونی ژیانکردن. چۆن مرۆڤ بۆ ئەوەی بژی دەنووسێت ئەو نووسەرانەش بۆ ئەوەی بژین دەنووسن. بەڵام لە پاڵ ئەم نموونە کەمانەدا بە دەیانی دیکەم بینیوە کە دەنووسن تەنها لە پێناوی ئەوەی نووسەر بن. نەک وەکو جۆری یەکەم لەپێناو خودی نووسیندا بنووسن. نووسین پرۆسەیەکە دەبێت تەنها لەپێناو خودی خۆیدا بێت. نەک لە پێناو نووسەربووندا. هەر نووسەرێک لە پێناونووسەربووندا نووسی نووسەرێکی ساختەیە و ئامانجی دیکەی لە نووسین هەیە نەک ئەوەی نووسین کەناڵی گوزارشتکردن بێت لە خودی خۆی و ئەوانی دیکە.

ژیان بەبێ نووسین بۆ نووسەری ڕاستەقینە تەحەمولکراو نییە. نووسەرە ڕاستەقینەکان "وەک پێشووتر گوتم" بە نووسین دەژین، بۆیە ناتوانن نەنووسن. من ئەگەر بتوانم نەنووسم نانووسم، بە سەدان جار خۆم لە نووسین دزیوەتەوە لە پێناو ئەوەی بخوێنمەوە، لای من خوێندنەوە پرۆسەیەکی گرنگتر و بەهەمدارترە لە نووسین. نووسینی گەلێک داهێنەرانە هەیە کە مرۆڤ بتوانێت بیخوێنێتەوە، بۆیە هەتا سنووری خۆدزینەوە خۆم لە نووسین دزیوەتەوە، بەڵام زۆرجار توانای ئەوەشم نەماوە بۆیە دەستم بە نووسین کردووە. نووسین لای من کردەیەکە لەنێوان ئەوەی نەنووسم دەخنکێم. بۆ ئەوەی نەخنکێم دەنووسم. من لە پێناو خودی نووسیندا دەنووسم نەک نووسەربوون. بۆم گرنگە خوێنەر بم، تا ئەوەی وەکو نووسەر بناسرێم. خوێنەربوون لای من پلەکەی لە نووسەربوون کەمتر نییە، بەڵکو هەر نووسەرێک خوێنەرێکی بەردەوام نەبێت نووسەرێکی مردووە. هەرچەندە لە ژیاندا بێت و بەردەوامیش بەرهەمی هەبێت. مردن دوو جۆری هەیە مردنێک کە نووسەر داهێنانی نامێنێت و مردنێکیش بە جەستە ژیان بەجێدێڵێت، گرنگە مرۆڤ بەر لەوەی بە جەستە ژیان بەجێبهێڵێت زیندوویێتی خۆی بپارێزێت.

**٧- کرداری نوسین (نووسینەوەی خودە) گێرانەوەی ڕوداوگەلێلە کە کارلێکت لەگەڵیاندا کرد و دنەی سۆزت دەدەن؟ بە کورتی: ئایا خودنووسینەوە گرنگە؟ یا نووسینەوە دۆخێک کە هەندێکجار مەرج نییە لەگەڵ خودا یەکانگیربن؟ بۆچی و چۆن؟.**

-هیچ نووسەرێک نییە لافی ئەوە لێ بدات بڵێت: من کە دەنووسم خۆم نانووسمەوە. نووسین تاڕادەیەکی زۆر پرۆسەیەکی خودییە. نووسەر ئەو بوونەوەرەیە، کە بیرکردنەوە و پرسیار و گومانەکانی خود دەنووسێتەوە. هیچ ڕووداوێک نییە لە ژیانی نووسەردا، کە کاریگەریی لەسەر نووسین نەبێت، بەڵام بە شێوەی جۆراوجۆر و لە فۆرم و تەکنیکی جۆراوجۆردا دێنە نێو ئەو دونیای نووسینەوە.

ئەوەی پێمانوابێت نووسەرێک تەنها خۆی دەنووسێتەوە ئەوەش هەڵەیە، نووسەر چەندە هەوڵی خۆنووسینەوەش بدات ئەوانی دیکە دەنووسێتەوە، هەروەک چۆن چەندە هەوڵی نووسینەوەی ئەوانی دیکەش بدات خۆی دەنووسێتەوە، نووسین پرۆسەیەکە بوونی نووسەرتێیدا دەتوێتەوە و هاوکات نووسەر کار لە توانەوەی بوونی ئەوانی دیکەشدا دەکات تێیدا.

**٨- نوسین چی پێ بەخشیویت و چی لێت سەندووەتەوە؟**

لەوەتەی لە دونیای نووسینەوە نزیکم زیاتر هەستم بەوە کردووە، کە دەبێت بێدەنگ بم، لە زۆرکاتدا و لەسەر زۆر ڕووداویش هەستم کردووە قسەم هەیە، بەڵام نەمکردووە، چونکە هەستم کردووە بێدەنگی زۆرجار لە چەنەبازییەکی یەک کاتژمێری باشترە. بۆ من هەموو خوێندنەوەی کتێبێک جۆرێکە لە ئەزموونکردنی بێدەنگی، ئەمە بەو مانایە نا، کە کتێب بێدەنگم بکات، بەڵکو بەو مانایەی، کە کتێب واملێدەکات کە قسە کەم بکەم. هەر کاتیش قسەم کرد بە بەرپرسیارییەوە قسەبکەم، وشەیەک، یان ڕستەیەک ئەگەر پێویست نەبوو نەیڵێم. ڕەنگە زۆرجار رستە و وشەی پێویستیش هەبووبن، کە زەرور بووە بیڵێم، بەڵام هەر نەموتووە، چونکە هەستم کردووە دۆخەکە گونجاو نییە، کە ئەمەش دیسان خوێندنەوە لە مندا دروستیکردووە. دەمێکیشە ئەو ڕستەیە گوتراوە، کە هەموو نووسینێکی قووڵ، بەرهەمی بیرکردنەوە و ڕامانێکی قووڵە و هەموو نووسینێکی سادەش بەرهەمی کەمخوێندنەوە و کەمبیرکردنەوەیە. بۆیە ئەوەی نووسین پێی بەخشیوم بێدەنگی و بیرکردنەوە و پرسیارکردن و گومانکردنە. سەبارەت بەوەشی نووسین لێی سەندوومەتەوە شتێکی ئەوتۆ نییە کە شایانی باس بێت، بەڵکو ئەوەی پێی بەخشیوم سەد هێندە زیاترە لەوەی لێی سەندوومەتەوە، بۆیە بیر لەو بەشەی ناکەمەوە کە لێی سەندوومەتەوە.

# وەک دڵۆپێکی سەرکێش



کەژاڵ ئەحمەد



هەندێجار ...
تۆ دڵۆپێکی لە ئاو
هەندێجار ... لە فرمێسک !!!
جار و بارێکیش باران.

کە ئاویت؛
ڕوومەتت لێ دەسووم
کە فرمێسکیت؛



دەڕژێیتە سەر لێوەکانم.
تۆ ئەو بارانە سەرکێشەی سروشتی،
کە هەردەبێت بەرمکەویت؛
لەسەر سوچی کۆڵانە تاریکەکان
بە ماچێکی ناکۆتا
تینوێتییەکی ئەبەدیم لێ بشکێنیت.

دڵۆپێکی تۆ بارتەقای
ئاوی هەموو دنیایە و
من بەنداوی ئایندەتم
تۆ دەتوانیت؛
نمە نمە، تێمبکەیت !!!

تۆ دڵۆپێکی سەرکێشی سروشتیت..
بە بینینت، وەک ئەوەی بەهار بێت
هەموو سەرچاوەکانی جەستەم دەتەقن!
کانییەکانم دەژێنەوە.
دەنگی دڵم ئەم دۆڵە پڕ دەکات لە قاقای هەڵقوڵین.
ڕێبوارانی ڕێگای عەشق دەست و ڕووخسار
لەبەردەم خوڕەمدا دەشۆن.
ڕۆحی من ...
بۆئەوەی ئەم دڵە لەوەزی بێ تۆیدا نەمرێ
لێو دەخەمە سەر لێوت و
هێدی هێدی دەتخۆمەوە.
من شەرابی دێرینی عەشقم و
حەزدەکەم هەر تەنیا یەکجار نا؛
سەبر سەبر ... بمخۆیتەوە
بۆئەوەی تامم لە دەمتا



تا دنیا دنیایە بمێنی.
سوێند دەخۆم، دەتوانیت لە چرکەیەکدا
بە شەیتانی شیعر، دووگیانم بکەیت و
فریشتە بخەیتە بێشکەی، باوەشمەوە !
سوێند دەخۆم ناتوانیت،
ئیدی کەست خۆشتربوویت.
تازە پەیوەستی یەکتربووین،
بە ئێسقان و خوێنەوە.

تازە لەیەکتر ئاڵاوین وەکو باندج،
بەئازار و برینەوە.

نیشتمانە بێ پەیمانەکەم ....
بەخواستی خۆم ڕێگەمداویت
وەکو چەتە لەچاوتروکانێکدا
هەموو گەنجینەکانی جەستەم تاڵانبکەیت!
وەک تاتوو لەسەر باسکی خۆت بمکێشیت و
وەک خاڵەکەی شانی چەپم
هەرگیز لێم جیانەبیتەوە!!

نیشتمانە چاو جوانەکەم ...
بە خواستی خۆت ڕێگەتداوم
دەستبخەمە ناو هەویری شل و ملی ژیانتەوە!
تا بەدەم دڵشکانێکی زۆر خراپەوە،
ئەم کولیچەی شیعرە بە تام و بۆنانەی
لێ دروستکەم.
هەموو دنیا تامیان بکات،
خۆم نەبم !!!

هەواڵنامەی کتێب

# برینا شەوتینێ



سەربەست سەعید

هەر ڕۆژ ئەڤ شعرە خوە نوی دکەت
ئەز مرۆڤەکم ژ خوێ
ژ ڕۆندکێن حەزرەتا کیژان چاڤی هاتیمە ڤێدان؟
یێ خوە ل بەر ملێن سیبەرا هیچیێ دبینم دبینم بکەم
کی نابێژت
ئەڤە سەڕابەکە د ڕزگاربیێدا؟
نامەک تژب هۆشمەندی یا د کویرترین بەریکا دونیایێدا
ژ سەرێ خوە ب گومانە
یێ ڤێ بەریکا ب نامە ب سنگێ خوەڤە هەلدگریت



ئەز مژترین رێکا خوە
ب باغچەیێ بەلگە زێرینان ناگوهەرم
فیردەوسا ئەردی چاڤێن تە یێن کلدای و تژی
رەنگن
بۆ منێ جەهنەمی ژبەر گونەهـ هەلگرتنەکێ
کو من نەکری
ئەی کەون، بێ تە ئالۆز دژیم
ل پشت کەسکەکێ دەست قوتانێن رەنگێن
گەمار
گوهەکێ دی ل کەرەکێ زێدە دکەت
بێمفاتر ژ هەر دوو گوهێن دی
ل هەموو سپێدەهیێن رۆژێن وەرزێ وەستیکا
وێ زارۆکێهە
سرەک گازی دکتێ: ئەی زارۆک
ئەز هەتا دووماهیک هەناسە هەلکێشانا تە
سیبەرا بەژنا تە یا بچووکم
و پاشی وەکە بەژنا تە سینووری من ژی فرەهـ
و مەزن دبت
کالەمێرەک لاڤان ژ گوپالێ خوە دکت
نەشکێت
دوندەها وی، رۆژانێن وی ئەو شکاندینە
وی ژ شکاندنێ حەزرەت هەلگرتینە
دزانە
شکەستن دووماهی روودانا دونیاییێە
پشتی شکەستنێ چ تشتەکێ دی هەبوونا خوە نینە
دار دزانە
هەکو شکەست
هەکو هاتە برین
چەقێن وێ
دبنە دارکێ دەستبلینکێ
دێ بنە چیڤێن ئەشکەنجەدانێ بۆ روحێن مرۆڤان

هەواڵنامەی کتێب

دار دزانە، باش دزانە
چەقێن وی دێ بنە خامە
قورمێ وی دێ بنە نامە
هزار و یەک چیرۆکێن وێ ل سەر بێنە نڤیسین
گۆپە گۆپا دلێ دارێیە،
وەک گۆپە گۆپا دلێ من.
د هەموو شکەستنێن ڤێ دونیا تژی هوڤدا
ئەز بێهنا خوە سەحدکم.
بەرەک ل بەحرا ڕەش خەرزێ ماسییان پووچ بکت، دلێ دایکان وان بشکێت ئەز دئێشم
ل ئەمەریکا مالمیرات سپییەک د دلێ ڕەشەکێدا ئاگرەکێ هەلکەت دلی وی بسۆژیت
ئەز دسۆژم و دلێ من دشکێت
ل هۆلەندایا وەلاتێ گولان
هەکو چەقێن گولان دکەزێخن
ئەز تزیا چاقاندا بەرهەڤ دبم
ژخوە وەلاتێ کرمانجان ئۆف ئۆف چەند دئێشم
هەموو سپێدان دبم خانی
ل سەر چراخێ تلیا خوە ددانم
دسۆژت و دسۆژت
فزێنا سۆتنا تلیا من
ب سەر حوجرەیێدا دچت
د دلێ منێ تژی فزێن دبت ڕووبار و ب باژێڕیدا دچت
ئەز ژ سۆتنێ ب جزبە دچم
د چزبەیێدا تژی نامەیێ ڕێزک دکم
ب حوبرێ کو شەنگا منل دەلال
ژ منڕا ب ڕۆندکێن خوە حبرانک تژی کری
و چەند داڤێن کەزیا خوە تیکەل کری
دنڤیسم بۆ میرێ سەرحەدان - میرێ کرمانجان
و دنڤیسم و دنڤیسم و دنڤیسم
لێ نە میر دبینە
نە میر دخوینە
نە میر چارەیەکێ ژبۆ هەڤگرتنا کرمانجان دئینە.

# بەینی من و تۆ

مامە پیرە



ماوەیەکە
ژان دەمگرێ
دەمەوێت شیعرێ بنوسم
ئەوەی وتت
ڕایگەیەنم..
ئەوەی کردت
دونیای لێ تێبگەیەنم..
قسەی دڵم
وەک خۆی بێژم..
هەرچییەکم لە ناخدایە
هەڵیرێژم..
بەڵام چ بکەم
شەرم دێت و ڕێم لێدەگرێ
وەفا دێت و یەخەم دەگرێ
دەڵێن: نابێ
لایان وایە:
ئەوەی لە نێوانماندایە
مەحکومی شەرم و وەفایە
ناوترێ
دەبێت لەگەڵمانا بمرێ

هەواڵنامەی کتێب

# "چەند وەرزێک پەیوەندیان نییە بە وەرزەکانی ساڵەوە"

ئەحلام موستەغانمی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : د. هەڤین کەمال



وەرز هەیە بۆ ئەو گریانانەی فرمێسکیان نییە
وەرز هەیە بۆ ئەو قسانەی دەنگیان نییە
وەرز هەیە بۆ ئەو غەمگینیانەی هۆکاریان نییە
وەرز هەیە بۆ یادەوەرییە بەتاڵەکان
بۆ ڕۆژگارە سپییە لەیەکچووەکان
هەفتە هەیە بۆ چاوەڕوانی، شەویش هەیە بۆ شەونخونی
چەند کاتژمێرێکی دوور و درێژیش بۆ شەکەتیی
وەرز هەیە بۆ نەفامی، هەندێکیش بۆ پەشیمانیی
وەرز هەیە بۆ عاشقبوون هەندێکیش بۆ ئازار
وەرز هەیە هیچ پەیوەندیی نییە بە وەرزەکانی ساڵەوە !
وەرز هەیە بۆ ئەو نامانەی نانووسرێن
ئەو تەلەفۆنانەی زەنگ لێنادەن
ئەو دەردە دڵانەی ناوترێن
بۆ ئەو تەمەنەی، کە لە گرەوێکدا ونیدەکەین
گرەو هەیە لەسەر مێزی قوماردا دڵمانی تیا دەدۆڕێنین
یاریزانی نایابیش هەیە بلیمەتانە دەدۆڕێن!
سەرەتای ساڵ هەیە لەکۆتاییەکان دەچێت



کۆتایی هەفتە هەیە درێژترە لەهەموو هەفتەکان
بەیانیانی خۆڵەمێشی هەیە هیچ پەیوەندیان نییە بە پایزەوە
گەردەلوولی عەشقیش هەیە دیوارمان بۆ جێناهێڵێت
لەگەڵ یادەوەریەک کە دەستنادات بۆ کرێ!
شەمەندەفەر هەیە بەبێ ئێمە گەشتدەکەن
چەندەها فڕۆکەش کەناتوانن لەخۆمان دوورترمان بەرن
گۆشەیەک هەیە لە قوڵایی ناخماندا
باران بەردەوام تیایدا دەبارێت
بارانیش هەیە تەنیا گەڵاکان ئاودەدات !
هۆنراوە هەیە کە شاعیرەکان واژووی ناکەن
سروشیش هەیە ژیانی شاعیرەکان واژوودەکەن
نووسین هەیە لە نووسەرەکانی بە بەهاترن
چیرۆکی خۆشەویستیش هەیە لە خاوەنەکانی جوانترن
هەندێک عاشق هەن ڕێگایان ونکردووە بۆ خۆشەویستیی
خۆشەویستیش هەیە دڵخوازەکانی بەهەڵە هەڵبژاردووە
زەمەن هەیە بۆ عەشق نەخوڵقاوە
عاشقیش هەیە بۆئەم زەمەنە نەخوڵقاوە
خۆشەویستی هەیە تا ئەبەد دەمێنێت
خۆشەویستیش هەیە وەفایی بۆ هیچ شت نییە!
خۆشەویستی هەیە هێندەی ڕق دڕندەیە
ڕقیش هەیە هیچ خۆشەویستیەک پێیناگات
لەیادکردنێک هەیە زۆر ڕاستگۆترە لە یادەوەری
درۆش هەیە زۆر ڕاستگۆترە لە ڕاستی!
من هەم و تۆش هەیت
چەند ژوانێکی خەیاڵییش هەن
لەهەموو ژوانەکان بەچێژترن
پرۆژەی خۆشەویستی هەن جوانترن لەچیرۆکەکانی خۆشەویستی
دابڕان هەیە لە هەموو ژوانەکان بەچێژترە
ناکۆکی هەیە لەهەموو ئاشتبوونەوەکان جوانترە
چرکە هەیە بە تەمەنێک دەڕوات
تەمەنیش هەیە لەچرکەیەکدا خۆی کورتدەکاتەوە
تۆش هەیت و منیش هەم
هەمیشە مەحاڵێکیش هەیە
لەگەڵ هەموو خۆشەویستیەکدا لەدایکدەبێت!

---

لە هۆنراوەی " چەند وەرزێک پەیوەندیان نییە بە وەرزەکانی ساڵەوە"
دیوانی (پەرۆشی بۆ تۆ).

هەواڵنامەی کتێب

# کێ نەخۆشە؟



گۆران سەباح

پزیشک پێیدەڵێت، "چارەسەرت نییە، هیچ نەما لەگەڵت تاقینەکەمەوە."

تەماشای ناو چاوی پزیشکەکە دەکات. دوو خولەک. هیچی پێناڵێت، دەخەنێتەوە و دێتە دەرێ. پزیشک بە دوایدا دەچێت، بانگیدەکات. هەر حسێبیشی بۆ ناکات.

لە نێو ئۆتۆمبێل چارەگێک دۆشدادەمێنێت. ئەمانە بە مێشکیدا دێن: پزیشک هەر لە دانیشتنی یەکەم دەیتوانی ئەم قسەیە بکات. باشە بۆ سی و شەش جار درێژەی پێدا؟ساڵێک لە کاتی بردم. هەر جارەی سەعات و نیوێک و دەیان پرسیار. گوایە بەو پرسیارانە گرێیەکانی ناخم دەکاتەوە و ئەوجا چارەم دەکات. ئەو هەموو حەبە، ور و گێژیان کردم. بەو چارێگە هەر سی و شەش دانیشتن وەک قەوانێک لێ دەداتەوە. ئاگای لە دەستەکانی نییە توونت تووند بە سوکانەوە نووساون، لە چۆکی کە دەلەرزن، لە دەمی کە وشک وشکبووە، لە زمانی، کە ناتوانێت یەک بە دەنگی خۆی هاواربکات و شتێک بڵێت، لە ئارەقە کە هەموو گیانی تەڕکردووە، لە چاوەکانی، کە یەک جاریش نایانتروکێنێت، لە دەوروبەری، کە دەیان ئۆتۆمبێلی تری لێ وەستاون، باران کە بەو سبەینانە درەنگە بە تووڕەیی زەویی ئاودەدات.



سلفیک لێدەدا. هێواش هێواش دەئاژوێت. حەزی لێیە بچێتە هەموو شوێنێک، لێ ناتوانێت بڕیاربدات. حەزی لە جووتبوونە، پێی ناکرێ، لە شەرابە، پێی ناخورێتەوە، لە خۆکوشتنە، غیرەتی نییە، لە ڕاوە، دڵی نایەت. دڵی بۆ هەموو شتێک دەچێت و بۆ هیچ شتێکیش ناچێت.

ئەم پرسیارەی بە مێشکدا دێت: "باشە من نەخۆشم، یان پزیشکەکە، یانیش دەوروبەرم؟"

لە پێش وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە ناوەندی شەقام ئۆتۆمبێلەکەی ڕادەگرێت. چرکەیەکی پێناچێ هۆڕن دنیا کاول دەکات. هەرچەندە هۆڕن لێدەدەن، دڵی خۆشتر دەبێت. ئەوەی بە مێشکدا دێت: ئەوە گرێی دەروونم دەکاتەوە، نەک پرسیارە قۆڕەکانی پزیشک. چەند شۆفێرێک لێی دێنە خوارێ. دوای ئەوەی دەزانن هەر بۆ خۆشی ڕایگرتووە، دەیشۆرنەوە بە قسەی ناشرین. هەر هێندە یەکێکیان چەپۆکێکی پێدادا، ئەوانی تر وەردەگەڕێنە سەری و لە ناو شەقامەکەدا درێژیدەکەن. هەستدەکات لەگەڵ هەر پێلەقەیەک گرییەکی دەکرێتەوە. خەڵکەکە ماندوودەبن لە لێدانی، ئەو ماندوونابێت لە پێکەنین. یەکێکیان ئۆتۆمبێلەکەی لادەدات و چوار کەسی تریش هەڵیدەگرن و لەسەر شۆستەکە فڕێیدەدەن. لەشی تەڕ تەڕ، تریقەی پێکەنینی ڕۆژە ڕێیەک دەڕوا.

دەچێتەوە ناو ئۆتۆمبێلەکە، دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ خودی خۆی: ئەی بۆ سیلەی ڕەحم چارەمناکات، ئەوە نییە هاتوچۆی کەسوکار و برادەران دەکەم؟ ئەی نوێژەکان؟ ئەی خێرەکان؟ ئەی ڕووخۆشی؟ پیاو ڕاست بڵێ: هیچ یەکێک لەمانە بە دڵ ناکەم. ئەی بۆ دەیانکەم؟ خۆ ڕەنگە ئەوە نەخۆشییەکەم بێت، ئەو پزیشکە ساڵێک لەگەڵم خەریکبوو، نەیتوانی ڕستەیەکی وام پێبڵێت: کاکە تۆ پارچەیەکی لە کلاوات. ئەی باشە بۆ تامم لەو فلیمە تازەیە کرد؟ دوای پێنج ساڵ ئەوە یەکەم جارە تام لە شتێک بکەم. ئێ خۆ کارێکی شێتانە و بێ مانایش بوو. دەبێ پەیوەندیی بە چییەوە هەبێت؟

دێتە خوارێ، لەبەردەمی وەزارەت چوار مشقی لێی دادەنیشێت و لە دەرگەی وەزارەت ڕادەمێنێت. بە خێرایی دیمەنەکانی منداڵی بە مێشکیدا دێنەوە و لەبەرخۆیەوە دەڵێت: جاران لە جێی وەزارەت "مەرکەز شەباب" بوو، هەموو تەمەنی منداڵیم لێرە بەسەر برد. دوای قوتابخانە دەهاتمە ئێرە، تا مەغریب لەگەڵ برادەرەکانم تۆپانیم دەکرد.

دوای چارەگێک، پاسەوانێکی وەزارەت دێتە لای، "کاکە خێرە؟"

"برۆ بە وەزیر بڵێ، نەخۆشێکی تەندروست هاتووە."

# کریستیانۆ



کوردۆ شابان

تەختەیەکی پانی، دوو هێندەی خۆی درێژی نزیکی باڵای، لە بەردەمیدا دانابوو؛ ڕەفە ڕەفە بوو. چەندان جۆر پاکەتی جگەرەیان لێ ڕیز کرابوو، دەیفرۆشتن. "کارتی ئاسیا و کۆڕەک هەیە" لە سووچێکیدا، لە پشتی پاکەتێکی مارلبۆرۆ نووسرابوو.

لەسەر تەپڵەکێکی نایلۆن دانیشتووە و بلووزەکەی یان گەورەترە، یان بەزۆر ڕایکێشاوە، بۆ ئەوەی پەنجەکانی لە سڕبوونی ئەم سەرما سەیرە بپارێزێت کە لەوەتەی هەیە، سەرمای وای لە هەولێردا نەبینیوە. سەری پەنجەی ئەسپێکوژەی لەبەر خاتری مۆبایلەکەی دەستی دەرهێناوە و لەناو ئینستاگرامدا، سەیری سەما و لەنجەولاری کچی جوان دەکات.

ئەوە قەیرێکە لە تەنیشتیدا وەستاوم.

لەمدیویشمەوە پیاوێکی لێیە، پێڵاو بۆیاخ دەکاتەوە. پیاوێک، تازە خەریکە تاڵی سپیی قژی پێی دەڵێت، تازە ڕۆیشت.. گوزەشت. بەدەست خۆت نییە، یەکەم سەرنجت بۆ کابرای پێڵاوبۆیاخکەر، سەریەتی؛ بۆ پێڵاوی قوڕاوی نەوی کردووەتەوە و بریقەداری دەکات، تا ئێوارە کە دەچێتەوە ماڵەوە، عەلاگەی پڕی پێ بێت و بریقەی چاوی ژنەکەی چونکە ئاوی تێزاوە، هێندە منداڵ داوایان لێ کردووە و نەبووە،



دڵی نەبرژێنێت. ئەو سەر نەوییە، لە ماڵەوە، سەری بەرزە، چونکە سەری بۆ هیچ پێڵاو بریقەدارێک شۆڕ نەکردووە.

هاورێکەم لێ دیارە، لە تەوالێتی قاوەخانەی بەرانبەرمان دێتە دەر، دوای ڕۆژێکی دەوامی جەنجاڵ و دوو سەعات دانیشتن لێرە، ئیدی کاتی پاڵدانەوەیە و بۆ ماڵەوە دەڕۆینەوە.

ڕۆیشتمەوە بۆ لای منداڵە یازدە ساڵە پاکەتفرۆشەکە. "ئافەرم، باوکی ئاقڵ" بەدەم خۆیەوە وای گوت. سەیری وێنەیەک دەکات، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و کوڕەکەیەتی.

گوتم: "خێر؟ چی کردووە؟"

تا ئەو ساتەش کە ئەو سێ وشەیە لە دەمم هاتەوە دەرەوە، منی هەر نەدیبوو کە لە تەنیشتیدا وەستاوم و سەیری سەیرکردنەکانی بۆ سەر مۆبایلەکەی دەستی دەکەم.

مامە کریستیانۆیە.

ئێ بۆ ئافەرم؟

دەڵێت: هەر کاتێک کوڕەکەم بڵێت بابە مۆبایلم دەوێت، پێی دەڵێم، ڕۆڵە هێشتا ماوتە، بۆ ڕۆژی خۆی، با گەورە بێت.

بۆ ئافەرم، خۆ تۆ لە تەمەنی کوڕەکەی ئەویت و مۆبایلت پێیە؟

بۆ مامۆستا، من و منداڵێک بە نوتێلا گەورە بووبێت، دەکەیتە یەک؟ ئەمن وا دەمەوێت پارە خڕ بکەمەوە، دوو ساڵی تر ژن بهێنم، وا نییە بابە؟

بۆیاخچییەکە بە زەردەخەنەیەکەوە: "گوو بخۆ کوڕم، وەک کریستیانۆ دەڕێ، هێشتا مایتت، دوو دیناری خڕکەوە."

# بەهای هونەر لای چەند بیرمەندێک



رەنگین سەڵاحەدین

هەرکەسێک دەربارەی هونەر، تێڕوانینی تایبەتی هەیە ؛ نەک تەنیا هەر هونەر بەڵکو دەربارەی گشت بوار و چەمکێک لەم گەردوونەدا، بەڵام نووسینەکەی ئێمە لێکۆڵینەوەیە دەربارەی هزری بیرمەند و فەیلەسوفانی جیهانی، تایبەت بەهای هونەر لایان دەبن بە دوو بەشەوە، هەندێکیان پێیانوایە: هونەر لە هەست و سۆزی هونەرمەندەوە سەرچاوەی گرتووە ،لێ بەشێکیان پێیانوایە هونەر لە هزری هونەرمەندەوە سەرچاوەی گرتووە،بۆ ئەمەش باسی بۆچوونی هەندێکیان دەخەینە ڕوو.

هونەر بەلای ئەفلاتون و ئەرستۆوە هۆکارێکی سەرەکی پەروەردەکردنی تاک و کۆمەڵگایە، بەڵام ئەوەی جیاوازە هونەر لای ئەفلاتون بۆ دەرخستن و زەقکردنی لایەنە جوانەکانی ژیانە.

کەچی لای ئەرستۆ بۆ دەرخستنی لایەنە جوانی و دزێوەکانە.

ئەفلاتوون پێیوایە هونەرمەندان خەڵکی بەلاڕێدا دەبەن و دووریان دەخەنەوە لەڕاستی و واقع.

ئەرستۆ پێیوایە هونەرمەند کاتێ کارێکی هونەری بەرهەم دەهێنێت خاڵی دەبێتەوە لە خراپی دەروونی،چونکە هونەر ڕەنگدانەوەی هەستی پەنگخواردووی هونەرمەندە،ئەو بیرۆکەیەشی لە کتێبەکەی دەربارەی(فنون شعر) خستووەتە ڕوو، کاتێ باسی هونەرە جوانەکان دەکات.

تیۆدۆر ئۆدۆرنۆ یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی زۆر گرنگی بە تیۆرەکانی جوانناسی کۆمەڵناسی و ڕەخنە داوە، بەڵام لەسەرووی گشت گرنگیپێدانەکانیەوە دوو چەمک زۆر بەلایەوە گرنگبوون ئەوانیش جوانناسی و هونەر بوون،ئۆدۆر دەربارەی هونەر دەڵێت: هونەر دەرخستنی بیروڕای هونەرمەندە دوور لەگشت کۆت و پەیوەندێک.

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە هونەرمەند دەبێت بەتەواوی ئازاد بێت، تا هونەرێکمان بۆ بخاتەڕوو لە لوتکەی نایابی دابێت،ئاشکرایە ئازادی ڕادەربڕین لای هەرکەسێ پەیوەستە بەئاستی ڕۆشنبیری تاک، تاکێک ئاستی ڕۆشنبیریی فراوانبێت گرنگی ئەوتۆ نادات بەهزر و تێڕوانینی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی، بە پێچەوانەوە پێداگریی هزری خۆی دەبێت و ڕەنگە یاخیش بێت.

کەواتە کۆمەڵگا و ژینگەی هونەرمەندێک ڕۆڵی سەرەکییان هەیە بەسەر بیروڕای هونەرمەند و کارە هونەرییەکانیەوە.

بەهای هونەر لای کانت بەپێی ڕێبازە ڕەحنەگری و فەلسەفیەکەی هزر و بلیمەتی هونەرمەند لایەنێکی گرنگن بۆ داهێنانی کاری هونەریی، کانت دەڵێت: جوانیی هونەریی جۆرێکی وەرگیراوی جوانیی سروشتە، بلیمەتی شتێک نییە فێری ببی؛ بەڵکو بەهرەیەکە لە بوونمان دایە، بەهرەمەندیی ڕێسا بۆ هونەر دادەنێت.

کانت پێیوایە چێژوەرگرتن لە جوانی یەکێکە لەو پێوەرانەی وادەکات، هونەرمەند کار و داهێنانە هونەریەکانی لە لوتکە دابن،کەواتە پەیپێبردنی هونەرمەند و هزری کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر داهێنانە هونەریەکان.

لای هیگڵ هونەر لە ئەنجامی ڕۆشنبیریەوە دێتە بەرهەم، گەر سەرنجبدەین کاتێک بەراوردکاریی دەکات لە نێوان هونەر و جوانی، ئەوەمان بەباشی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دەڵێت: کاری هونەریی دەرئەنجامی ڕۆشنبیریی مرۆڤەکانە، لەکاتێکدا کە جوانی سروشتی دەرئەنجامی خودی





مرۆڤەکانە کە مرۆڤەکان ناتوانن دەستیان هەبێت لەدروستکردنیدا.

هیگل زۆر بۆچوونی دەربارەی هونەر خستووەتە ڕوو کاتێک باسی زانستی جوانناسی(ئیستاتیکا) دەکات،بەتایبەت کاتێ باسی نیازی ڕۆح دەکات،و پێیوایە نیازی ڕۆح گشت ساتێک گەیشتنە بە قۆناغی پەیپێبردن،وە ئەمەش لای کەسێک دێتەدی گەر شارەزایی لە سێ بوار هەبێ کە:(ئایین، فەلسەفە، هونەر)ن،چونکە هیگڵ پێیوایە ئایین وادەکات مرۆڤ تێڕامانی هەبێ بۆ خود و دەورووبەر، پرسیاربکات دەربارەی بوونی گەردوون، سوودی ئایین، بوونی هۆکارێک بۆ بەدیهاتنی مرۆڤ و گشت بونەوەرێک، فەلسەفەش وا لە مرۆڤ دەکات لە پرسیارکردن نەوەستێت تا وەڵامێکی زۆر نزیک لە ڕاستیەوە بەدەستدەهێنێت، هونەریش ڕەنگدانەوەی هەست و نەستە بەهۆیەوە لە حەز و خولیای خود و دەورووبەر دەگەین،ئەم سێ زانستە ئەگەر هەر کەسێک دەبارەی بکۆڵێتەوە وادەکات ڕۆح چەند هەنگاوێک بنێت بەرەو پەیپێبردن،بەم پێیەش بەهای هونەر لەوەدایە هونەرمەند گەیشتبێتە قۆناغی پەیپێبردن بە گشت بابەتێکی هزری،لە فێربوونەوە تێپەڕبووبێ بۆ پەیپێبردن.

کانت لەمیانەی زانستی جوانناسیەوە، باسی هونەرمان بۆ دەکات بە تایبەت لە کتێبی(نقد ملكة حكم)دەربارەی جوانیی و پێوەری خولیا، بڕیار لەسەر جوانیی دەدات، پێیوایە خولیاکان دوو جۆرن کەسی و گشتیی،وە لە هەردوو جۆری خولیادا هەستکردن بەچێژ ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە مەبەست و خولیای هونەرمەند،بەهۆی پەیپێبردنی هزر دەگەیتە هاوئاهەنگی و داهێنان کە ئەمەش خولیایەکی گشتییە، بەهۆی ڕەنگداوەی هەستی کەسییەوە دەگەیتە پێشبیکردن بۆ داهاتوو و هەنگاونانی درووست زیاتر ئاشنای خولیای کەسی خۆی دەبێت و لە خودی خۆی دەگات.

کانت کاتێک باسی جوانیی سرووشت و جوانیی دروستکراو دەکات، پێیوایە هونەری دروستکراو جوانییەکی زیاتری هەیە لە جوانیی سروشتیی، چونکە بە بڕوای کانت هونەری درووستکراو دەرئەنجامی تێڕامانی هزرییە، کە لەسەر گریمانەی بیرکردنەوەی هونەرمەند دروستبووە،کە لە مێشکی پەنهانیدا حەشاری داوە و بەهۆی هونەرەوە دەخرێتە ڕوو.

شۆپنهاوەر لەسایەی زانستی جوانناسیدا، دەربارەی هونەر دواوە ،بەتایبەت لە کتێبی(العالم الإرادة)،وە پێیوایە زۆرجار زانستی مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەزموونی خزمەتکردنی گشتییدا یەکدەگرێتەوە ،کاتێک نغرۆی تێڕامانی هونەر دەبین هەستی تاکرەوی بزر دەبێت، ئازار هونەر و بیرکردنەوەی ئەزەلی بەدیدێنێت لە نێوەندێکی ماددی وەک: (پەیکەرتاشی و مۆسیقا و هۆزان ...هتد)، هونەرمەند کەسێکی بلیمەتە؛چونکە کارە هونەرییەکان قوڵترین کۆپی بیرکردنەوەی هونەرمەندە کە وای کردووە خەیاڵ و بیرکردنەوەی لە یەکتریی جیا بکاتەوە.

کانت و هیگڵ لەوەدا هاوڕان بەهای هونەر لە هزری هونەرمەندەوە سەرچاوەی گرتووە؛ بەڵام شۆپنهاوەر و تۆڵستۆی پێچەوانەی کانت و هیگڵ،پێیانوایە هونەر لەدایکبووی هەست و سۆزێکی دانەمرکاوە و قوڵپداوی ناخە، کە

هونەرمەند بەهەر هۆکارێک بێت ناتوانێت ئاشکرا و ڕوون دەریبڕێت،وە پێیانوایە هونەرمەند هەرچەند ئازادبێت هێندە هونەرەکەی داهێنەرانەتر دەبێت،ئارسەر شۆبنهاوەر دەڵێت: هونەر و ڕەوشت، دوو هۆکارن بۆ ئازادبوون،لەو ساتەی هەست بە ئازادبوونیان دەکەن لە هەموو کۆت و پێوەندێک.

تۆلستۆی دەڵێت: هونەری جیهانی ئەوەیە کە باس لە سۆزێکی گەشبینی سادەوە پێیدەگەیت،هونەر چالاکییەکی مرۆڤایەتییە بەهۆی بەرەو پێشچوونی هەستەکان لەژیاندا).

هونەر بەلای کروتشە کە لە کتێبەکەی باسی لێوەکردوە بریتیە لە(vision-بینایی)،هونەر لای کروتشە بریتیە لە بینین و ڕێچکە و گۆشەنیگای هونەرمەندەکە، کاتێک هونەرمەند دەیەوێت خودی خۆی بەرجەستە بکا لەکارە هونەرییەکەیدا.

کەواتە بەلای کروتشەوە بەهای هونەر پەیوەستە بە ئاستی ڕۆشنبیریی هونەرمەندەکەوە، واتا هزر و بیرکردنەوە ڕۆڵی هەرە سەرەکی دەبینن بۆ داهێنانی کاری هونەری.

مارتن هایدگەر کە داهێنەری زانستی فینۆمینۆلۆجیایە لە کتێبەکەی دەبارەی( أصل العمل الفني) دەڵێت: ڕاستەقینەیی ئەوەیە لەکوێ و لەچی پێکهاتووە و چۆنە،هونەر و هونەرمەند لەپەیوەندیەکی جێگۆڕکێدان،کاریگەری هونەر وا لە جیهان دەکات بە چەندان شێوە دەرکەوێت).

هایدگەر لە زۆربەی بۆچوونەکانیدا پێیوایە هونەر دەرئەنجامی دەرخستنی ڕاستیەکی خۆشویستراوە لەلایەن هونەرمەندەوە، بەهۆی بڕیاردانێکی پێشوەختەی ئامادەکراوەوە، هایدگەر زۆر پێداگربووە لەسەر ئەوەی هونەر دەبێت دەرخەری ڕاستی بێت، ڕاستیش هەمیشە پەیوەستە بە کەسایەتی هونەرمەندەکەوە، گۆشەنیگا و تێڕوانینی هونەرمەند دەربارەی ئەو هونەرەی دەیخاتە ڕوو.

بەلای هێربێرت ڕید یەکێکە لەو کەسانەیە کە زۆر گرنگی بە تیۆرەکانی فینۆمینۆلۆجیا داوە لەمێژووی هاوچەرخدا،لە کتێبی (الفن اليوم )پێنج هۆکاری داهێنانی خستۆتە ڕوو ، لە کتێبی( الفن والمجتمع)باسی کاریگەریی هونەری کردووە، زۆرێک لە وێنەی داتاشراوی شوێنەواری خستۆتە ڕوو، چونکە ڕید پێی وایە هونەرمەند دەبێت داهێنەربێت، هەرکەسێک داهێنەربوو بێگومان بلیمەتە و کاریگەری بەسەر کۆمەڵگا و جیهانیش دەبێ،کەواتە ڕیدیش بەهەمان شێوەی کانت و هیگڵ پێیوایە کارە هونەرییەکان لە دەرئەنجامی ئاستی هۆشیاریی هونەرمەندەوە هەڵقوڵاوە.

فەیلەسوف و هونەرمەندی فەرەنسی موریس پۆنتی،پێیوایە هونەرمەند هەر هونەرێکی بینراو بخاتەڕوو، لە دەرئەنجامی بەیەکگەشتنی زانست و ماناوە بناغەی گرتووە،کە ئاراستەکراوی بابەت و بیرۆکە و ناواخنی ئیپستمۆلۆجین.ئەوەشی خستووەتەڕوو زۆربەی تابلۆکانم نیشاندەری شوێنێکن، کە هەر بوونیان نییە،وە دەربارەی ڤان کوخدا دەڵێت- ڤان کوخ لە تابلۆکانیدا هەرگیز لاسایی سروشت ناکاتەوە ،ئەو تەنیا وێنەی تایبەت بەخۆی دەکێشێت کە لەناخیدا بوونیان هەیە.

پۆنتی بە ڕوونی باسی ناخ و هەستی هونەرمەندی کردووە، پێیوایە هونەر وێنەیەکی بینراوی ناخی هونەرمەند خۆیەتی،کە جگە لە خودی هونەرمەندەکە، کەسی تر نایبینێ و بەرلەوەی ببێتە کاری هونەری.

باشترین کاری هونەری ئەو کارەیە لەخزمەتی گشتی دابێ،و ڕێڕەوی هزری کۆمەڵگا بەرەو باشە بگۆڕێت، لەخراپە دایچۆڕێنێت،ئەمەش ئەوساتە بەدیدێت کە هونەرمەند خۆی لە ئاستێکی ڕۆشنبیری بەرزبێت.

---

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە.
١-الفن اليوم/هيربرت ريد/ترجمة:محمد فتحي و جرجس عبده
٢-النقد الملكة الحكم/ايمانويل كانت
٣-نظريات الجمالية" كانت-هيدجر-شوبنهاور" /ترجمة:مجاهد عبدالمنعم
٤-في فلسفة الفن وعلم الجمال مداخل و تصورات /بدر الدجاني

# حەقیقەت



نووسینی : د. فیصل عباس

لە عەرەبییەوە: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

حەقیقەتی ئەرێنیی نابێت بە حەقیقەت تەنیا بە باوەڕبوونی پێییەوە نەبێت. بەس نییە لە سیستەمێکی لۆژیکیی ڕوون و ئەبستراکتیشدا بخرێتەڕوو، بەڵکوو دەبێت پەیوەستی بابەتی ئەزموونێکی بوونگەرایی ژیاو بێت، پەیوەستی ئاوەزێکی بوونی بینراو بێت، نەک بە ئاوەزێکی ئەبستراکتەوە. حەقیقەت کاتێک لەبواری بابەتییدا بۆ بواری خودیی دەگوازرێتەوە واتای خۆی بەدەستدەهێنێت، واتە کاتێک بڕوای پێدەهێندرێت و بنیاد دەنرێت.

حەقیقەت لە لای کیرکەگاردەوە حەقیقەتێکی بوونگەراییە. تەنیا لە پەیوەندی نێوان خود و بابەتدا نییە، بەڵکوو لە بنچینەدا(خود)ە دامەزرێنەرەکەی، بە جۆرێک کە بوون بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە. کیرکەگارد هەستی کردووە ژیانی بێلایەنی، ژیانێکی بوونگەرایی نییە، چونکە(تامەزرۆیی)ی لەدەستداوە و بوونیشی لەگەڵدا لەدەستداوە. زۆربەی ئەو خەڵکانەی لەم بێلایەنییەدا دەژین، بێئاگان لە بوونی خۆیاندا. ئەرکی کیرکەگارد بریتییە لە بەئاگاهێنانەوەی مرۆڤ، بۆ ئاگەدارکردنەوەی لە بەها هەستەکییە خودییەکان کە وا لە تاک دەکات مرۆڤ بێت. ناشێت حەقیقەت لەسەر بابەتی بێلایەنیی، یان لە پەیوەندییە ئەبستراکتەکانەوە لەبارەی بوونەوە دامەزرابێت، بەڵکوو دەبێت لەو هەستە پڕانەی کە مرۆڤ بۆ بوونە خودییەکەی دەگەڕێننەوە دامەزرابێت. چونکە ئەوە حەقیقەتی خودییەتییە ئەو شەیداییە یاوەری دەکات کە مرۆڤ لە گەڵیدا بوونی دەبێت. مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە بەدوای خودادا گەڕاوە. ئەم گەڕانەیشی دوو لایەن بووە: لە لایەکەوە ڕوو دەکاتە ڕوونکردنەوەی بیرۆکەی خودا بە ڕێگایەکی لۆژیکیی بابەتیانەوە، تاکوو لەم بوارەدا بە حەقیقەت بگات، بەڵام لەلایەنێکی دیکەوە ڕەنگە وا لە ژیانی بکات گوزارشتێک بێت لە پەیوەندییەکی کەسییانەیی لەگەڵ خودادا. لەبەرئەوەی مرۆڤ حەقیقەتی لە(شەیدایی)یدا بینیوە، ئەو(شەیدایی)یەی کە مرۆڤ بەهۆییەوە بۆ لوتکەی خودییەتیی بەرزدەکاتەوە. چۆن مرۆڤ دەتوانێت خودا لە گەڕانیدا لە بارەی بابەتی خوداییەوە ببینێتەوە، لە کاتێکدا کە



خودا بابەتێک نییە، بەڵکو خودێکە لە پەیوەندییە خودییەکانیدا بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت؟ کە لەم پەیوەندییەدا مرۆڤ تێکڕای ژیانی لە پێناویدا بەخت دەکات، و بە هێزێکی شەیدایی بێکۆتاییەوە بۆ لای هانیدەدات.

با ڕابمێنین لە چۆنییەتیی خوداپەرستیدا و بەراوردێک بکەین لە نێوان خوداپەرستێک و بتپەرستێکدا، خوداپەرستێک لە سەردەمی مەسیحییدا و دەشزانێت کە خودای ڕاستەقینە کێیە، بەڵام نوێژیش دەکات بەبێ بڕواییەکی قووڵ، بتپەرستەکە کە نزاکانی ئاراستەی بتێک دەکات ئەم کارەیشی بە تامەزرۆییەکی بێکۆتاییەوە ئەنجام دەدات. ئایا ئەم کەسە لە پاڕانەوەکانی خۆیدا بۆ خودایەکی ساختە، چۆنییەتیی نوێژی ڕاستەقینەی بەدەست نەهێنا، ئەوا خودای ڕاستەقینەیشی دۆزیەوە، لە کاتێکدا کەسەکەی دیکە زانیویەتی خودای ڕاستەقینە کێیە، بەڵام، بەهۆی ئەوەی بێبەش بووە لە(تامەزرۆیی)ی، لەدەستی داوە و تەنها بتێکی پەرستووە؟

ئەو حەقیقەتەی کە بەدوایدا دەگەڕێم حەقیقەتێکە پەیوەستە بە خودی خۆمەوە. واتە بەبوونمەوە. بۆیە بۆ گەڕان بەدوای حەقیقەتدا لە پەیوەندیم

به بابەتەکەدا، لە چۆنییەتیی پەیوەندیم لەگەڵیدا، ئەگەر هەستەکانم لە بەرەو خودادا گەیشتبێتە ئاستی(تامەزرۆیی)ی بێکۆتاییدا. ئەوا گەیشتووم بە حەقیقەت، چونکە خۆشەویستییەکی زۆری بێکۆتایی بریتییە لە حەقیقەت .

جا لێرەوە ئەوە(چۆن)ە رادەی راستیی(ئەوە چییە)دیاریدەکات_ هەروەک چۆن لە دۆخی ئەو بتپەرستەدا وابوو کە بتەکەی کردبوو بە خوداییەکی راستی .

وەڵامی پرسیاری(چۆن)بەناوەرۆکێک دێت، بەهاکەی بە ئەندازەی بەرزبوونەوەی دڵێکی تامەزرۆدار بەرزدەبێتەوە، بە جۆرێک کاتێک(تامەزرۆیی)ی دەگات بە پلەی بێکۆتایی لە گەڵیدا بابەتی حەقیقەت و پاشان دڵنیایی دێت .

دڵنیایی تەنیا خودیی دەبێت، چونکە(بابەتیی)تەنیا لەگەڵ گوماندا دێت . ئەوە گومانە تێیدا هاتووە هانمان بدات بۆ پەیوەست بوون پێییەوە، تا ئەو کاتەی نادڵنیایی بابەتیی بۆ دڵنیایی خودیەتیی دەگۆڕێت . چونکە گومان گڕ لە هەستەکان بەردەدات، دڵنیاییش بڵێسەی تامەزرۆیی خامۆش دەکات . حەقیقەت هیچ نییە جگە لەگومانێکی بابەتی نەبێت، کاتێک بەهێزترین خودی تامەزرۆ لاوازی دەکات و لە بارەی ویستێکی راستگۆوە . حەقیقەت دیاردەیەکی دەرەکیی نییە، بەڵکوو دیاردەیەکی ناوخۆییە، چونکە پەیوەندییەکی پتەوەی بە خودێکی هەبووەوە هەیە و یارمەتی بوونەکەی دەدات. لەمەیشدا بابەتەکە رەتناکاتەوە، بەڵکوو پشتی پێدەبەستێت بەو جۆرەی کە سەنتەری گومانە و، تاکوو گومانە بابەتییەکە دەگۆڕدرێت بۆ دڵنیاییەکی خودیەتیی .

ئەم تێڕوانینە بۆ حەقیقەت لەگەڵ باوەڕیشدا یەکدەگرێتەوە، چونکە باوەڕ پشت بە نادڵنیایی بابەتیی دەبەستێت، ئەگەر ئەو باوەڕەش نەبوایە مرۆڤ نەدەگەیشتە باوەڕ، بەڵکو دڵنیایی، دڵنیاییش باوەڕی نەدەهێشت . کەواتە باوەڕ راستەقینەییە، ئەو دڵنیاییە خودییەیە مرۆڤ پێی ناگات تەنیا لە دوای گومانەوە نەبێت . بەمشێوەیە بوونگەرایی دەبێتە هۆی : حەقیقەت دژوارییەکە(paradox)، حەقیقەت لەسەر ئەو کردارە بوێرییەی کە نادڵنیایی بابەتیی بە تامەزرۆییەکی بێکۆتاییەوە هەڵیدەبژێرێت دادەمەزرێت . لەهەڵوێستی باوەڕدا مرۆڤ سەرکەشکارێکە، لەسەر زەوییەکی ناجێگیر وەستاوە . ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت بە تێڕوانینێکی خودایی دڵنیایی و بابەتیی بگات ئەوا بە ژیان و باوەڕەکەیی و تامەزرۆییەکەی سەرکەشیی دەکات. هەرکاتێکیش نیگەرانییەکەی لەبارەی حەقیقەتە بابەتییەکە توند بێت تامەزرۆییەکەی بۆی گەورە دەبێت، هەرکاتێکیش باوەڕی مرۆڤ قووڵ بێت، هاندانی زیاد دەبێت بۆ ناخی کە تێیدا داوای حەقیقەت بکات. بۆیە کیرکەگارد دەڵێت : سوکرات لە باوەڕەوە نزیک بووبووەوە، ڕێنماییکەری ڕێگای ئایینی ڕاستیش بوو، چونکە ئایینی ڕاستی پەیوەندی بە بوونەوە هەیە، نەک بەهزرەوە .



# شانۆی مۆدێرن و تەکنۆلۆژیا

هەڵگری نامەی کتێب



د. فازل جاف



تەکنۆلۆژیای شانۆ لەم چەند دەیەی دواییەدا گەشە و پێشکەوتنێکی خێرای بەخۆوە دیووە، بەڵام وانەبێت کاریگەریێتی پێشکەوتنی خێرای تەکنۆلۆژیا تەنیا کاری ئەمڕۆ بێت، ئەوەندەیە ئەوەی کە ئەمڕۆ لە بواری تەکنۆلۆژیادا ڕوودەدات، ڕەنگدانەوەی لە سەر هونەر بەگشتیی و شانۆ و هونەرەکانی نمایش زۆر لە جاران زەقتر دیارە. هەر پاش شۆڕشی پیشەسازیی، شانۆکارانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، دامەزرێنەران و ڕێبەرانی شانۆی مۆدێرن کەوتنە خەمی ئەوەی چۆن و بەچی شێوەیەک سوود لە دەستکەوتەکانی بوارە جیاوازەکانی زانست، وەکو فیزیک وکیمیک وماتماتیک، وەرگرن. بناخەی بۆچوونەکانی ئاپیا لەمەڕ ڕووناکی، بیر و وبۆچوونەکانی ئێدوارد کرەیگ لە سینۆگرافیا، پشت بەو دەستکەوتانە دەبەستن کە لە بواری تەکنۆلۆژیادا هاتنە دی. هەندێ لە نەخشەکانی کرەیگ لە پراکتیکدا بە هۆی تەکنۆلۆژیای دواکەوتووی شانۆوە لەو ڕۆژگارەدا شکستی هێنا، هاملێتەکەی هاوبەشی نێوان خۆی و ستانیسلاڤسکی لە موسکۆ یەکێکە لە نموونەکان، بەڵام لە مێژووی شانۆدا ئەزموونێک و نموونەیەکی بەرچاوە. کەچی ئێستا بیروبۆچوونەکانی کرەیگ، چ وەک تیوری، چ وەک پراکتیک، دەمێکە وا خەریکن بە هۆی ئاسانکارییەکانی تەکنۆلوژیای شانۆوە دەبن بە کلاسیک. بەڵام لە ڕۆژی خۆیدا شۆڕشێک بوون. دەکرێ بڵێین کاریگەریێتیی تەکنۆلۆژیا لە تیۆرەکانی ئاپیادا لە هەموان تیژتر هەنگاوی بەرەو ئایندە نا. تیورەکانی ئاپیا دەربارەی سینۆگرافیا و ڕووناکی سەرجەمی هەیکەلیەتی بەرهەمهێنانی شانۆیی لە سەدەی بیستەمدا گۆڕی و تاوەکو ئێستاش داهێنانەکانی ئاپیا لە شانۆی ئەمڕۆماندا بە بنەڕەت لە قەڵەم دەدرێن. ئاپیا تەکنیکی بەرجەستەکردنی سینۆگرافی یەک مەودایی سەدەی نۆزدەیەمی، واتە تەکنیکی وێنەی یەک مەودایی چەقبەستووی سەر

خامی ڕەتکردەوە، لەبری ئەوە پانتایی و کەشێکی سێ مەودای( پانی و درێژی و قوولّی) بۆ ئەکتەر خولّقاند.ئەمەش لە ڕێگای ڕووناکی مۆبایلی چەق نەبەستوو، کە پێویستە بەردەوام لە گۆڕاندا بێ، وەک هامبازێکی وێنەیی شان بە شانی مۆسیقا بڕوات.ئەم تیۆرەی ئاپیا تاکو ئێستاش دەستکەوتێکی مەزنە بۆ شانۆ. بەلاّم من پێم وا نییە ئاپیا پێش داهێنانی کارەبا، بیتوانیبا بەم داهێنانەی خۆی بگات. هێزی کارەبا، هەر لە قۆناخێکی زۆر سەرەتاییەوە، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە جەستەی شانۆدا بەرپا کرد. گەر بەوردیی شانۆنامەکانی ئیبسین و بیرناردشۆ وستریندبێرگ بخوێنینەوە و لەگەلّ شانۆنامەکانی قۆناخەکانی پێش خۆیاندا بەراوردیان بکەین، یەکسەر تێدەگەین کە کەشفەکانی ئاپیا لە بواری ڕووناکی مۆبایلدا تا چ ڕادەیەک کاری کرووەتە سەر درامانووسان و چارەسەرکردنیان بۆ مەسەلەی کات و شوێن. کە ڕووناکی مۆبایل هاتە گۆڕێ، نووسەر خەمی فەزا گۆڕین یان خەمی دەستەبەرکردنی فەزای فراوانی نەما.کارەبا و تەکنیکی نوێی ڕووناکی تەواو کاری کردە سەر بینای دیمەنەکانی شانۆنامەکە، بەلّگەشم بۆ ئەم بۆچوونە شانۆنامەکانی ئیبسین و بیرناردشۆیە.

ستانیسلاڤسکی یەکەم ڕیژیسێۆر بوو، کە دەیویست کار بۆ ئەوە بکات، شانۆ لە هونەرەکانی دیکە دوا نەکەوێت.یان بەلاّنی کەمەوە شان بە شانی هونەرەکانی دیکە هەنگاو بنێت . ستانیسلاڤسکی پێی وابوو کە شانۆ لە پەرەسەندن و گەشەکردندا لە سەرجەمی هونەرەکانی دیکە خاوتر هەنگاو دەنێت،. موزیک و هونەری شێوەکاری و دانس و بالێیە وئۆپێرای بە نموونە دەهێنایەوە، کە بە بۆچوونی ئەو لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە، بە بەراورد لەگەلّ شانۆدا هەنگاوی گەورەیان نابوو.

شانۆ لەژێر دەستی میرهولددا نەک هەر لە باری ئێستاتیکەوە بگرە لەباری تەکنەلۆژیاشەوە، بەیارمەتی پسپۆڕانی تەکنیککار گۆڕانکارییەکی گەورەی بە تایبەت لە بواری بەکارهێنانی ئامێر و مەکینە و کەرەستەکانی پیشەسازیی ئەوسا بەخۆوە بینی، پاشتر لەژێر دەستی برێخت تەوژمە جیاوازەکانی شانۆش لە ڕووی تەکنۆلۆژیاوە مەکینەی تازە و ئامێری نوێیان هێناوەتە ناو شانۆوە. بۆ نموونە کە لە شانۆی سیاسی لای میرهولد و برێخت و پیسکاتۆر ورد دەبینەوە، بۆمان دەر دەکەوێت کە ئەم تەوژمە چ تەکنۆلۆژیایەکی تایبەتی هێناوەتە ناو شانۆوە.لە هونەری بەکارهێنانی فیلم و دەنگ و ئیفێکت(کاریگەرێتی) و دیکومێنت، سەرەڕای بەکارهێنانی ئامرازی تەکنۆلۆژی پێشکەوتوو، کە



شێوەی جێبەجێکردنی تەکنیکی لە سەر شانۆ نەک هەرئاسانکر، بگرە هەموو شتێکی هەر لە بنەوە گۆری.

هونەرەکانی سینۆگرافیا و بینای شانۆ و رووناکی و دەنگ ، هەموو ئەمانە هەر لە سەرەتای سەدەی رابووردووەوە لە گۆرانێکی ئەوەندە خێرادایە کە بێ پسپۆرایەتی تەواو، کەس لەهەقی نایەت. واتە گەورەترین گۆرانکاری کە تەکنەلۆژیا لە شانۆدا بەرپای کرد، خەلقکردنی کارەبا بوو، کە ئەمە بە تەواوی کاری کردە سەر هەموو لایەنەکانی شانۆ، وەک رەنگ و دیکۆر و جلوبەرگ. لەمانەش گرنگتر ئەوەیە، کە کارەبا چەمکی کەش و پانتایی شانۆیی و زەمەنی شانۆیی لە بنەوە گۆری. ئەوەی سەلماند کە پانتایی ژێر رووناکی بە پێچەوانەی پانتایی بێ رووناکی، فەزایەکی چەق بەستوو نییە، دەمودەست دروست دەکرێ و دەمودەستیش دەگۆردرێت. واتە ئەوەی کە ئەمرۆ شانۆکاران پێی دەڵێین فەزای ناو فەزا، یان وەکو فەرەنساییکان دەڵێن: فەزا لەناو فەزادا لە دایک دەبێت، ئەمە هەمووی دیاری کارەبایە بۆ ئێمە. پێش کارەبا نەدەکرا پانتایی شانۆ گەورەکان لە هەموو کونج و سووچێکەوە بە ئاسانی بەکار بهێنرێن، بەتایبەتی لە قوولاییدا، رووناکی بە مۆم دابین دەکرا، مۆمەکان هەرچەندە ژمارەیان زۆر بوایە هەرگیز هەموو لایەکی شانۆکەی بەتەواوەتی رووناک نەدەکردەوە، بە تایبەتی روخسار و دەموچاوەکان. بۆیە زۆربەی زۆری دیمەنەکان و میزانسینەکان دەهێنرانە پێشەوەی ستەیج، تاکو بینەران باش بیان بینن. پاشتر کارەبا هەموو ئەم گیروگرفتانەی چارەسەرکرد. نەک هەر ئەوەندە، بگرە خەونی داهێنەرانەی گەلێک شانۆکاری سەدەی رابووردووی لە رووی بیناسازی و سینۆگرافیاوە دوای خۆیان هێنایە دی. لەوانە: خەونی گۆردن کرەیگ لە بەکارهێنانی پەردە لە بونیاتنانی هەیکەلی سینۆگرافی و چارەسەرکردنی دیمەنە گەورەکانی شانۆی کلاسیکی بەشێوەیەکی گەلێک ئاسان، لە چەشنی ئەزموونی سینۆگرافیای هاملێت لە موسکۆ، ئەمەش تەنیا نموونەیەکە.

پێشکەوتنی رووناکی بەتایبەتی، تەکنۆلۆژیا بە شێوەکی گشتی، ئەوەی دەرخست کە بۆچوونەکانی کرەیگ دەستکەوتێکی مەزن بوون بۆ شانۆی مۆدێرن، بەلام جێبەجێکردنیان پێویستی بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیابوو، پاشتریش دەرکەوت کە جێبەجێکردنیان بۆ کەسێک بتوانێت تەکنیکی نوێ بەکاربهێنێت لەوەش ئاسانترە کە خەمی چەند سەت ساڵەی شانۆکاران بوو.

ئەگەر کارەبا یەکەم دیاری مەزنی تەکنۆلۆژیا بێت بۆ شانۆ ، دەکرێت بێ سێ و دوو بڵێین، کە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دووەم مەزنە دیاری تەکنۆلوژیایە، کە کارئاسانی بۆ شتگەلێک کرد، کە لە کاتی خۆیدا کەس تەنانەت نەیدەوێرا خەونی پێوە ببینێت. لەوانە بەپرۆگرامکردنی سەرجەمی گۆرانکارییە تەکنیکییەکانی سەرشانۆ، هەندێک شتی کەمی لێ دەرچێت، کە تاکو ئێستاش هەر دەبێت بە بازووی ئادەمی جێبەجێ بکرێت، ئەگەرنا هەر لەگەڵ داهاتنی کۆمپیوتەردا، هەموو گۆرانکاییەکانی رووناکی و رەنگ و مۆسیقا و دەنگ، بێ گرێ وگۆل و گیروگرفت جێبەجێ دەکرێن. ئەگەر رووناکی مۆبایل لە سەرەتادا خاو قورس دەرۆیشت ، ئێستا بەسەتان بەندی گۆرانت بۆ تۆمار دەکات و بە پێی بەرنامەکەش دێنە ئەنجام. با یەک تۆز شانۆی دراماتیکی بەجێ بێلین، و شانۆی موزیکال و نمایشی ئۆپێرا بە نموونە وەربگرین. من بۆیە ناوی ئەم دووانەم هێنا چونکە تەکنیک لەم دوونەدا قەوارەیەکی ئەوەندە گەورەی هەیە، کە هەندێکجار فریای ئەوە ناکەویت بزانی ئەو گۆرانکارییە یان ئەو دیمەنە چۆن هاتووەتە ئەنجامدان. هەر بۆ نموونە موزیکالە گەورەکانی وەکو کاتس "پشیلەکان" یان ئۆپێرای فانتۆم، هەر لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی، هەزاران گۆرانکاریان تێدا روو دەدات. کە ملیۆنەها کەس چێژی راستەقینە لە تەکنیک و مۆسیقاکانی وەردەگرن. کۆمپیوتەر لە سەرنسەر پرۆسەی نمایشی ئەم بەرهەماندا بەکارە، درۆ نییە گەر بڵێم بە ئەندازەی کاریگەرێتی کۆمپیوتەر لە بەرهەمهێنانی فیلمدا.

# خـــۆپـــاراســـتن

هەواڵنامەی کتێب



گۆران محەمەد فقێ

کەسایەتییەکان:
١ - ورچی ژیر
٢ - سمۆرەی هاروهاج

(سەرەتا تەنها ورچەکە لەسەر شانۆ دەرئەکەوێت، دڵی خۆشە)

ورچی ژیر: ( دەست بە ورگی خۆیدا دەهێنێت ) یەم یەم یەم یەم، ئەمرۆ هەنگوینی چاکم خواردوە،( ورچەکە لەبەر خۆیەوە قسە دەکات) ئەی چۆن هەنگوین خۆشە، باشە، هەنگوین بۆ تەندروستی زۆرچاکە ، منالآن ، ئینجا ئێستا دەچم ددانەکانم دەشۆم بۆ ئەوەی پارێزگاریی لە تەندروستی ددانەکانم بکەم، ئەی چۆن ئا ئا وا دەکەم.( ورچەکە گۆرانی کۆمیدی لەبەرخۆیەوە دەڵێت)

( لەناکاو لێرەدا دەنگی سمۆرە هاروهاجەکە دێت بە گریانەوە دێتە لای ورچی ژیر)

سمۆرەی هاروهاج: ( ئەگری) ئاااا ، ئاااا، ئا هە هە هە، ( لەناکاو بێدەنگ دەبێت و سەری داخستووە)

ورچ: ( لەم کاتەدا لە سمۆرەکە نزیک دەبێتەوە) سلاو سمۆرەی هاورێم.

سمۆرە: ( لەپڕ بەدەنگی بەرز دەکاتەوەو دەست دەکاتەوە بە گریان) ئاااااااا ئەە ئەە ئەە

ورچ: ( بەسەر سورمانەوە) ئەوە بۆ دەگریت سمۆرەی هاورێم؟؟

سمۆرە: ئم ئم ئم ، دایکم ناهێڵێت لەماڵەوە حەپ و دەرمان بخۆم ( دەگری بە دەنگی بەرز) ئاااا

ورچ: بۆ تۆ ئازارت هەیە ..؟ تۆ نەخۆشی هاورێکەم..؟

سمۆرە: ( لەگریان دەوەستێت و سەریری ورچ دەکات) کورە نەبابە نەخۆشی چی، من سمۆرەم هەرخەریکی گوێز خواردنم، تاقەتم چوو لە خواردنی گوێز، ئیتر بۆ لەمەودوا حەز دەکەم لەبری گوێز حەپ و دەرمان بخۆم ، بۆچی ورچی هاورێم نابێت من ئەوکارە بکەم ؟

ورچ: ( هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت وەک ئەوەی بترسێت) هاااا وەی دایە ! ئەوە تۆ ئەڵێی چی ؟! ئێمە نابێت لەوجۆرە شتانە نزیکبینەوە ، نابێت حەپ و دەرمان بە بێ پرسی پزیشک بخۆین، چونکە خراپە بۆ تەندروستیمان .

سمۆرە: دەباشە باش ، ئیتر واناکەم ورچی هاورێم، ئەممم من بیرۆکەیەکم هەیە، دەزانی دەمەوێت چی بکەم؟

ورچ: دەتەوێت چی بکەیت؟

سمۆرە: ئێستا کە ڕۆیشتمەوە ماڵەوە ، ئا، ئی، ئا ( بیردەکاتەوە)، ئمم کەڕۆیشتمەوە ماڵەوە دەست دەکەم بە پلاکی کارەباکەدا بزانم لوتم وەکو گڵۆپ دائەگیرسێت ( دەست دەکات بە قاقای پێکەنین) ئا هههە هەهههه

ورچ: ( ورچ زۆر دەترسێت) ها، ئەوە تۆ دەڵێی چی هاروهاج، چۆن شتی وا دەکەیت.

سمۆرە: ( لە پێکەنین دەوەستێت) بۆ ئەوکارە خراپە؟

ورچ: ( زۆر بە ڕژدیی باسی دەکات) ئەی چۆن سمۆرەی هاورێم ڕاستە کارەبا سەرچاوەی ڕوناکییە بۆ ژیانی ئێمە، بەلام نابێت دەستی لێ بدەیت، چونکە زیانی زۆری هەیە بۆ تەندروستیمان و ئازاری زۆمان پێدەگەیەنێت. نانا نا نابێت هاورێکەم کاری وانەکەیت

سمۆرە: کەواتە من ناتوانم ئەو کارە بکەم..؟

ورچ: نا نا هەرگیز ناتوانی، چونکە خراپە.

سمۆرە: ( لەپڕ دەست دەکاتەوە بە گریان و هات و هاوار) ئاااااا، ئی دە من حەزم لییەتی ، ئەی باشە من چی بکەم؟

ورچ: تۆ دەتوانی کارێک بکەیت، کە سودی هەبێت بۆ خۆت و بۆ هاورێکانت.

سمۆرە: ( دەوەستێت لە گریان و بیر دەکاتەوە) کارێک بکەم سودی هەبێت بۆ خۆم و بۆ دەوروبەر؟ (لەبەر خۆیەوە دەیڵێتەوە) من کارێک بکەم سودی هەبێت بۆ دەورووبەر و هاورێکانم، کام کار ؟ باشە من چی بکەم؟ ئەها بیرم کەوتەوە، کەواتە: ورچی هاورێم بچم شقارتە و چەرخ بهێنم و ئێستا بۆ خۆمان لێرە ئاگر بکەینەوە؟

ورچ: ( توشی سەرسورمان ئەبێت) ها!!!!!! نا بێت ئەو کارە بکەیت!

سمۆرە: ئەی مەقەست بهێنم دەست بکەین بە بڕینی جل و بەرگ و پارچە پارچە کردنی دەفتەر و کتێبەکانمان؟

ورچ: ( زیاتر سەری دەسوڕمێت) نا هەرگیز ئەو کارە

زۆر خراپە سمۆرەی هاوڕێم نابێت شتی وا بکەیت

سمۆرە: ئەی باشە برغو و بزمار بهێنین بۆ خۆمان دیوار و دەرگاکانی پێ کون بکەین زۆر خۆشە؟

ورچ: (دەترسێت) وای ئەوە تۆ دەڵێی چی چۆن شتی وا دەکەیت.. نانا ئەو کارەش هەڵەیە

سمۆرە: ئەی باشە چی بکەین؟ چەقۆ و گوێزان بهێنین بۆ خۆمان یاری پێ بکەین..؟

ورچ: ( توشی شۆک ئەبێت) هاااا! ... نا.. نابێت ئەوانە کەرەستە و کەل و پەلی یاریکردنی منداڵان نین..!

سمۆرە: ( بێدەنگییەکی کەم ، لەناکاو سمۆرەکە پڕ بەدەمی خۆی دەست دەکاتەوە بە گریان) ئاااا.. ئاااا ئەی باشە ، من ، چی بکەم؟؟؟ ئاااا ، ئممممم، دە من حەز دەکەم حەپ بخۆم تۆ وازم لێ بێنە، ( بەدەم گریانەوە) من حەز دەکەم دەست بۆ کارەبا بەرم و لوتم وەکو گڵۆپ هەڵبێت، تۆ بۆ ناهێڵیت لوتم ببێ بە گڵۆپ و بۆچی بۆچی ئاااا. من حەز دەکەم بە مەقەست و بزمار یاری بکەم

ورچ: مەگری هاورێکەم مەگری، تۆ لەجیاتی ئەوەی بەو کەل و پەلە مەترسیدار و زیان بەخشانە یاری بکەیت، دەتوانی بەکەل و پەلی یاریکردنی منداڵان گەمە بکەیت، کاتەکانت بەسەر بەریت ، سمۆرەی هاورێم تۆ دەتوانی ڕۆژانە لەگەڵ هاورێکانت لە باخچەی منداڵان یاری بکەیت و کاتێکی خۆش لەگەڵ ئەوان بەسەر بەریت.

سمۆرە: بەڕاست؟ ئەی باشە ورچی هاورێم کەواتە ئێستا دەتوانین من و تۆ پێکەوە لێرە لە باخچەی منداڵان لەگەڵ مناڵە چاو گەشەکان پێکەوە یاری بکەین و پێیان بڵێین هەرگیز کەلوپەلە زیانبەخشەکان بەکارنەهێنن؟

ورچ: ئەی چۆن سمۆرەی هاورێم ئێستا ئێمە لێرە بەم مندالە چاوگەشانە دەڵێین.

( لێرەدا هەردوو کەسایەتی ورچ و سمۆرە پێکەوە قسەکان دەکەن)

ورچ و سمۆرە/ منداڵە چاوگەشەکانی باخچەی (.....) بەیانیتان باش؟ ئێمە ئەمڕۆ هاتووین چەند ئامۆژگارییەکمان هەیە بۆ ئێوەی ئازیز.

ورچ: یەکەم ئامۆژگاری ئەوەیە کە نابێت هەرگیز لەماڵەوە نزیک بکەوینەوە لە پلاکی کارەبا بۆ ئەوەی زیان بە جەستە و تەندروستیمان نەگەیەنێت، باشە؟

تێبینی: ( با مناڵەکان وەلام بدەنەوە)

سمۆرە: هەروەها نابێت بە هیچ شێوەیەک بەبێ ڕێنمایی پزیشک حەپ و دەرمان بخۆین.

( ڕوو دەکاتە ورچ) چونکە زیانی بۆ چی هەیە ورچی هاورێم؟

ورچ: زیانی بۆ تەندروستیمان هەیە. ئینجا منداڵانی ئازیز، نابێت ئێمەی منداڵان دەست بەرین بۆ مەقەست و چەقۆ چونکە لەوانەیە دەستمان ببڕین و ئازار بە خۆمان بگەیەنین.

سمۆرە: ئافەرین ورچی هاورێم ، من نامەوێت هەرگیز چەقۆ و مقەست بە دەستم بگرم چونکە ڕەنگە دەستی خۆم ببڕم و ئازارێکی زۆر بە پەنجە و دەستم بگەیەنم.

ورچ: ئینجا منداڵینە هەرگیز نەکەن بروغو و دەرزی و کەلوپەلی نوکتیژ بەکار بهێنن چونکە لەوانەیە بچێت بە دەست و قاچمانداو دوایی ئازاری زۆرمان پێدەگات ،باش؟

سمۆرە:زۆرباشە منداڵینە ئێمە دڵنیاین ئێوە ئاقڵن لەماڵەوە هەرگیز نزیک نابنەوە لەو کەلوپەلانەی کە باسمان کرد ، وایە؟

ورچ: کەواتە زۆرباشە، هاورێیان ئەمڕۆ پێکەوە وانەیەکی گرنگ فێربوین دەربارەی خۆپاراستن و دوور کەوتنەوە لە ئامێر و کەلوپەلە زیانبەخشەکان.

سمۆرە: کەواتە ئافەرین بۆ هەمووتان ، ئێستاش چەپڵەیەکی قایم لێدەن بۆ خۆتان. هێی هێ هێ (چەپڵە لێدەدات)

ورچ: هێ هێی هێی. ( چەپڵە لێدەدات)

سمۆرە: خواتان لەگەڵ .... خواتان لەگەڵ. ( دەڕۆن)

ورچ: خواتان لەگەڵ هاورێیان ، خواتان لەگەڵ. (دەڕوات)

---

تێبینی/ ئەو نوسینانەی لە نێوان کەوانەکان نوسراون، دیالۆگ نین، بەلکو سیناریۆن تەنها بۆ تێگەیشتنی کەسایەتییەکانە. بۆ ئەوەی بزانن چی دەکەن لەوکاتانەدا.

# ئۆپەرێتی:
# گۆرانیی پیتەکان



عەلی حەمەڕەشید بەرزنجەیی

پیتە کوردییەکان، بریتین لە: (ب،ت،ئ،ح،ج،و،خ،د،ە،ا،ی،ر،ژ،م،ز،س،ش،پ،ۆ،ڤ،ن،ع،غ،ف،ق،ک،گ،ل،چ،ڕ،ە،ڵ،ی) بەشدارن لەم ئۆپەریتەدا و هەریەکەیان بە گۆرانییەک، باس لە خۆی دەکات و لە چ وشەیەکدا هەیە بە گۆرانی دەیڵێت،کە هەر پیتێک بە شێوەی بوکەڵەیەک کە پیتەکە بەجوانی دیارە و منداڵان دەیبینن و دەیناسن.سەرەتا منداڵانی بەشداربوو ئەم گۆرانییە دەیڵێت،وا باشە بۆ سەرەتای هەر پیتێک ئەم گۆرانییە دووبارە بکرێتەوە:

هەموو منداڵان:

با گوێ بگرین زۆر بە وردیی
بـۆ ناسینی پیتی کـوردیی
هێ ئەو زمانەی تاکو هەین
هەر شـانازیی پێوە دەکەین
ئەویش زمـانی کـوردییە
سەرچاوەی شادیی و خۆشییە
ئەم وانەیە بـۆ هەمـووانە
بـۆ نـاسینی پیتەکـانە

مامۆستا پیت پیت، کە هەریەکەیان بە وانەیەک باس دەکات بەشێوەی گۆرانی دەڵێت بۆ منداڵان و بەشدارییان پێدەکات، تا بە جوانی پیتەکە بناسن و فێری ببن.هەر پیتێکیش بە وانەیەک، یان زیاتر بە پێی پلانی مامۆستا بە منداڵان دەوترێت.

مامۆستا:پیتی (ب):

وا پیتێک وا بەڕێوە
دێت بۆ دیـداری ئێوە
ئەویش پیتی (ب)ی جوانە
ئەمـڕۆ لاتـان میـوانە
لـە کۆتـایی و سـەرەتا
لــە کتێب و بـەرخ دا
خۆی پیشان ئێوە دەدات
هەتا دڵخـۆشتان بکـات
بابە بەبـاشی و نایـاب
بۆتـان بـهێنێ کەبـاب

مامۆستا:پیتی (ت):

ببینن پیتی (ت) هـات
وا تەواو خۆی بـا دەدات
خۆی خستۆتە ناو چاکەت
جوان و دیارە وەک پاکەت
تەمـاتە و تری و شوتی
هـەرچی بڵێی وەک توتی
بە تەواوی وەک خۆمـان
زوو دەیڵێتەوە بۆمـــان

مامۆستا:پیتی (ئ):

پیتێکی تـر جـوان و ناسک
خێرایە وەک ئەسپ و ئاسک
بـووە بــە میـوانی ئێوە
خەندەی خۆشی لەسـەر لێوە
ئای ئای ئێستا تینووی ئـاوە
ئەو لای مامۆسـتا وەستاوە
وا ئـەو ئەڵێ پیتی(ئ) م من
دەی دەی وەرن تـا بمناسن

مامۆستا:پیتی (ح):

هەر کە مامۆستا دەرکەوت
خۆزگەکانم بوون بە حەوت
وتی ڕۆژباش گوڵەکـان
پیتی (ح) دێت بۆ لاتـان
دیـاری هێناوە بۆتــان
جوانە هەروەکـو خۆتان
دیارییەکـەشی مزراح بوو
وێنەی حوت و تیمساح بوو
چونکە حەزمـان لێی دەکرد
حەوت ڕیحانەمـان بـۆ برد

مامۆستا:پیتی (ج):

وا پیتی (ج) بـە جـوانی
بـە جـریوە و گـۆرانی
دەڵێ کە چووین بۆ سـەیران
ساج دەبەین لەگـەڵ خۆمان
لـەوێ نانی پێ دەکـەین
سـەر لە کێڵگە و باخ دەدەین
تـا لەلای مامـەی جوتیار
هەنجیر بـهێنین بـۆ شـار

مامۆستا:پیتی (و):

ئـەمڕۆ پیتی (و) لە پـڕ

هەواڵنامەی کتێب

بوو بــە هاورێی کچ و کوڕ
بـە دەنگی خۆش وەکو کەو
دەڵێ دەی هـەستن لـە خەو
چونکە ئێوەی وریــا و ورد
هیوان بۆ داهــاتــووی کورد
مامۆستا:پیتی (خ):
ئــەوا پیتی (خ) بــە خاوی
وەک خاڵخـاڵۆکەی خـاڵاوی
وا خۆی خۆشەویست کردووە
خۆزگە و خەونی زۆر زۆر بووە
دەڵێ وەرن ســـەرنج بدەن
بۆ سـەیری جوانترین دیمەن
سپی و خنجیلە وەک بەرخ
وەک باخ و خـوێندن و چەرخ
مامۆستا:پیتی (د)
وا پیتی (د) بـــەڕێوەیـە
ئـــەمـڕۆ میوانی ئێوەیـە
لـــە دوورەوە دەڵێ ســلاو
وا دێم دەی بمناسن تـەواو
لەناو ئـەم وشـانەشدا هـەم
ددان و دۆ و دوو دەست و دەم
دانـا و دیـاری و دادە و دایە
هەمـــوو پیتی (د)یان تیایە

لە دەشت و دەر لە دوور و چۆڵ
ئای کە خۆشە دەنگی دەهۆڵ
منتان نـاسی بەئـــارەزوو
بەدڵخـۆشی بمنوســن زوو
مامۆستا:پیتی (ا،ە):
وا ئەمڕۆ بە جـووتە دوو پیت
وەک دوو میوانی وریـــا و زیت
هاتــوون خۆیــان بناسێنن
ئێـوەی بچکـۆلە بدوێنن
ئـــەوانیـش دوو پیتن بزوێن
لەگــەڵ پیتی تر بەکــاردێن
لـــەناو وشـەی دارا و دایە
بزوێنی درێژیــان تیـایە

تەماتە و شەمــامەی بێستان
قەڵـــەم و ڕاستە و میزەڵان
بـەبـە حــەزی لە مەمەیە
بزوێنی کـورتیان تیا هــەیە
مامۆستا:پیتی (ێ):
وا ئـەمجــارە پیتی (ێ)
بۆ لای ئێوەی بچـوک دێ
دەڵێ دەچـین بــۆ لادێ
کێ حــەز دەکـات با ئەوبێ
بە چەپڵە و بــە گـۆرانی
گوێی لێ بگرن بەجوانی
لـەگەڵیا بکـــەونە ڕێ
هەتــا دەگــەنە لادێ
مامۆستا:پیتی (ر ):
ئەمڕۆ پیتێکـــی نوێ دیــارە
لـە چـــالاکی دا بەشـــــدارە
پیتی(ر) ی نــــاو دارا و دارە
ورد و وریــــایە و نــــازدارە
یــــان لەنـاوی میوەکــاندا
میوەی خۆش خۆش و جوان جواندا

هەروەکــو تـرۆزی و خەیــــار
ترێی جـــۆر بەجـۆر و هەنار
هـــەر کـە منتان ناسی بـڕۆن
لە هەمـــوویان تێر تێربخـــۆن
مامۆستا:پیتی (ژ):
پیتی(ژ) دیارە لــە دوور
بانـگی بکـەن بێتە ژوور
بـە ڕۆژ و شـــەوی درێژ
لە شـوێنی تەختایی و لێژ
لە سـەیران و گەشت کردن
ڕەژوو بۆ گۆشـت برژاندن
دوور لـــە ژاوە ژاو دەبین
لە ژینگـەی خاوێن دەژین
هـەڵـوژە و گوێز بخـۆن
پاشـان بەرە و مـاڵ بڕۆن
مامۆستا:پیتی (م):

وا ئەمجارە (م) وەک مۆم
دەڵێ بۆ بەرزی دەڕۆم
دەم بە خەندە و پێکەنین
لەگەڵ مامۆستای شیرین
بۆ ئەو میوانە هەموو
هەرمی و مۆزمان هێنا زوو

مامۆستا:پیتی (ز):
ئەمڕۆش پیتێک هاتوتە ڕیز
میوانێکە زۆر زۆر ئازیز
دەڵێ من (ز)م بمناسن زوو
خۆشەویستم لەلای هەموو
لەناو زارا و شاز و بازن
لای زەرافە و مۆز و بزن
زۆر زۆر بە جوانی دیارم من
لەناو وشەی نیاز و ناز
زەرد و زار و نزار و ڕاز
زەردەخەنەی سەرلێوی من
بۆ ئێوەی جوان هیوا بەخشن
مامۆستا:پیتی (س):
واپیتێکی جوان و نەشمیل
هاتووە بە سواری پاسکیل
کراسێکی کردۆتە بەر
وێنەی سێوی خستۆتە سەر
سێوی سەوزە و سپییە و سور
باش دەناسرێتەوە لە دوور
دەڵێ من (س) م وەرن بۆ لام
لەگەڵ ئێوە لە خۆشیدام
مامۆستا:پیتی (ش):
(ش)ە پیتی ئەمجارە
ڕەش ڕەش وەکو شەو دیارە
بەرز و بڵندە وەک شاخ
خۆش و دلگیرە وەک باخ
شیرین وەک شەکر و شاتوو
بەش بەش کرا بۆ هەموو

دەی دەی کێ وریا و زیتە
بۆ ناسینی ئەم پیتە

مامۆستا:پیتی (پ):
ئەمجارەش پیتێک وادێ
تابیناسن دەستبەجێ
پیتێکە وەک قاپ وایە
سێ خاڵی لەژێردایە
ئەویش (پ) ی هاوڕێتانە
لە دوور چاوی لێتانە
بە سواری و پاسکیل و پاس
دێت پێتان دەڵێ سوپاس
حەز لە تۆپ تۆپین دەکات
ماندوو بوو پشوو دەدات
مامۆستا:پیتی (ۆ):
وا پیتی (ۆ) وەکوخۆر
بەئاوازی جۆر بە جۆر

دێ بۆ لاتان ڕاستەوخۆ
یاری بکەن لەسەرخۆ
دوای پشوو بڕۆنەوە
تێرتێر دۆ بخۆنەوە
هەر کە قیرەی بۆق نەما
ئێوەش بکەونە سەما

مامۆستا:پیتی (ڤ):
پیتی (ڤ) نەرم و هێمن
دەڵێ وەرن بۆ لای من
دەتانبەم بۆ تاڤگەی ئاو
تا دڵخۆش بین تەواو
بە ئەڤین و سۆزی من
وەکو مرۆڤی مەزن
مامۆستا:پیتی (ن):
وا ئەمجارەیان (ن) ی جوان
لەگەڵ نم نمی باران

زۆر بە نەرم و نیانی
ناوی ئەم ژوورەی هانی

وتی زۆر خۆش و جوانە
بۆ ئێوە نیشتمانە
هەروەکو ئاسمان وایە
ئەستێرەی جوانی تیایە
من وا هاتووم بۆ یاری
نۆک دەهێنم بە دیاری
مامۆستا:پیتی (ع):
پیتی(ع) بە تەواوی
عەینەکی کردە چاوی
دەڵێ من نەعناع دەخۆم
وا لەگەڵ قانع دەڕۆم
تا لە ناو بازاڕی شار
هەمووی بکڕین بەیەک جار
لەلای نەعامەی ڕەنگین
وێنەیەکی جوان دەگرین
پاشان بە عارەبانە
دێینەوە قوتابخانە
مامۆستا:پیتی (غ):
وا پیتی(غ) بە غاردان
وەک مراوی لە مەیدان
دەڕوات و دێت زوو بە زوو
هەتا بیناسن هەموو
لە قەراغ چەم و ڕووبار
گغ گغ دەکات جار و بار
دەڵێ من (غ) م غار دەدەم
یاریتان لەگەڵ دەکەم
مامۆستا:پیتی (ف):
پیتی (ف) هەروەکو فیل
هات بە فڕۆکە و پاسکیل
وا کەوتۆتە دەف لێدان
بۆ ئێوەی بچکۆلە و جوان

دەڵێ سابون کەف دەکات
میکرۆبی دەست لا دەبات
مامۆستا:پیتی (ق):
ئەواپیتی (ق) بەناز
بەقیرە قیر وەکو قاز
دەڵێ بۆ قەڵا دەچم
لەوێ زۆر دڵخۆش دەبم
دەڕۆم و دەقیڕێنم
تا بە قاپ سماق بێنم
بە قاچ دەڕۆم لەسەر قیر
دەیخۆمەوە قاوە و شیر
مامۆستا:پیتی (ک):
وا پیتی (ک) کەوتە کار
بە کتێب و بە گۆڤار
بۆ لای ئێوەی بچوک دێت
دیاریتان پێ ببەخشێت

لەسەر کورسی دایناوە
کە بۆ ئێوەی هێناوە
لەگەڵ کاڵەک و کالیار
یەک یەک بۆ ئێوەی نازدار
ئەوسا هەموو بێ وەستان
دەڵێن بژی کوردستان
مامۆستا:پیتی (گ):
گوێ بگرن وا پیتێک هات
وەک با گڤە گڤ دەکات
گەڵا و گوڵ و گیا گشتی
بوون بە هاوڕاز و پشتی
دەڵێ گەشبین بن هەموو
پیتی(گ)م بمناسن زوو
گەشاوە وەک چرابن
وەک گوڵە گەنم وابن
مامۆستا:پیتی (ل):
ئەمرۆ پیتی (ل) هێواش
وەک مەل هات وتی ڕۆژباش
منداڵانیش هەر هەموو
خەندەیان لەسەر لێو بوو
پێکەوە بەڕێکەوتن
کەوا بۆ لای فیل بچن
لیمۆ و لالەنگیشیان برد
هاوکاری یەکیان دەکرد
مامۆستا:پیتی (چ):

چۆلەکـەیـــەکی بچوک
پیتی (چ) ی گرت بە دەنوک
چـووە ژێر چەتر لای چـەم
باران دەبـاری کـەم کـەم
چوار کچ چـــالاک و وریا
ڕاوەستا بـوون بـە دەوریا
چۆلەکەش جـوان و هێمن
پیتی(چ) ی  پێشکەش کردن
مامۆستا:پیتی (ڕ):
ڕۆژێکی تـر پاســاری
پیتی(ڕ) ی کرد بە دیاری
وتی وەرزی  بەهـــارە
ڕێواس بە جـوانی دیـارە
کـار و بەرخ و بزن و مـەڕ
بۆیـان خۆشبووە لــەوەڕ
مامۆستا:پیتی (ه):
پیتی (ه) وتــی وەرن
لەگەڵ خۆتان  من بـەرن
وا هـاتووم کـە منداڵان
بمناسن سوک و ئاسـان
پێیـان دەڵێم وریـابن
لە هەڵۆ بــە ئاگـا بن
ناو هێلانەی کۆترە شین
پڕە لە هێلکەی نەخشین
نـەک بڕوا تێکی بـدات
پەرتەوازەیـان بکـات
مامۆستا:پیتی (ڵ):
پیتی (ڵ) بە بۆڵە بـۆڵ
دەنگی دێت  وەکو دەهۆڵ
وەک دیمەنی جوانی گوڵ
خۆشی دەبـەخشێ بە دڵ
دەڵـێ دەی وەرن  منداڵ
بۆ هـەڵوژە و  پرتـەقـاڵ
مامۆستا:پیتی (ی):
وا پیتی (ی)  وەک  مـــــراوی
مەلـە دەکــات بـەتــەواوی
لەگـەڵ مـاسی یـاری دەکـات
وەی وەی چەندجوان خۆی هەڵدەدات
یـەک یـەک ماسی کـەپێی دەگەن
دەچن سەمـــای لەگـەڵ دەکەن
لــە دوای وازی دەڕۆن لــەلای
ئـەویش  پێیان  دەڵێ  بـای  بـای
هەموو:
بۆ فێربـوونی پیتەکـان
خۆشیمـــان لە دڵدایە
ئەویش بە مـاندوو بوون و
دڵسۆزیی مامـــۆستایە
...
بۆیە هەمـــوو پێکەوە
بەخـۆشی و شادومـــانی
دەڵێین بـژی مامـۆستا
تۆ خـەمخۆری هەمـووانی
...
بـەو پیتانەی کـــە فێربووین
دەنووسین وشەی جوان جوان
وە ک ئـازادی و تەبـایی و
ئاشتی و کـورد و  کوردستان
...
تەرزە  و با و بەفر و بـاران
منداڵ و پەپولـە و گـوڵ
بابە و دایـە و مامـۆستا و
خۆشەویستانی نـــاو دڵ
...
خەون و خۆزگە و خۆر و مانگ
ئامـــانج و ژیـن و   ژینگە
ئـاوەدانی و شـــار و دێ
باخچـە و بێســتان و کێڵگە
...
پەرتوک ، پێنـووس و گۆڤار
خەڵک وخوێندنەوە و  خــاک
پارێزگـــاری و نیشتمـــان
چـالاکی و کردەوەی چـاک
...

هەواڵنامەی کتێب

# مەقام
# (دەستگا)
# پێناسەی مەقام



شێروان کەرکوکی

بەشی سێیەم



مەقام ( دەستگا ): ئاواز و پەیژەیەکی مۆسیقیی یەک لە دوای یەکە و مەودای نێوان ئاوازەکان (دەنگەکان ) بە شێوەیەکی تایبەت دادەنرێن وە هەر گۆرانکارییەک لەو وتن و دانانە دەبێتە هۆی گۆڕینی شێواز و ناوی مەقامەکە .

مەقامەکان چەند ئاوازێکی تایبەتن بە پێی ڕەگەز و ژمارەی مۆسیقیی تایبەت و پەیژەیەکی تایبەت و گوزارشت لە خەم و خۆشیی دەکەن .

بە شێوەیەکی گشتیی، مەقام: بریتیە لە کۆمەڵە ئاوازێکی لێکهاتوو و پێکهاتوو لەگەڵ یەکتردا، سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە، ئەمە یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆیەتی .

سەرەتای هەر مەقامێک کە دەستپێدەکات لە کوردیدا پێیدەڵێن دەستپێک( تەحریر) لە کاتی وتنەوەی پلە دەنگی و ژمارە و یاسای خۆی هەیە ، دواتر ناوەڕاستی مەقامەکە (مەیانە) بە هەمان شێوە کۆمەڵە ئاوازێکی تایبەتی تێکهەڵکێشراوە و لە کۆتاییدا کۆتایی مەقامەکە ( تەسلیم ) بە هەمان شێوە یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە.

لە ڕووی زانستییەوە هەموومان دەزانین کەوا پەیژەی مۆسیقا پێکدێت لە (٧)پەیژە، کە بەم شێوەیە



دەستپێدەکات :

دۆ ڕێ می فا سۆڵ لا سی

هەموو مەقامەکان بەسەر ئەم ٧ ئاواز و سکێڵە دابەشدەبن، بە شێوەی یەک تۆن و نیو تۆن و چارەکە تۆن، سەرجەم مەقامەکان خۆیان بەرجەستە دەکەن .

ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی هەر مەقامێک شی بکەینەوە ئەوا هەر مەقامێک (٨) پلە دەنگی هەیە واتا (٧) پلە دەنگی بۆ هەر(٧) تونە مۆسیقییەکە و دەنگی



هەشتەم دووبارە کردنەوەی سکێلی یەکەم یان تۆنی یەکەمە، بەمە دەڵێن یەک ئۆکتاف یان دیوان .

دوای زانینی ئەم(٨)پلە دەنگییە و زانینی جۆری تۆنەکان و شێوازی دابەشکردنی لە نێوانیان ئەوا ڕاستەوخۆ ناو و جۆری مەقامەکە دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت .

لە ڕۆژئاوا پێیدەڵێن (تیترا کۆرد ) وشەی تیتراکۆرد وشەیەکی یۆنانی کۆنە، کە پێکهاتووە لە ( تیترا + کۆرد ) واتە ( چوار + دەنگ ) واتا (٤) سکێل یەکەم جۆری دەنگەکە دیاری دەکات .

مۆسیقا و مەقامی ڕۆژئاوایی پێکهاتووە لە ٢ جۆر مەقام ( پلە )، یان دوو جۆر تیتراکۆرد :

مەقامە گەورەکان (مەیجەر )

مەقامە نزمەکان ( ماینەر )

جیاوازی سەرەکی لە نێوان مەقام و مۆسیقای ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیی بوونی چارەکە تۆنە لە نێویدا، واتە ڕۆژئاوا لە نێوان سکێڵە مۆسیقییەکاندا یەک تۆن و نیو تۆن بەکاردەهێنن، بەڵام لە ڕۆژهەڵات چارەکە تۆن بەکاردەهێنن و بڕێک مەقامی زۆرترمان هەیە بەراورد لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان .



مامۆستا وریا ئەحمەد لە ( هونەری گۆرانی کوردەواری:مەقام )دا لە ژمارە ١(١)ی گۆڤاری نەورۆز العراق لە ساڵی ١٩٩٠ دەڵێت:

پەیژە واتە مەقام (سکێڵ ) ریزە دەنگێکە لە(٧) نۆتە نیشانە پێکدێت، ماوەی نێوانی هەموو نۆتەکان بریتییە لە(٦) دانە واتا دەکەنە(٦) تۆن یان (١٢)



نیو تۆن لەگەڵ نۆتە (٨) کە دووبارە بوونەوەی دەنگی یەکەمە، دەبنە یەک ئۆکتاڤ ، ئەمە بناغەی مەقامەکەیە و هیچ مەقامێک بە تەواو دانانرێت ئەگەر بریتیبێت لە (١) ئۆکتاف، دەبێت کەمترین (٢)



ئۆکتاڤ بێت واتا ئۆکتاڤێک نزم و ئۆکتاڤێک بەرز .

سەبارەت بە ناوی مەقام لە چییەوە هاتووە ، ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ناوی مەقام .

(مەقام ، دەستگا ، هەوا ، هەستان ) هەموو ئەم ناوانە پێ دەوترێت و هەر گەل و نەتەوەیەک بە پێی بۆچوونی خۆی گوزارشتی لەسەر کردووە

( دەستگاه ) لە لای فارسەکان و هەندێک لە کوردەکان بەکاریدەهێنن واتە هەر مەقامێک بۆ خۆی دەستگایەکە و یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە لە ڕووی نووسین و شیکردنەوە و ووتنەوەی لە لای عەرەب و بەشێک لە کوردەکان پێیئەوترێت مەقام بە تایبەتی لە باشووری کوردستان، مەقام لە ڕووی فەرهەنگییەوە واتا پێگە و جێگا و پلە و پایە .

واتا عەرەب بەو شێوەیە پێناسەی دەکەن کە ئەم



هونەرە پێگەی خۆی هەیە و پلە و پێگەیەکی بەرزی هەیە و ڕەگ و ڕەسەنی و ڕیشەی ئاواز و گۆرانی لە مەقامدایە .

هەندێک جار وشە و دەستەواژەی هەوا، یان هەستان بەکاردێت بۆ گوزارشت کردن لە مەقام سەبارەت بە ناوی مەقامەکان ئەوا لە بەشێکی تری ئەم باسەمان بە شێوەیەکی گونجاوتر ئەیخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی گشتی مەقام لە نێو مۆسیقای هەر گەل و نەتەوەیەک جێگا و پێگەی تایبەت بە خۆی هەیە و سەنگ و سەلیقەی هەیە و هەموو کەس ناتوانێت بە شێوەیەکی پڕ و تەواو مافی خۆی بداتێ و شارەزایی و لێهاتوویی دەوێت .

# سەدەیەک لە سینەما

هەواڵنامەی کتێب



سوزن سۆنتاگ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
دالیا ڕەئوف فەتاح _ دەربەندیخان

سەد ساڵەی سینەما وا دێتە بەرچاو شێوەی "سووڕی ژیان"ی هەبێت، لەدایکبوونێکی حەتمی، کەڵەکەبوونێکی چوونیەکیی شکۆ و سەرکەوتنەکان و دەستپێکێکی ناپەسەند لە کۆتا دەیەی کەوتن و نوشستێکی بێ گەڕانەوە.

ئەمە واتای ئەوە نییە چیتر ناتوانین چاوەڕوانی فیلمی نوێ بین و سەرسامیان بین. ئەم جۆرە فیلمانە، نەک تەنها پێوستە جیاواز و تایبەت بن (ئەوە ڕاستە بۆ دەستکەوتە مەزنەکان لە هەر هونەرێکدا)، بەڵکو ئەم فیلمانە دەبێت لادانێکی ڕاستەقینە بن لەو پێوەر و دابونەریتانەی کە هەنوکە فەرمەنرەوایی و کۆنترۆڵی دروستکردنی فیلم دەکەن لەهەموو شوێنێکی سەرمایەداریدا، یان ڕوونترە بوترێ لە جیهانی سەرمایەداریدا، کە لە هەموو شوێنێکە. فیلمە ئاساییەکان، ئەو فیلمانەی درووستکراون، تەنها بۆ سەرگەرمی (ئەمانە بۆ مەبەستی بازرگانی درووستدەکرێن) سەرسوڕهێنەرانە بیمانان، زۆرینەیان بەشێوەیەکی بەرچاو و گاڵتەجارانە لە بەدەستهێنانی سەرنجی ئەو بینەرانەی کە مەبەستیانە شکستدەهێنن.

لە کاتێکدا ئامانجی فیلمی مەزن ئێستا زیاد لەهەر کاتێکتر، ئەوەیە ببێتە یەک جۆر دەسکەوت. سینەمای بازرگانی خۆی بۆ سیاسەتی هەڵاوسان و نارەسەنی دروست کردنی فیلم یەکلایی کردووەتەوە، کەڵەکەبوونێکی ناساز یان دووبارە کەڵەکەبوونی هونەر، بەهیوای دووبارە وەدەستهێنانەوەی سەرکەوتنەکانی ڕابردوو. ڕۆژانێک بوو سینەما وەک هونەری سەدەی بیستەم ئاماژەی پێدەکرا، ئێستا وا دیارە هەروەک چۆن ژمارەکانی ئەم سەدەیە ئاوادەبن، بەهەمان شێوە هونەری سینەما ڕوو لە ئاوابوون دەکات، بەڵام ڕەنگە ئەوەی ڕوو لەئاوابوون و کۆتایی هاتن بێ سینەما نەبێت بەڵکو سینەفیلیا ( ناوی جۆرێکی تایبەتی خۆشەویستیە، کە لە سینەماوە ئیلهام وەردەگرێ). هەر هونەرێک خەیاڵ و ئەندێشەکانی برەوپێدەدات و پەروەردەیان دەکات. ئەو خۆشەویستییەی، کە سینەما ئیلهامبەخشی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا تایبەت بوو، هاتنە ژیان و دەرکەوتنی باوەڕێک بوو، کە سینەما هونەرێکە جیاواز لەوانی تر: ڕیشەییانە مۆدێرنە، جیاواز لەوانیتر ئاسانتر بەردەستە،شاعیرانە و نهێنی ئامێز و ئیرۆتیک و ئەخلاقییە( هەموو لە یەک کاتدا). سینەما پەیامبەرانی هەبوو.( وەک ئاین). سینەما جەنگ بوو بۆ سینەفیلەکان، سینەما هەموو شتێکی لە ناو خۆیدا کۆدەکردەوە وەک کەپسولێک، سینەما هەر دوو کتێبی هونەر و ژیان بوو.

وەک زۆرینەمان دەزانین، دەستپێکی بەرهەمهێنانی فیلم سەد ساڵ لەمەوبەر بوو، یان باشترە بوترێ جووت دەستپێک، بەنزیکەیی ساڵی ١٩٨٥ دوو جۆر فیلم بەرهەمهێنران، دوو شێواز کە لە دواتردا وادەردەکەوێت سینەما لێیانەوە دەرکەوتبێت و پەرەیسەندبێت: سینەما وەک لەبەرگرتنەوە و وێناکردنی ژیانی واقعی وەک فیلمی: (The Lomiere brothers) سینەما وەک داهێنان و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن، وەهم، ئەندێشە(خەیاڵ) وەک فیلمی (Melies)، بەڵام ئەمە ململانێکیەکی ڕاستەقینە نەبوو، هەموو بیرۆکەکە ئەوەبوو بۆ یەکەمین بینەرەکان، نواندنی ڕاستیەکی بێبایەخ ( وەک لە فیلمی The Lomiere brothers دا گەشتنی شەمەندەفەرەکە بۆ وێستگەی La Ciotat Station ) ئەزمونێکی سەیر و نایاب بوو. سینەما بە سەرسامی دەستی پێکرد، ئەو سەرسامیەی، کە ژیانی ڕاستی دەتوانرێ دەمودەست وێنابکرێ و لەبەر بگیرێتەوە، هەموو سینەما هەوڵێکە بۆ نەمرکردن و دووبارە داهێنانەوەی سەرسامی.

هەموو شتێک لە سینەمادا لەو ساتەوە دەستی پێکرد دروست سەد ساڵ لەمەوبەر، کاتێک شەمەندەفەرەکە پاڵنرایە ناو وێستگەکە، خەڵکی فیلمیان بردە ناو خۆیان، و لەڕاستیشدا خۆیان نەویکرد بۆ شەمەندەفەرەکە کە وادەردەکەوت بەرەو ڕووی ئەوان دێت. تا ئەو دەمەی هاتن و دەرکەوتنی تەلەفزیۆن هۆڵی سینەماکانی چۆڵکرد، هەفتانە لە سەردانکردنی سینەماکانەوە فێردەبوویت ( یان هەوڵتەدەدا فێرببیت) چۆن پیاسە بکەیت ، جگەرە بکێشیت، ماچبکەیت، شەڕ بکەیت، شین بگێڕیت.

فیلمەکان ئامۆژگاریان دەکردیت چۆن سەرنجراکێش دەربکەویت. بۆ نموونە: ئاساییە چاکەت لەبەربکەیت کاتێک باران نابارێت، بەڵام لە بینینی هەر فیلمێک هەرچییەکت لەگەڵ خۆت ببردایەتە ماڵەوە تەنها پارچەیەک بوو لە ئەزمونێکی گەورەتری نقومکردنی خۆت لە ژیانێکدا، کە هی خۆت نەبوو، حەز و ویستی ونکردنی خۆت لەناو ژیانی ئەوانیتردا... لەناو ڕوخسارياندا. ئەمە جۆرە حەزێکی گەورەتر و گشتگیرترە، کە لە ئەزموونکردنی فیلمدا خۆی بەرجەستە دەکات. هەتا زیاد لەوەی بۆت گونجاوبوو ئەزمونێکی گواستەوەی خود و خۆبەدەستەوەدان بوو، بۆ ئەو وێنەیی لەسەر شاشەیە. تۆ دەتویست وێنەکە لەگەڵ خۆی بتبات و بترفێنێت ( ڕفاندن بەمانای نقوم بوون لەناو بوونی فیزیکی وێنەکاندا) کە ئەزموونی "چوونە فیلم" بەشێک بوو لێی. کاتێک فیلمێکی مەزن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەبینیت، وەک ئەوە نییە بەڕاستی ئەو فیلمەت دیبێت. ئەمە تەنها مەسەلەی قەبارە و دووری وێنەکان نین: جیاوازی و نایەکسانی نێوان ئەو وێنە گەورەترەی سینەما لە چاو تۆدا لەگەڵ ئەو وێنە بچوکەی ناو سندوقەکەت و هەلومەرجی سەیرکردنی فیلم لە ماڵەوەدا لە بنەڕەتدا بێڕێزیە بەرامبەر فیلم. ئێستا چیتر فیلمەکان قەبارەیەکی ستانداردیان نییە، شاشەی تەلەفزیۆنەکەت دەکرێ بە قەبارەی ژووی دانیشتن یان ژووری نوستنەکەت بێت، بەڵام تۆ هەر لە هەمان ژووردا دەمێنیتەوە. بۆ ئەوەی فیلم سەرسامت بکات و بترفێنێت، دەبێت لە ناو هۆڵی سینەما لە نێوان کەسانی بێگانەدا لە تاریکیدا دابنیشیت.

چیتر دەربڕینی خەم بۆ نەریتە بزربووەکان (ئیرۆتیک، تیفکرینی قوڵ و درێژخایەن) تاریکی هۆڵەکانی سینەما زیندوو ناکاتەوە. کورتکردنەوەی سینەما لە کۆمەڵێ فیلمی شێوێنراو و دەستکاریکردن(ئیدیتی)ی نابەرپرسانەی ( بڕینی خێراتر و خێراتر لە دیمەنەکاندا) بۆ ئەوەی زیاتر ببنە مایەی سەرنج، سینەمایەکی نا بەرجەستە و بێکەڵکیان دروستکردووە کە ناتوانێت بەقووڵی سەرنجی بینەر بۆ خۆی ڕابکێشێت. فیلمەکان ئەمڕۆ بە هەر قەبارە و لەسەر ڕووی جیاواز دەردەکەون: لەسەر شاشەی هۆڵەکانی سینەما و لەسەر دیواری دیسکۆکان و لەسەر شاشە زەبەلاحە هەڵواسراوەکانی گۆرەپانە وەرزشیەکان. بوونی ڕەها و بەربڵاوی داواکاریی لەسەر وێنە جوڵاوەکان بەرەبەرە ستانداردەکانی لاوازکردووە، ئەو ستانداردانەی کە ڕۆژانێک خەڵکی بۆ سینەما هەیانبوو، هەم وەک هونەر و هەم وەک سەرگەرمیی جەماوەریی.

لە ساڵانی سەرەتادا بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازیەک نەبوو لە نێوان ئەم دوو جۆرەدا. هەموو فیلمەکانی سەردەمی بێدەنگی (silent era)* (لە شاکارەکانی Feuillade, D. W. Griffith, Dziga Vertov, Pabst, Murnau and King Vidor تا ڕووکەشترین میلۆدراما و فیلمی کۆمیدی) هەموویان ئاستێکی هونەری بەرزیان هەبوو بەراورد بەو فیلمانەی دواتر دروستکران. لەگەڵ هاتنی دەنگ دروستکردنی فیلم زۆر لە جوانیی و شاعیریەتی خۆی لەدەستدا و ستاندارده بازرگانیەکان زیاتر سەپێنران و توندتر کرانەوە. ئەم شێوازی دروستکردنی فلیمە (کە سیستمی هۆلیوود تێیدا باڵادەستە بە نزیکەیی بۆماوەی بیست و پێنج ساڵە لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠ بۆ ١٩٥٥) هەتا دەرهێنەرە بەتواناکانی وەک Erich von Strohueim و Orson Welles لەلایەن ئەم سیستەمەوە بەزێنران و چوونە تاراوگە لە ئەوروپا (کە لەوێش کەم و زیاد ئەم سیستەمە کوالیتی بەزێنە باڵادەستە بە بودجەیەکی کەمتر)، و تەنها لە فەڕەنسا نەبێت ژمارەیەکی زۆر فیلمی نایاب لەو ماوەیەدا دروستکران. پاشان لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجاکاندا دووبارە بیرۆکە پێشەنگەکان کونترۆڵیان گرتەوەدەست، کە ڕیشەیان بیرۆکەی سینەما بوو وەک پیشەیەکی هونەری لەلایەن فیلمە ئیتالیەکانی ماوەی دوای جەنگ، لەوماوەیەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە فیلمی ڕەسەن و نایابی زۆر بە پێز دروستکران. لەم ساتە تایبەتەدا بوو،کە سەد ساڵی مێژوو سینەما



و چوونه سینەما و تێفکرین لە فیلم و گفتوگۆ دەربارەی بووە خولیا و حەزی خوێندکارانی زانکۆ و گەنجان. تۆ دەکەوتیتە داوای خۆشەویستی سینەما خۆیەوە نەک ئەکتەرەکان. سینەفیلیا بۆ یەکەمجار لە ساڵانی پەنجاکاندا لە فەڕەنسا دەرکەوت: ناوەندەکەی گۆڤاری بەنێوبانگی فیلمی Cahiers du Cinem (بەدوایدا چەند گۆڤارێکی تری جدی هاوشێوە لە ئەڵمانیا و بەریتانیا و سوید و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کانادا دەرچوون) لە کاتێکدا بیناکانیان لەسەرتاسەری ئەوروپا و ئەمریکادا بڵاو بووبوونەوە، زۆریان هۆڵەکانی نمایش و یانەکان بوون کە تایبەتکرابوون بە فیلمە کۆنەکان و ئەو دەرهێنەرە کۆنخوازانەی کە دەرکەوتبوون. ساڵانی شەستەکان و سەرەتاکانی حەفتاکان گەرموگوڕترین سەردەمی "چوونە فیلم" بوو لە سینەمادا، لەگەڵ ئەو سینەفیلانەی کە بەردەوام تا دەکرا دەیانویست کورسیەک نزیکتر لە شاشە گەورەکەوە بدۆزنەوە، سێیەم ڕیز زۆر نموونەیی بوو بۆ دانیشتن. "کەس ناتوانێت بێ Rossellini بژی" کاراکتەرێک لە فیلمی "Before the Revolution-١٩٦٤" دا وا دەدوێت و تەواو مەبەستەکەی دەپێکێت. پانزدە ساڵێ لەمەوبەر بەنزیکەیی لە هەر مانگێکدا شاکارێک دروستدەکرا. ئێستا ئەو سەردەمە چەن دوور دێتەبەرچاو. بێگومان هەمیشە ململانێ هەبووە لە نێوان سینەما وەک پیشەسازیی و سینەما وەک هونەر، سینەما وەک ڕۆتین و سینەما وەک ئەزموون. بەڵام ئەم ململانێیە هێندە زەق نەبووە کە هەندێکجار لەناوەوە و لەدەرەوەی ڕەوتی سینەما بەهۆیەوە درووستکردنی فیلمی باش مەحاڵ بووبێت. ئێستا هاوسەنگیەکە بە سود و قازانجی سینەما وەک پیشەسازیەک شکاوەتەوە. سینەمای مەزنی ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ شەست و حەفتاوە بەتەواوی دەستیانلێیەردراوە. هەر لە ساڵانی حەفتاوە هۆلیود دەستی کردبوو بە دزینی بیرۆکە و بێبایەخکردنی نوێکاریەکانی شێوازی گێڕانەوەی چیرۆک و دەستکاریکردنی فیلمە ئەوروپیە نوێیەکان و فلیمە ئەمریکیە سەربەخۆکان. پاشان لە ساڵانی هەشتادا تێچوونی دروستکردنی فیلم بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی کە مسۆگەری دووبارە سەپاندنەوەی ستانداردە پیشەسازیەکانی کرد لە زۆری دروستکردن و بڵاو کردنەوەی فیلم ئەمجار لە هەموو جیهاندا. بەرزبوونەوەی تێچوونی دروستکردنی هەر فیلمێک واتای ئەوەبوو دەبێت دەستبەجێ فیلمەکە لە مانگی یەکەمی نمایشیدا داهاتێکی زۆر کۆبکاتەوە، دەبوو فیلمەکە بەداهات بێت (ئەم ئاڕاستەیە ئەو جۆرە فیلمانەی لاپەسەندبوو تا ئەو فیلمانەی تێچوونیان کەم بوو) ئەگەرچی زۆری ئەو فیلمانە شکستیان دەهێنا ، تەنها چەند فیلمێکی کەم نەبێت کە سەرکەوتوودەبوون لە سەرسامکردنی بینەران. وادەی بڵاوکردنەوەی فیلمەکان کورتتر و کورتتر

دەبوو ( وەک ماوەی مانەوەی کتێبەکانی سەر ڕەفەی کتێبفرۆشیەک)، زۆر لە فیلمەکان بۆ ئەوە دیزاین کرابوون ڕاستەوخۆ بکرێنە ڤیدیۆ.
هۆڵەکانی سینەما دادەخران( چیتر زۆر لە شارۆچکەکان هۆڵی سینەمایان نییە). هەروەک فیلمەکان بوونەتە جۆرێکی تایبەتی لە خووی سەرگەرمیی لە ماڵەوە.
لە وڵاتێکی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نائومێدبوون لە باشی کوالیتی و ئومێدی گەورە بە دەستکەوتی ماددی وایکردووە مەحاڵبێت دەرهێنەرە ئەمریکیە بەتواناکانی وەک Francis Ford Coppola و Paul Schrader کاربکەن بۆ گەشتن بەباشترین ئاستی خۆیان. هەرچی لە دەرەوەشە بەرئەنجامی ئەم بارودۆخە دەتوانرێت لە چارەنوسی خەمناکی مەزنترین دەرهێنەرەکانی سەدەی ڕابردوو ببینرێت. ئێستا چ شوێنێک بۆ دەرهێنەرێکی سەربەخۆی وەکHans- Jurgen Syberberg ماوەتەوە کەوازیهێناوە لە دروستکی فیلم ، چ شوێنێک بۆ Godard ی مەزن ماوەتەوە کە تازەگی دەستی کرووە بە دروستکردنی فیلمێک لەسەر مێژووی فیلم بە ڤیدیۆ؟ لەگەڵ هەندێ حاڵەتی تری هاوشێوە. بە نێودەوڵەتی بوونی سیستمی دارایی و کاست بوونە هۆی زیانێکی گەورە بۆ فیلمەکان هەروەک ئەوەی Andre Tarkovsy ڕووبەڕوی بووەوە لە دوو فیلمی کۆتایی ژیانە پیشەییە ناوازەکەیدا ( کە زۆر کورت بوو). ئێستا Aleksandr Sokurov چۆن پارەی دەستدەکەوێت تا بەرهەمهێنان بۆ فیلمەکانی بکات لە ژێر ئەو بارودۆخە سەختەی سیستەمی سەرمایەداری ڕوسی.
بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو خۆشەویستی بۆ سینەما بەرەوە کاڵبوونەوە دەڕوات. خەڵکی هێشتا ئارەزوویانە بچنە سینەما و هێشتا هەندێکیش گرنگی بەفیلم دەدەن و چاوەڕێی شتێکی تایبەت و پێویستن. هێشتاش فیلمگەلێکی نایابی وەک فیلمی "Naked" ی دەرهێنەر Mike Leigh و فیلمی "Lamerica" ی دەرهێنەر Gianni Amelio و فیلمی "Fate" دەرهێنەر Fred Kelemen درووستکراون. بەڵام چیتر بە سەختی دەتوانین لانیکەم لە نێوان دەرهێنەرە گەنجەکان خۆشەویستیەکی سینەفیلێکی ناوازە بۆ فیلمەکان بەدی بکەین کە ئەمەش بەسادەیی خۆشەویستی نییە بەڵکو چێژبینینێکی تایبەتە لە فیلمەکان (پەیوەستە بە ئارەزووی زۆری تەماشاکردن و دووبارە تەماشاکردنەوەی زۆرترین شاکارە سینەماییەکانی ڕابردوو).
ئێستا سینەفیلیا خۆی کەوتوتە ژێر ڕەخنەی ئەوانەی کە بە کۆن و بەسەرچوو و لەخۆبایی وەسفی دەکەن. بۆ سینەفیلیا فیلمەکان ناوازە و دووبارەنەبووەوە و ئەزمونگەلێکی جادو ئاسان. سینەفیلیا پێماندەڵێت کە فیلمی "Breathless" ی دەرهێنەر Godard کە هۆلیود دووبارە دروست کراوەتەوە، هەرگیز ناکرێ وەک فیلمە بنەڕەتیەکە جوان بێت.
سینەفیلیا هیچ ڕۆڵێکی بۆ نەماوەتەوە لە سەردەمی هایپەرئیندەستریالی فیلمەکاندا. سینەفیلیا ناتوانێت بە هەمان ڕێژە و هەڵبژاردنی تاسە و تامەزرۆییەکانی، یارمەتیدەربێت لە پاڵپشتیکردنی ئایدیای فیلمە بەر لە هەر شتێکی تر ، وەک بابەتێکی شیعری، پاشانیش ناتوانێت یارمەتیدەر بێت لە هاندانی ئەوانەی کە لە دەرەوەی پیشەسازیی فیلمن، وەک نیگارکێشان و نووسەران، تا بیانەوێت فیلم دروست بکەن. ئەمە ڕێک ئەندێشەیە کە بەزێنراوە.
ئەگەر سینەفیلیا بمرێت، فیلمەکانیش دەمرن.....
گرنگ نییە چەند فیلمی باش یان زۆر باش بەرهەمبهێنرێن، ئەگەر سینەما بتوانی دووبارە زیندوو بکرێتەوە، تەنها لەڕێی لەدایک بوونی جۆرێکی نوێ دەبێت لە خۆشەویستی سینەماوە.

*silent era: ئەو سەردەمەی کە فیلمەکان بێدەنگ بوون.
**cinephilia: تێرمێکە بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بەو کەسانەی کە هەوداری سینەما و فیلم و تیۆری فیلمن.

سەرچاوە:
https://southerncrossreview.org/٤٣/sontag-cinema.htm

# ئالیتا ئانـدرا ، وێنەکێشێکی جیهـانیی



رەزا شـوان

کچۆڵەی جوانکیلە و ڕووخۆش (ئالیتا ئاندرا) لە باوکێکی ئوسترالی (مایکل ئاندرا) و لە دایکێکی ڕووسی (نیکا کلاشینکۆڤا) لە (٩/ یونایەر/٢٠٠٧) لە شاری (مێلبۆرن) لە ئوسترالیا لەدایکبووە. بەباشی بە زمانی ئینگلیزیی و ڕووسی قسەدەکات و دەنووسێت. دایک و باوکی دوو هونەرمەندی شێوەکاری ناسراون لە ئوسترالیادا.

ئالیتا ئاندرا یەکێکە لە دە منداڵی بلیمەت و پەرجۆ (موعجیزە) لە جیهاندا. لە تەمەنی دوو ساڵاندا یەکەمین پێشانگای تایبەتی خۆی کردەوە. بوو بە بچووکترین هونەرمەندی وێنەکێشی پیشەیی لە جیهاندا. ئالیتا وێنەکێشێکی خۆڕسکی داهێنەرە. تابلۆکانی زۆر بەرز و مەبەستدار و ناوەڕۆک قووڵن، جێی سەرسوڕمانی بینەرانن. گوزارشت لە ناخ پاکی و لە خەیاڵ فراوانی کچۆڵەیەکی بەهرەمەندی بلیمەت و پەرجۆ دەکەن.

بە هەزار لە شێوەکاران و لە هەوادارانی هونەری تازە، واقیان وڕما لە شێواز و لە ڕێبازی هونەریی ئالیتای ساوا، لەو ڕەنگە گەش و جوانانەی بەکاریهێناون، لە قووڵی واتا و مەبەست و ناوەڕۆکی تابلۆکانی. زۆر بەگەرمی چەپڵەیان بۆی لێدا و پیرۆزبایی و دەستخۆشی و ئافەرینیان لێکرد.

تەمەنی ئالیتا تەنیا ( ٩ ) مانگ بوو، هێشتا فێری قسەکردن نەبووبوو، پێشی نەگرتبوو، کورپەیەکی شیرخۆر بوو. باوکی لە ژوورێکی ماڵەکەیاندا، پارچەیەک قوماشی سپی گەورە و چەندین قوتووی بۆیەی ڕەنگاوڕەنگی سەر والای دانا، بۆ ئەوەی تابلۆیەک بکێشێت. ئالیتا بە گاگۆلکێ ڕۆیشت و چووە سەر قوماشەکە و بە ئارەزووی خۆی کام ڕەنگانە بە لایەوە جوان بوون، دەستە قنجەکانی تێدەنان و بە پەنجە ناسکەکانی لەسەر قوماشەکەدا، بە ڕاست و بە چەپدا هێڵی دەکێشا و پێدەکەنی. هەموو قژی و دەموچاوی و جلەکانی و دەست و پێیەکانی بە بۆیەوە بوون. باوکی لێیگەڕا و لای نەدا. ئالیتای بچووک یەکەمین تابلۆی کێشا. دیمەنی لە بۆیەنانی خۆی لە ڕەنگەکان، دانیشتنی لەسەر




قوماشەکە و لە نێوان ئەو هەموو بۆیە جوانەدا، ببوو بە تابلۆیەک. باوکی دەڵێت:" ئەم کارەی ئالیتا تەنیا یاریکردن بە بۆیە نەبوو، جاروبار دەوەستا و بیری دەکردەوە.. دووبارە دەستەکانی دەخستنەوە ناو بۆیەکان و بە قوماشەکەدا دەیهێنان. لە دواییدا دەستی بە چەپڵەلێدان کرد. ئەمە یەکەمین تابلۆی ئالیتای نۆ مانگ بوو کە کێشای. لە ڕاستییدا دیمەنێکی زۆر جوان و سەیری هەبوو. تابلۆکەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام. گەلێک لێکدانەوەم دەربارەی تابلۆکەی هەبوون، جێی سەرسوڕمانی من و دایکی بوو، ئەگەر دەروونناسێکی منداڵان، تابلۆکەی شیبکردایەتەوە. ڕەنگە زۆر ڕاز و نیاز و شتی تری لێ تێدەگەیشت" ئەم تابلۆیەی لە مۆزەخانەی هونەری لە لەندەن پارێزراوە.

دایک و باوکی بۆیان دەرکەوت، کە ئالیتای کچیان منداڵێکی بلیمەت و پەرجۆیە.

ئالیتا لە ئێستادا تەمەنی ( ١٥ ) ساڵانە، دەڵێت:" تەمەنم نۆ مانگ بوو کە تابلۆی یەکەمم کێشا. بیرم نایەتەوە کە چۆن ئەو کارەم کرد" لەوانەیە لەو تەمەنە منداڵییەدا بە بیری نەیەتەوە کە چۆن بۆ یەکەم جار وێنەی کێشاوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دایک و باوکی دەزانن و لە یادیانە، کە چۆن ئالیتای

هەواڵنامەی کتێب

کۆرپەیان، هۆگری تێکەڵکردنی ڕەنگەکان بوو. لەو ڕۆژەوە، دایک و باوکی ڕۆژانە لە ژوورەکەی ئالیتادا کە ناویان لێناوە (ژووری جادوویی ئالیتا)، کە پڕە لە بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ و لە قوماش و لە فەرشە و لە شتی تر و لە تابلۆکانی ئالیتا. لەو ڕۆژەوەدا، دایک و باوکی پارچە قوماشی سپی و بۆیەیان دەخستە بەردەستی، بە ئەوپەڕی ئازادی و هەوسی خۆی بۆیەی دەکردە سەر قوماشەکانی بەردەستی و بە پەنجەکانی بۆیەی بە سەریادا بڵاودەکردەوە. دوایش فێری بەکارهێنانی فلچە بوو. بەو منداڵییە کاتێکی زۆری بە وێنەکێشان بەسەردەبرد.

تەمەنی ئالیتا ئاندرا (٢٢) مانگ بوو، تا ئەم تەمەنەی کۆمەڵێک تابلۆی ڕەنگاورەنگی هەمەجۆری کێشابوو. بەڕێوەبەری پێشانگای شەقامی (برۆنزویک) لە مێلبۆرن، (مارک جامیسۆن) کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەتی، بۆ هەردوو ژنە هونەرمەندی شێوەکاری ناسراو (نیکا کلاشینکۆڤا)ی دایکی ئالیتا و (جولیا بالینۆف) ڕاگەیاند.

کلاشینکۆڤا، پێشنیاری بەشداریکردنی هونەرمەندێکی شێوەکاری تری بۆ بەڕێوەبەری پێشانگاکە کرد، کە ببن بە سێ ژنە هونەرمەندی بەشداربوو. جامیسۆن یەکسەر ڕازی بوو. نیکا کلاشینکۆڤا (١٥) تابلۆی ڕەنگاوڕەنگی ئالیتای کچی خستە پێش چاو بەڕێوەبەر، بێئەوەی ئاشکرای بکات، کە ئەم تابلۆیانە ئالیتای کچی کێشاونی.

بەڕێوەبەر زۆر سەرسامی تابلۆ جوان و ڕەنگە ئەکریلیکە گەش و گونجاوەکانیان بوو. یەکسەر بڕیاری دا کە بخرێنە پێشانگاکەوە. بەڵام لە دواییدا زانی ئەو تابلۆیانە، تابلۆی ئالیتای کچی نیکا کلاشینکۆڤایە، کە تەمەنی (٢٢) مانگان بوو، هێندەی تر سەرسام بوو. تابلۆکانی زیندووبوون، گوزارشتیان لە ژیان و جووڵە و داهاتوو دەکرد. بە ڕەنگی گەش و جوان و پاک کێشابوونی. مارکی بەڕێوەبەر، تابلۆکانی ئالیتای کرد بە ڕیلام بۆ پێشانگاکە. کە پێشانگاکە کرایەوە، بینەران زۆر سەرسام بوون و واقیان وڕما، کە منداڵێکی بیست و دوو مانگان، ئەو تابلۆیانەی کێشاون. وێنەی ئالیتای سەر و قژ و جلوبەرگی بە بۆیە نەخشاو و نموونە لە تابلۆکانی، لە ڕۆژنامە و لە گۆڤارەکاندا بڵاویانکردنەوە، بوو بە مانشێتی میدیاکان و بە یەکەمین هەواڵی ڕاگەیاندنەکانی ئوستراڵیا. بە (پیکاسۆی بچووک) یش ناویان برد. لە کۆی (١٥) تابلۆی نمایشکراوی (٧) یان فرۆشران. کە نرخەکانیان لە (٣٠٠ ) دۆلار بۆ (٣٠٠٠٠ ) دولار بوون.

لە دوای مانگێک لە کردنەوەی ئەو پێشانگایە و ناوبانگ دەرکردنی، ئالیتای بچکۆلە لەگەڵ باوکیدا، سەردانی (هۆنگ کۆنگ) یان کرد، لەوێدا پێشانگایەکیان بۆ تابلۆکانی کردەوە. یەکێک لە تابلۆکانی کە دەربارەی (وێستگەی میری ئاسمانی ڕووسی) یە، بە نرخی (٢٤٠٠٠) هەزار دۆلار فرۆشرا. ئەم نرخە بەرزەش، نەک بۆ ساوایەکی شیرخۆری شێوەکار، بەڵکو بۆ وێنەکێشێکی گەورەی پیشەییش پارەیەکی کەم نەبوو.

ئالیتا ئاندرا، لە تەمەنی (٤) ساڵیدا، لە (٤ بۆ ٢٥/ یۆنیۆ/ ٢٠١١) لە پێشانگای (گەلەری ئاگورا) لە مێلبۆرن لە ئوستراڵیا، پێشانگایەکی کەسێتی کردەوە، لەژێر ناوی (پەرجوی ڕەنگەکان) کە (٢٤) لە تابلۆکانی نمایشکرد، هەموویان بۆ فرۆشتن بوون. نرخیان لە (٥ بۆ ١٠) هەزار دۆلار بوون. (٩) لە تابلۆکانی بە زیاتر لە (٥٠) هەزار دۆلار فرۆشران. چەندین دیمانەی تەلەفزیۆنی ورۆژنامەییان لەگەڵیدا کرد. هێندەی تر ناوبانگی



دەرکرد. ئالیتا ئاندرا، بوو بە مایەی شانازی بۆ ئوستralیا و بۆ خێزانەکەی. بوو بە بچووکترین هونەرمەندی شێوەکاری جیهانی. تا ئێستاش لەسەر داخوازی چەندین لە شارە گەورەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیا و ئەمریکا و رووسیا و چین، وەکو مێلبۆرن، هۆنگ کونگ، نیویۆرک، مەیامی، لەندەن، مۆسکۆ، پترسبۆرگ و چەندین شاری تریش. پێشانگای نمایشکردنیان بۆ تابلۆکانی کردەوە. ژمارەیەک زۆر لە تابلۆکانی فرۆشران، تا ئێستا گرانترین تابلۆی بە (٧٥) هەزار دۆلار فرۆشراوە.

ئالیتا ئاندرا، هەر لە تەمەنی (٤) سالاندا. لە رۆژی (٦بۆ ٩/ دیسەمبەر/ ٢٠١١) لە نیویۆرک و لە (میامی بیتش) لە ئەمریکا. لە پێشانگای (ئارت بازل)، کە یەکێکە لە باناوبانگترین پێشانگای ساڵانە لە جیهاندا، بۆ نمایشکردنی هونەری منداڵان، کە زیاتر لە (٤٥٠) هونەرمەندی منداڵان و شێوەکارانی پسپۆری شێوەکاری منداڵان و چەندین کەس لە رەخنەگران ئامادەبوون. ئالیتای ئوسترالی، گەشترین ئەستێرەی منداڵانی شێوەکاری ئەو پێشانگایە بوو. لە لایەن رەخنەگران و هونەرمەندان و میدیاکانی ئەمریکا وە، ناسناوی (منداڵە بلیمەتەکە) کەیان لێنا.

ئالیتا ئاندرا، لە تەمەنی ( ٥ ) ساڵاندا، لە رۆژی ( ١٢ / یۆنیۆ/ ٢٠١٢ ) دا. لە پێشانگای هۆڵی (گەلەری ئاگورا ) لە مێلبۆرن لە ئوسترالیا، لەژێر ناوی (نهێنی گەردوون) دا، پێشانگای دووەمی خۆی کردەوە.

ئالیتا ئاندرا، لە ئێستادا تەمەنی (١٥) ساڵە. تا ئێستا لە زیاتر لە (٢٥) پێشانگای نێودەوڵەتی جیهانیدا، بە تابلۆ رەنگینەکانی بەشداریکردووە و باشترین ئەنجامی بەدەستهێناوە و خەڵاتی رێزلێنانیان پێشکەشکردووە. زۆربەی تابلۆکانی فرۆشراون. گەرچی ئالیتا بە فرۆشتن و بە دوورکەوتنەوەی تابلۆکانی خەمگین دەبوو، چونکە بە پارچەیەک لە رۆح و جەستەی خۆی دەزانی.

ئالیتا ئاندرا لە تەمەنێکی زۆر بچووک و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، بەهرەی هونەریی گەشایەوە، توانی پێگەیەکی شایستەی جیهانی بەدەستبهێنێت و ببێت بە ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی هونەری نیگارکێشی جیهانی و ببێت بە یەکێک لە بلیمەتەکانی جیهان.

بەشێکی زۆر لە تابلۆکانی خراونەتە مۆزەخانە هونەرییەکانی شارەکانی جیهانەوە.

ئالیتا هێشتاش منداڵە و لە سەرەتای ژیانی دایە.



درێژە بە داهێنان دەدات. چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت، کە داهاتوویەکی گەشتری ببێت.. ببێت بە کەڵە هونەرمەندێکی جیهانیی، ببێت بە (پابلۆ پیکاسۆ و لیۆنارد داڤنشی و جاکسون بولۆک) یکی تر.

نیکا کلاشینکۆڤا لە بارەی ئالیتای کچیانەوە دەڵێت:" ئەو بە وێنە گوزارشت لە قسەکانی دەکات، ئالیتا بە وێنەکێشان گوزارشت لە ناخ و لە خەیاڵ و هیوا و خەونەکانی دەکات. هەندێکجار دەنگی تێکەڵ بە تابلۆکانی دەکا و لەگەڵ وێنەکێشاندا گۆرانی دەڵێت،ئالیتا زۆر جار بە دیار تابلۆکانیەوە سەما دەکا، کەمانجە یا پیانۆ لێدەدات، بە دەوریاندا دەسوڕێتەوە و چەپڵە لێدەدا، هەروەکو ئەوەی کە لەگەڵ خۆشەویسترین هاوڕێی دابێ. زوو هەستم بەوە کرد کە ئالیتا لە منداڵانی هاوتەمەنی خۆی جیاوازتر و بیرتیژتر و خەیاڵ فراوانتر و بەهرەمەنترە.. شێوازیشی لە وێنەکێشاندا جیاوازترە لە شێوازی منداڵانی تر".

ئالیتا ئاندرا، هونەرمەندێکی سوریالیی داهێنەرە، تابلۆکانی سیمبولین و گوزارشتن لە هونەری ئابستراکتیفی، بە تەواویش بە ئاراستەیەکی تازەی دوور لە چاولێکەریی و لە دووبارەکردنەوەی کلێشەی باوی سەردەم تێپەڕیوە.

ئالیتا ئاندرا، بە زۆری بۆیەی ئەکریلیک (جۆرە بۆیەیەکە کە زوو وشک دەبێتەوە) لەسەر قوماشی سپی رووبەر گەورەدا دەکێشێت. لە زۆر لە تابلۆکانیدا، شتی سێ لایی بۆ زیاد کردوون، وەکو: دیناسۆر و بۆق و پەپوولە و پەنگینی پلاستیکی و موروو و گەڵا و توێکڵ و ریشاڵ و چیلکەی دار و کەوچک و کەمانجە و فرشە و پێڵاو و پەڕی باڵندە و گەلێک شتی تری تێکەڵ بە بۆیەی سەر تابلۆکانی کردوون. ئەم شتانە رەهەند و قووڵاییەکی زیاتریان بە تابلۆکانی بەخشیون و چێژ و کاریگەرییەکی زیاتریشییان لەسەر خەڵکی هەیە. ئالیتا زۆر بە وردی و بە دیقەت و بایەخەوە تابلۆکانی دەکێشێت. زیاتریش رەنگە گەشەکان بەکاردەهێنێ. هونەری شێوەکاری، بوونە بە گرووپی خوێنی ئالیتا و بەبێ وێنەکێشان هەڵناکات. تابلۆکانی وزەن بۆ گیانی و پەنجەرەیەکن بۆ ئەقڵ و هزری داهێنانی، مایەی شادی و کامەرانین بۆی. چێژ و خۆشی و هیوا و گەشبینیش بە تەماشاکەرانی دەبەخشن.

رەخنەگرانی شێوەکار، شێوازی هونەری وێنەکێشانی ئالیتا ئاندرا، لە لیستی هونەری ئابستراکتیفی (تەجریدی) ریزبەند دەکەن. بە هەرێیەکە لە کەڵە هونەرمەندە شێوەکارە داهێنەر و بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەم، جاکسۆن بولۆک و سلڤادۆر دالی و پابلۆ پیکاسۆ بەراوردیان کردووە.

من تەنیا وەک نووسەر و هەوادارێکی هونەری شێوەکاریی، لە تابلۆکانی ئالیتا ئاندرام روانی و کەمێک تێگەیشتن و لێکدانەوەم بۆیان هەیە. تەنیا ئەو کەسە هونەرمەند و رۆشنبیرییە هونەرییانە و رەخنەگرانە دەتوانن لە تابلۆ سوریالی و سیمبولییەکانی ئالیتا ئاندرا تێبگەن و تا رادەیەک ناخی بخوێننەوە و بەوردیی رەنگەکان و هێڵکارییەکانی تابلۆکانی لە هەموو روویەکەوە لێیان تێبگەن و بە جوانی لێکیان بدەنەوە و واتا و مەبەستەکانیان شیبکەنەوە، کە باکگراوندێکی رۆشنبیریی هونەرییان هەیە و بەڵەدن لە شێواز و رێباز و لە قوتابخانە هونەرییەکانی هونەری شێوەکاری. چونکە تابلۆکانی سوریالی و سیمبولین و هەموو کەسێک بە ئاسانی لێیان تێناگات. هەر رەنگێک لە رەنگەکانی، هەر هێڵێک لەهێڵەکانی تابلۆکانی ئالیتا واتای سیمبولی خۆیان هەیە. دەربڕینی هزر و بیر و زادەی خەیاڵ و داهێنانی ئالیتای هونەرمەندی نوێخوازن.

شایەنی باسیشە، بێجگە لە وێنەکێشان، ئالیتا ئاندرا، چەند ئارەزوویەکی تریشی هەیە، لەوانەش: کەمانجەژەنین و پیانۆ لێدان، گۆرانی، سەمای بالیایەش دەکات و گرنگیش بە فیزیکی تیۆری و زانیارییە گەردوونییەکان دەدات.

ئالیتا دەڵێت:" کەمانجە تەنیا ئامێرە کە دەکرێ، تووڕەبێت، شادبێت، خەمگین بێت".



Kurdistan Journalist's Syndicate

# سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

## تۆماری یاسایی

| ژمارە | ڕێکەوت |
| --- | --- |
| 970 | 11/1/2023 |

بەپێی بڕگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای ڕۆژنامەگەریی لەکوردستان، ژمارە (35)ی ساڵی 2007 ، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری ( گوڵچن ) وەرزییەو خاوەن ئیمتیازی ( هەڵوێست نریمان رحمان ) و سەرنووسەرەکەی ( هەڵمەت هوشیار کریم )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەژمارە متمانەی ( 970 )تۆمارکرا.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

# Gulchn

No. (3) Winter 2023
periodical magazine of general culture



پەیکەری خانزادی میری سۆران - بەرزی ١١٠ سم پانی ٨٠ سم - کاری هونەرمەند: فاتح بابا کریم

ئەم ژمارەیە لەسەرئەرکی کۆمەڵەی
هونەرەجوانەکانی کورد/لقی چەمچەماڵ چاپکراوە